# ئێوارەی چاوەڕوانی

نۆڤلێت

# ئێوارەی چاوەڕوانی

شوکر سلێمان

MUKIRYANI

٢٠١٤

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# ● ئێوارەی چاوەڕوانی

# ● نۆڤلێت

● شوکر سلێمان

● نەخشەسازیی ناوەوە: رێدار جەعفەر

● بەرگ: رێمان

● نرخ: (٢٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم: ٢٠١٤

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)

● لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٥) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

زنجیرەی کتێب (٨٣٠)

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# لە جیاتی پێشەکی

## سەرقەڵەمێك

### بۆ تێگەیشتن لە تەواوی رووداوەکانی ئەم رۆمانە

کارکردن لەنێو رۆماندا، کارکردنێکە زۆر جیاوازە لەو کارکردنانەی لە هەر بوارێك و ژانرێکی دیکەی ئەدەبی دەکرێت، ئەمەش بۆ خودی ئەو فەنتازیایەی رۆمان دەگەڕێتەوە کە لە شێواز و تەکنیك و خودی ئەو بوارە زۆر تایبەتیەی کە رۆمان پێویستییەتی، میلان کۆندێرا قسەیەکی جوانی لەبارەی رۆمانەوە هەیە دەبێژێت: ئەوەی لەنێو خودی رۆمان دەگوترێ و ئەوەی بە رۆمان دەگوترێ، باوەڕ ناکەم هیچ شتێك توانی ئەو شێوە گوتنەی هەبێت.

دیارە چۆنییەتی رۆڵ دابەشکردن و شێوازی ئەو گێڕانەوەیەی لەنێو رۆماندا پێڕەو دەکرێ لێزانی و سەلیقە و هونەرکارییەکی زۆر کارای دەوێ، بۆیە رۆماننووسی بە سەلیقە لەنێو رۆماندا هەر قسە گێڕەرەوە نییە، هەر حیکایەت خوان نییە، هەر پاڵەوانیش نییە، بگرە لەیەك کاتدا هەموو ئەمانەیەو هەروەها کەسێکیشە دەبێ بەزمانێکی زۆر پاراو تەواوی مەبەستەکانی خۆی بخاتە دووتۆی ئەو رۆڵانەوە کە لەخودی رۆمانەکەدا بەرجەستە دەبێت.

خوێنەری بەڕێز: ئەم تێکستەی بەردەستیشت هەوڵێکە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی لە دەقەکەدا خراوەتە روو، مەرجیش نییە تەواوی ئەو رووداوو بەسەرهاتانەی لەنێو ئەو رۆمانەدا دەیخوێنیتەوە دەقاو دەق لە بویەری ژیانی رۆژانەدا روویاندابێت، بگرە هەندێکیان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ شێوە گێڕانەوەیەك کە نەشئەو خۆشییەك و، هەروەها جۆرێك لە هەڵوێست و تێڕوانین لای خوێنەر دروست دەکات K کاری بۆ کراوە، ئەمەش لێرەوە هاتووە کە رۆماننووس نابێت تەنیا کار لەسە رووداو یان گێڕانەوەی سەرد بکات و، رووداوی نێو کۆمەڵگەکەی دەقاو دەق بگوازێتەوە، بگرە لەنێو رۆماندا هەندێ جار هەڵگێڕانەوە یان بەیەکەوە بەستنی رووداوەکان و چۆنیەتی دروستکردنی دنیایەکی دیکە لە رامان و قووڵبوونەوە هەیە کە ئەمەی دواییان زیاتر خوێنەر بە دنیای رۆچوون و بیرکردنەوەدا دەباتە خوارەوە، واتە ئەو کارکردنەی لەنێو رۆماندا دەکرێت کارکردنێکە لەنێو زمان و فەنتازیای ئەدەبدا، ئەدەبیش بەهەموو شێوەکانیەوە، هەر ئەمەش جیاوازی نێوان ئەدەب و لایەنەکانی دیکەی رۆشنبیری بەدیار دەخات، واتە کاتێ ئێمە رۆمانێك دەخوێنینەوە، هەر تەنیا خودی ژانری رۆمان لەنێو دەقەکەدا بەرجەستە ناکەین، بگرە تەواوی ئەو ژانرانەش بەرجەستە دەکەین کە هەیە، بە دیوێکی دیکە واتە کە تێکستی رۆمانێك دەخوێنینەوە ئەوە شیعرو چیرۆك و پەخشان دەخوێنینەوە، لەگەڵ ئەوەی دەکرێ لایەنەکانی دیکەی رۆشنبیریش بگرێتەوە، بە زانستەکانی وەك کۆمەڵزانی و دەروونزانی و مێژوو.. هتد، بۆیە لێرەدا دەبینین ئەرکی رۆمان قورس دەکەوێتەوە.

ئەوەی لەم رۆمانەدا بەرجەستەکراوە وەك دەقێکی ئەدەبی زیاتر بۆ ئەوە بووە کە بەپێی توانا خوێنەر بهێنێتە سەر ئاستی رامان و بیرکردنەوە لە رابردووییەك کە بەشێکە لە رابردوو و مێژووی ئەو میللەتە، ئەمەش بەهیوای زیاتر رۆچوون و قووڵبوونەوەبووە لە داهاتوویەك کە خودی چارەنووس و ئایندەی هەمووومانی پێوە

بەندە، ئەمەش واتای دەقاو دەقی ئەوە نییە، کە ئەمە نەخشەو پلان و پرۆژەیەك بێت بۆ کارکردن، بگرە زیاتر قوولکردنەوەی بیری خوێنەرە لەوەی کە ئەو کاتێ لە رابردوو دەڕوانێ چۆن دەتوانێ کار بۆ ئایندە بکات، کە تەواوی ژیان و واتا خودی و بابەتیەکانی ئەو لە دووتۆی خۆی هەڵدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی رۆمان ئەوەیە خوێنەر بخاتە حاڵەتی پرسیارەوە، چونکە هەر رۆمانێك یاخود هەر تێکستێك لە خوێندنەوەیدا نەیتوانی پرسیار لای خوێنەر دروست بکات، بێگومان ئەم تێکستە توانای هاتنەئارای رەخنەشی نییە.

ئەم رۆمانە لەسەر زاری کچێکەوە دەگێڕدرێتەوە کە ناوی ناسکە، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری تاکو خوێنەر هەست بکات لەنێو دەقێکی کراوەدا یاری دەکات، لەگەڵ تەواوی ئەو رووداوانەی پەیوەستکراوە بە خودی کارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکەوە، لەم رۆمانەشدا پاڵەوان وەك پاڵەوان کاری بۆ نەکراوە، ئەمەش لەو روانگەیەوەیە کە ناکرێ ئێمە هەمیشە بیر لە پاڵەوانی سەرکەوتوو بکەینەوە، چونکە رۆژانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەسەرچوو، ئەمە جۆرێك لە بیکردنەوەی ئەدەبی بەرگری بوو، ئەمەش زیاتر بۆ خودی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە دەگەڕایەوە کە ئەدەبی سۆسیالیستی دروستی کردبوو تا رادەیەکی زۆریش لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیماندا باوی هەبوو، بەڵام لەمڕۆدا ناکرێ بەو شێوەیە بیربکەینەوە، چونکە کاتێ ئێمە بمانەوێ بە یەکێك لە ژانرەکانی ئەدەبی، قسەی خۆمان، یان دەردو کێشەو مەینەتیەکانی خۆمان بەیان بکەین، ئەوا دەبێ بیر لەوە نەکەینەوە کە هەمیشە شتەباشەکان بڵێین و ئەوەی دیکە پەردەپۆش بکەین، بگرە لۆژیك لەوەدایە ئێمە چۆن و بەچ شێوازێك ئەو جۆرە دەردو مەینەتیانە بەیان بکەین.

ناسك، ئەو کچەی هەر لە تەمەنی گەنجیەتیدا لە سەرەتادا تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و دواجار ئەو نەخۆشیە کار لە قاچەکانی دەکات و تووشی

ئیفلیجی دەکات. ئەو ئێواریەی ناسك هەست دەکات جەستەی نیازی سەفەری هەیە، یاخود هەر خۆی واهەست دەکات خەیاڵەکانی باڵدەگرن بۆ سەفەرێکی دوور، داوا لە پوورە فاتم دەکات، خۆی بشوات.

پوورە فاتم: ئەو پیرەژنەی باوکی ناسك بەکرێی گرتووە بۆ خزمەتکردن و چۆنیەتی دابینکردنی پێداویستیەکانی ناسك.

باوکی ناسك: پیاوێکی دەوڵەمەندو سەرمایەدارە، ئەوەی لای ئەو نرخی نییە، مرۆڤە، بە تایبەتیش ژن، ئەوەی زۆر حسابیشی بۆ دەکات بەرژەوەندی و چۆنیەتی پارەپەیداکردنە.

ئەوەی لەم رۆمانەدا باگراوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کراوە، هاورێیە، ئەو هاورێیەی هەر لە تەمەنێکی زووەوە خولیای بوونە پێشمەرگەو دواتر بووەتە یەکێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگەو جێگەی باوەڕی دۆست و لایەنگرانی بووە، بەڵام دواجار هاورێ دەبێتە مرۆڤێکی دیکەو بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بیردەکاتەوە، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر نهێنی لای هاورێ دەمێنێتەوە، چۆینەتی باوەڕنەمانی ئەوە بەو ژیانەی ئەو لە پێشمەرگایەتیدا گوزەراندوویەتی، ئەمەش تاکە نهێنی هاورێیە کە دواجار لای ناسك بە هەندێ ئاماژەی زۆر تایبەتی دەی درکێنێ.

ئەوەی لەم رۆمانەشدا وەك رووداو گێڕدراوەتەوە، تەواوی رووداوەکان لە واقیعەوە زۆر نێزیکن، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێك لەو رووداوانە تێکەڵ بە خەیاڵێکی ئەدەبی کراون و خراونەتە سەر کاغەز، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تاکو خوێنەر ئەو رووداوانە وەك حەکایەت یان دەقاو دەقی مێژوویی نەخوێنێتەوە، بگرە ئەو شێوازە هونەرکارییەی لەم نووسینەدا پەیڕەوکراوە، بتوانێ خوێنەر بەرەو دنیایەکی جوانتر ببات و سەفەری ئەفسووناوی پێبکات، دیارە ئەرکی رۆمانیش ئەوەیە خوێنەر بباتە دینایەکی دیکە لە تێڕوانین و بیرکردنەوەو خەیاڵکردن بەدەم

ئەندێشەیەك كە جیاواز بێت لەوجۆرە ئەندێشانەی پێش خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە هەیبووە.

ئەم ڕۆمانە یەك تاكە مەبەستی زۆر نائاشكرای هەبووە، كە ویستوویەتی لە دووتۆی كارەكتەر و كەسایەتیی هاوڕێ لە لایەك و ناسك وەك خۆشەویست و هاوڕێی ئامۆزاكەی بخاتە ڕوو، ئەمەش لێرەوە دەردەكەوێت كە هاوڕێ دوای ئەوەندە ساڵە لە پێشمەرگایەتی و دواجار دیارنەمانی، هەندێ نهێنی بەدیار دەكەوێت، بەڵام ئەوەی زۆرتر هەڵوەستەی لەسەر دەكات چۆنییەتی قەناعەت و باوەڕی ئامۆزاكەیەتی لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو وەك بەشێك لە بزاڤی ئەو ڕۆژانەی سەروەریەك بووە بۆ مێژووی نەتەوەیەك، كە ڕەنگە لە هەندێ دۆخدا پەردە لەسەر هەندێك لەو ڕووداوو كارەساتانە هەڵبدرێتەوە جۆرێك لە پەشیمانی و ساردبوونەوە یان هەندێ دۆخ باس بكرێت ببێتە جۆرێك لە نەنگی بۆ ئەو ڕۆژانەی كە چۆن شتی وا لە ئارادابووە و ئێمە پێمان نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانینی ئەم ڕووداوانە نەنگیەك نییە، بگرە باسنەكردن و نەخوێندنەوەی وەك لایەنێكی ڕەخنەیی نەنگییەكی گەورەیە.

لە لایەكی دیكە ئەو ڕۆمانە ویستوویەتی هەندێ دیاردە و ڕووداوی ڕۆژانە بخاتە نێو باسەكانی خۆیەوە، ئەمەش بەو مەبەستە بووە كە هەندێ جار ئێمە زۆر سەرەڕۆیانە بیر لە هەندێ دیاردەی كۆمەڵایەتی نێو كۆمەڵگەكەمان دەكەینەوە، پێمان وایە ئەو دیاردانە تەنیا هۆكاری مادی یان سیاسی لە پشتەوەیە، بگرە بەپێچەوانەوە زۆرجار هۆكاری دەروونی گرینگترین و كاریگەرترین هۆكاری سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەو دیاردەیە دەبێت كە زۆربەی گەنج و لاوەكانمان پێیەوە گرفتار دەبن، ئەمەش وەنەبێ دوان و باسكردن و خستنەڕووی ئەو دیاردانە لایەنی زانستییەتی ئەو دیاردانە بێت، نەخێر تەنیا خستنەڕووی دیاردەكەیە و بەس، چونكە ئەمە ئەركی ڕۆمان نییە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی

زانستييانەی ئەم دیاردانەوە بێت، بگرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە چۆن قسە لەو دیاردانە بکەین و چۆن تەوزیفیان بکەین لەنێو رۆمان یاخۆ چیرۆکدا.

بەهەر حاڵ هیوادارم لەم تێکستەدا شتێکم گوتبێ شایەنی باس بێت و چاوەڕێی خوێندنەوە و رەخنەی ئێوەم، دڵنیام هەر شتێك خوێنەران بیڵێن لە خزمەت ئەم دەقە و دواجار من دەبێت، جا ئەو گوتنە بەهەر شێوەیەك و بەهەر جۆرێك بێت.

**شوكر سلێمان**

**هەولێر كوردستان**

**كۆتایی بەهاری ٢٠٠٦**

# بەشی یەکەم

وەکو ئەوەی شتێك لە ناخەوە بموروژێنێ، وەکو ئەوەی هەست بکەم ئەمڕۆ سەفەرم هەیە، بەپوورە فاتمە گوت حەزم لێیە ئەم ئێوارەیە خۆم بشۆم، چاوم دەگێڕا و لەسەر هیچ شتێکی ئەم ژوورەدا چاوم نەدەگیرسایەوە، یەکەم ئێوارەیە لە ژیانمدا هەست بکەم بێ ئۆقرەم، نائارامم، شتێك دنەی دەروونم دەدات و نازانم چییە، یەکەم ئێوارەیە دیمەنی ئەو گۆڕستانەی دواجار تەلیسمی لێ کردم، لە هزر و ئەندێشەم دەرنەچێت، چاو دەکەمە هەر گۆشەیەکی ئەم ژوورە، یادگاری ڕۆژانێکم دێنێتەوە یاد کە نازانم ئەم هەموو ڕووداوە چۆن هاتن و چۆن چوون، هەر ئەم نائارامییە چاوم هەڵدەفڕێنێ و بۆ ڕۆژانێك دەمباتەوە کە نە لە بیرم دەچێتەوە، نە بۆ ساتێکیش ئەندێشەکانم چۆڵ دەکەن، ئەمە چییە خودایە، ئەم ئێوارەیە بۆ ئەوەندە ناخم مشتە لە ئەندێشەو، چاوم هاوسۆزی هەڵفڕینە، ڕوودەکەمە هەر سوچێکی ئەم ژوورە یادگارییەك، ڕوداوێك، ئەندێشەیەك باڵم پێ دەگرێ و، دەمباتەوە ڕۆژانێك کە هەرگیز چاوەڕێی ئەو داهاتووەم لێ نەدەکرد، ئا ئەو پەنجەرەیە، کە ئێستە ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە ئەو گۆڕستانە، ئەو گۆڕستانەی کێلەکانی هەزار بەهەزارەو کەسنازانی ژمارەیان چەندە، هەر ئەو گۆڕستانە بووە

سەرەتای ئەو چارەنووسەی ئێستە منی بەو رۆژە گەیاندووە.

پاش ئەوەی دەرکەوت چارەسەرکردنم زەحمەتە، لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەوەمان ئەو ژوورەیان کردە جێنزرگەی هەمیشەییم، ئەو ژوورەی هەموو تەمەنی هەرزەکاری و هەموو رۆژانی تاڵی و شیرینی ئەو ساتانەی بەدەم خەمێکەوە، یاخود خەندەی ئەو رۆژانەی بەدەم خۆشییەکەوە پێم نەدەگەیشتە عەردی، گرتووەتەخۆ، ئەو ژوورەی چەندین نهێنی منی لە باوەش گرتووە و لەگەڵ نهێنییەکانی مندا زۆر گەورە بووە، دواجار هەر ئەم ژوورە بەم تەلیسمەی گەیاندم و، چارەنووسی منی بەم رۆژە گەیاند.

وا دەزانم دوێنێیە، ئەو رۆژەی هەستم کرد حەزم لە تەنیاییە، ئەو رۆژەی بریسکانەوەی چاوم لەبەردەم ئاوێنە بزواندمی، حەزم کرد بەتەنیا لە ژوورێکدا لە خۆم رامێنم و بیربکەمەوە، بەدایکمم گوت حەز دەکەم لە سەرەوە ژوورێك بۆ خۆم ئاوەدان بکەمەوە، بۆ بەیانییەکەی چی کەلوپەلی پێویست هەبوو باوکم بۆی کڕیم، ئیتر لەو رۆژەوە ئەو ژوورە بەدەم نهێنییەکانی منەوە گەورە بوو، ئەو دەمانە هەمیشە شتێك لە ناخەوە ختۆکەی دەدام، هێزێك لە پشتەوە دەیخرۆشاندم و دەیجۆشاندم، تریقانەوەم نەشئەیەکی گەورەی بەناخم دەبەخشی، لە چوون و هاتنەوەشم لە قوتابخانە چاوم بۆ ئەو دەوروبەرە رادەدێرا، نەمدەتوانی چاو بنیشێنمە سەر شتێکی دیاریکراو، لە هەڵبەزودابەزی سۆمای چاووم شەکەت نەدەبووم، رۆژ لە دوای رۆژ و سات لە دوای سات، ئارەزووەکانم هەڵدەهاتن و، هەر دەمەی حەزم لە شتێك دەکردو، خولیام بەشتێکەوە دەگرت، سەردەمێك خدووم بەکۆکردنەوەی پوول و دوایی وێنە و ئینجا پەڕاوی یادگاری و کۆکردنەوەی وێنەی هاوڕێ و دۆست و ناسیاو و، دوایش خوولیایەکی گەورەم کەوتە سەر خوێندنەوە و نووسینی شیعر، لە هەموو ئەو نامانەی بۆ دۆست و هاوڕێکانم نووسیوە، سەرەتا و کۆتایی نامەکەم بەشیعر بووە، ئێستەشی لەگەڵ دابێ

بەزیکری سۆزێکی شیعر،حاڵێك دەمگرێ و، ساردبوونەوەوم زەحمەتە، زۆر شەویش لە رۆچوونی تەنیایی خۆمدا، کتێبەکانی قوتابخانەم تووڕ هەڵدەداو، بەدەم نووسینی پارچە شیعرێکەوە یان پەخشانێکەوە سەرم دەخستە سەر سەرین، هەندێ شەویش تاسبردنەوەم بەدەم ئەو هەموو دەرس و دەور و نووسین و تاقیکردنەوانەی قوتابخانەوە، کەللەیی دەبووم و، هەستم دەکرد مێشکم کاس بووە، هەر خۆم دەمگوت رەنگە لە بەیانی ئەو خوێندنەدا خۆرێکی زێڕینم لێ دەرکەوێ، بەڵام کە لە پۆلدا لەگەڵ مامۆستا تێکەڵ بەدەرس و دەور دەبووین، خۆری ئەم ئاسۆیەم تەڵخ دەبووەوە و دەکوژایەوە، چونکە لە وەڵامنەدانەوەی هەر پرسیارێکی مامۆستادا کە عاسێ دەبووین و دەوەستاین بەدەم زەحمەتی وەڵامی پرسیاری مامۆستا، پرتەوبۆڵەی مامۆستا دەستی پێدەکردو، هاواری بەسەرمانەوە دەچووە کەشکەڵانی فەلەك، قسە ناخۆشەکانی مامۆستا لەم کاتەدا هەموومانی بچووك دەکردەوە، هەموومان هەستمان بەشەرمەزاری دەکردو خەجاڵەتی دەکردین، هەر کاتێکیش چاومان بەچاوی ئەو مامۆستایە دەکەوتەوە، رقێك لە ناخەوە دنەی دەداین و، گیانی تۆڵەسەندنەوەی لە لا دەروانـدین، زۆربەشمان حەزمان دەکرد خوێندن تەواو بکەین و، رۆژێ لە رۆژان ئەو ساتانەی دادێ، بەدەم ئارەزووەکانمانەوە بتوانین خەونە زراڤەکانی ئەو دەمای هەرزەکاری خۆمان بهێنینە دی، یان هەندێ جار بەدەم ئەو بوغز و کینەی مامۆستاوە، حەزمان دەکرد ببین بەمامۆستا، بۆ ئەوەی کرمی ئەو تۆڵەیە دامرکێنین کە ئەو جۆرە مامۆستایانە لە ناخماندا موتوربەیان دەکرد، هەر ئەو دوورەپەرێزیەی پێوەندییەکانی مامۆستاش بوو، وای لە زۆربەمان کرد بوو، وا لە مامۆستا تێبگەین کە مامۆستا خۆی نهێنییەکی گەورەیە و، دەبێ مامۆستا ژیانێکی زۆر تایبەتی هەبێ، هەموومان لەو ماوە کەمەی کە مامۆستا قسەی خۆشی بۆ دەکردین حەزمان دەکرد ئاشنای مامۆستا بین، بەڵام خۆ بەدوور گرتنی مامۆستا، جوێنە ناشیرینەکانی مامۆستا

لە کاتی تووڕە بوونیدا، ئەو حەزەی لـە لامانـدا دەکوشـت و، وای لـێ دەکـردین مامۆستا بەپۆلیس بزانین، هەمیشە بەترسەوە لە بەردەمیـدا دەوەسـتاین نـەوەکا مامۆستا شتێکمان لێ ببینێ و، پێمان بڵێ بـەخواری پێتـان دانـاوە، هـەر ئـەو ترسەی مامۆستاش بوو وای لـە زۆرینـەمان کـرد حـەز بـە خوێنـدن نەکـەین و، خوێندن بەجێ بهێڵین، من شەخسی خۆم تەنیا بۆ چـوونە دەرەوە و، روانـین بـەدەم چوونە قوتابخانەوە، خولیای ئەوەم مابوو، کە قوتابخانە جێ نەهێڵم، تەنیا هەوەسی چوونە دەرەوە منی بەقوتابخانەوە گرێدا بوو، دەنا هیچ پێوەندییەك لەنێوان مـن و قوتابخانەدا نەمابوو، باوکیشم کە دەیدی سێوەکانی سـەر سـینگم گـەورە بـووە و لەشولارم هەست بزوێن بووە، یەك دوو جار چرپاندبوویە گوێی دایکم کە قوتابخانە بەجێ بهێڵم، بەڵام دایکم گوتبووی با خوێندنەکەی تەواو بکات باشترە، منیش بۆ هەندێ نەشئەی ئەو هەوایەی لە چوونە دەرەوەمدا بەبۆنـەی قوتابخانـەوە وای لـێ کرد بووم قوتابخانە بەجێ نەهێڵم، دواجار رۆژێکیان شەقێکم لە جانتاکەم هەڵـدا، ئیتر ببڕای ببڕ چاوم بە قوتابخانە نەکەوتەوە، هەرچەند هاوڕێیەتیشم لەگەڵ ئـەڤین، ئەوەندەی دیکە حەز و خۆشەویستی قوتابخانەی لا گەورە کردبووم، کاتی دەوامـی قوتابخانەی بەڕادەیەك بۆ کورت کردبوومەوە، کە خۆشم نەمدەزانی چۆن کات دێت و دەڕوات، بەڵام ئەو رۆژەی پەڕتووکەکانی قوتابخانەم تووڕ هەڵدا، وامزانی لەکۆڵ مەینەتیەکی زۆر گەورە بوومەتەوە، هەرچەند هاوڕێکانم هاتن و گوتیان حـەزمان لێیە خوێندنەکەت تەواو بکەیت و لەگەڵ ئێمـەدا بمێنیتـەوە، بەتایبـەتی ئـەڤینی هاوڕێم کە هەرگیز لێی تێرنەدەبووم لـە قوتابخانـەدا، خـوا خـوای ئـەوەمان بـوو پشوویەك هەبێ و باسی ئەو دنیایە بکەین کە ئێمەی مێ، ئێمەی بـەناو زەعیفـە نازانین چی تێدایـە، ئـەو دەوروبـەرەی تێیـدا هەسـت بـەنامۆیی دەکـەین، ئـەو مەملەکەتەی کە ناوی پیاوە، بەناو هێنانیشی تاس دەمـانگرێ و، سەرسـوڕمانی ئەوەدەبین کە دەبێ پیاوبوون چ حکیمەتێك بێو، ئێمە لێی بێبەشـین، کـە دەڵـێین

پیاو، موچڕکێك بەهەموو لەشماندا دێت و، نهێنییەکی دیکـە دەخاتـە سـەر ئـەو نهێنییانەی تا ئێستە بەسەدان پرسیاری لا دروست کردووین..!

ئەڤین لەچاو ئێمە چاو کراوەتر بوو، ئەوەندە قسە لـە روو بـوو، هەنـدێ جـار سلّمان لە قسەکانی دەکردەوە، باسی ئەو بەسەرهاتانەی دەکرد کە چۆن کوڕێك لە رێگەی قوتابخانە توانجی لێداوە و، ئەویش بەچ شێوەیەك کردوویەتیـە پـەڕۆی بـێ نوێژ، ئەڤین جار جارە نامەی ئەو کوڕەی پێوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ هەبوو، لە گیرفانی دەردەهێنا و بۆی دەخوێندمەوە، من ختۆکەم دەهـاتێ و چـاوم بـەدەم ئەم حەزەوە باڵی دەگرت، ئێرەییم بەئەڤین دەبرد و، لە دڵی خۆمدا دەمگوت چەند خۆشە منیش حەزم لە کوڕێك بێت، هەر ئەو دەمە بڕیـارم دەدا کوڕێـك بـۆ خـۆم بدۆزمەوە، بەڵام لە چوون و هاتنەوەم بـۆ قوتابخانـە، لـە هـەموو ئـەو کوڕانـەی لەوسـەر تـا ئەوسـەری رێگـە و، بـەر دەرگـەی قوتابخانەکـەمان، چـاوم لـەوەوە دەگواستەوە سەر ئەوی دیکە، بەڵام بوێریی ئەوەم نەبوو یەکێکیان بکەمە میوانی دڵەکەم، رەنگە هەندێ جار لە ناخەوە حەزم دەکرد یەکێکیان بدوێنم، بەڵام توانـام نەبوو بەیانی و ئێوارەباشێك بکەمە سەرەتای پێوەندییەك کە پڕ بەدڵ حـەزم لێـی بوو، هەردەم مامۆستاکان لە پۆلدا رێنمایی ئەوەیان دەکردین کە گـوێ بەسـۆز و ئەندێشەمان نەدەین، چونکە لە هەر چرکەساتێکدا، کە دڵ میوانی بۆ پەیدا بـوو، ئیدی وانەکان دەکەونە پشت گوێ و خوێندنەکەمان لە کیس دەچێ، مامۆستا بـە زمانێك دەهاتە گۆ ئاگری لە دەم دەباری، هەموو دنیای لە بەردەمـدا دەکردینـە شتێکی بێ نرخ، بەدەم سەربردە و چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە ئەوسەری دنیای لـێ وێك دەهێنایەوە، بە دەنگێکی بەرز دەیگوت (لە پێناوی چەند رۆژێك تەمەن، لە پێناوی لەزەتی شەهوەتێکی هیچ، بۆ نەمرییەك لـە کـیس خـۆت دەدەیـت، کـە هەمووی لەزەتە، هەمووی خۆشی و رابواردنە، دوایی کچم تۆ قوتابی، بۆ خوێندن هاتووی، ئەگەر ساقیت بوویت، ئەو کوڕە دێ ناجیحت بکـات) ئـای کـە قسـەی

هەندێ مامۆستا ناخۆش و دڵشکێن بوو، ئێستەش قسە ناخۆش و لێدان و رووشکێنەکانی هەندێ لەو مامۆستایانەم لە بیر ناچێتەوە، هەموو جارێ دەمەوێ بیر لە هەندێ قسەی خۆشی ئەو مامۆستایانە بکەمەوە، بەدەگمەن نەبێ، دەنا قەت ئەو قسە خۆش و بەلەزەتانەم نایەتەوە یاد، بەلاّم لە یادکردنەوەی قسە ناخۆشەکاندا، هەموو ئەو قسە ناشیرین و چەپەلۆکانەم دێنەوە یاد، کە مامۆستا بە من یان بەهاورێکانمی گوتووە، ئەو قسە ناخۆشانە وای لێ دەکردم هەردەم هەست بەترس بکەم لەو چوار دیوارەی ناوی پۆلە، هەر ئەوەش وای لێ کرد بووم زۆر کەم بۆ وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی مامۆستا دەست هەڵبڕم، هەندێ جار تەواو وەلاّمی ئەو پرسیارەم زانیوە کە مامۆستا ئاراستەی کردووین، بەلاّم ترس و دوودڵی و دڵنیا نەبوون لە مامۆستا وای لێ کردووم بێ دەنگی بنوێنم، هەر ترس و توندوتیژی ئەو مامۆستایانەش بوو وای لێ کردم قوتابخانە بە زیندان و شوێنێکی پڕ لە ترس و بیم بزانم، ئەو دەمانەش کە شتێك لە قوتابخانە روویدەدا، بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو قوتابیانی قوتابخانەکەی کۆ دەکردەوە و بەدەنگێکی گڕ و ناخۆش، بەدەنگێك کە لە ترس و هەڕەشە بەولاوە هیچی دیکەی لێ بەدی نەدەکرا، هاواری دەکرد و دەیگوت (ئێوە تەنیا دار دەتوانێ رێتان پیشان بدات، ئەگەر دارتان لەسەر پشتی بێت، ئەوا ئێوەش غەڵەت ناکەن) هاواری دەکرد و نەڕەی دەگەیشتە ئەوسەری، سەدان شێر و رێوی دەهێنایەوە، لە کۆتایی هەموو ئەو هەڕەشەوگوڕەشانەشدا، دەبووایە چەپڵە بۆ قسەکانی لێبدەین و، سەری رەزامەندی بۆ دابنوێنین، هەر ئەم قسانە هەموومانی دەخستە دنیای بێدەنگی و هەموومان مات دەبووین، هەریەکەو لە خۆی رادەما، بیری لە خۆی دەکردەوە، هەر یەکێك لە ئێمە بەگومان بووین لەوەی کە ئیتر نەجووڵێینەوە و، وریا بین غەڵەت نەکەین، چونکە خۆدیتنەوە لە بەردەم چارەنووسێکی واداو، خوانەخواستە ئەگەر رۆژێك ئێمە کەوتینە بەردەم کارێکی وا، دەبێ بەڕێوەبەر چیمان لێبکات و

بەقسە ناشیرین و بێزەوەرەکانی چۆن بمانشواتەوە، هەر ئەمە مردنێکە بـۆ خـۆی، مـن هەمیشە ترسـم لـەوە بـوو، ئەگـەر رۆژێ لـە رۆژان رووبـەڕووی کـارێکی وا بوومەوە، دەبێ چیم بەسەر بـێ، چـونکە هەمیشـە ئەودەمانـەی بەڕێوەبـەر یـان جێگری بەڕێوەبەر ناوی ئەو قوتابیانەی دەخوێندەوە کە بە هۆی سەرکێشـەیەکەوە چەند پلەیەك لە رەوشتیان شکاوە، من دەمردم، لە ناخەوە هەستم دەکرد دەستێك خەریکی رووخانی خـانوو چـکۆڵەکانی ناوەوەمـە، دەسـتێك هەمیشـە لـە هـەر سەرکەوتن و چوونە پێشەوەیەکی منـدا، هەنـدێ لـەو حەزانـەم رەشـدەکاتەوە و، رێگەی گەیشتن بە ئاوات و حەزو ویستەکانم لێ تەسکتر دەکاتەوە، ئەو دەمانەش مامۆستایەك بانگی دەکردم و دوو قسەی خۆشی بۆ دەکردم، باڵام دەکـرد، چـەند پێم خۆش بوو کاتێ مامۆستا لێی دەپرسیم (ئەوە چیتە بـۆ وا ماتومـەلولی، بـۆ هیچ پرسیار ناکەی، لە دەرسەکان تێ دەگەی، خۆ نەخۆش نیت) وەڵامـی هـەموو پرسیارەکانم بەیەك وشە دەدایـەوە، یـان ئـا یـان نـا، هـەرگیز زارم لـە بەرانبـەر مامۆستا نەدەکرایەوە، ئای چەندم پێ خۆش بوو گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا بکـەم، بەڵام ترس و دوودڵی وای لێ کردبووم لە پۆلیشدا ئەگـەر تێشنەگەیشـتمایە، کـە مامۆستا چەندین جار دەیگوت کێ تێنەگەیشتییە یان کێ پرسیاری هەیە، بـەڵام من هـەرگیز دەسـتم هەڵنـەدەبڕی بـۆ پرسـیارێك، قـەت نەمـدەگوت مامۆسـتا تێنەگەیشتووم لە وانەکەت، ئاخر مامۆستا خەتای من نییـە، مـن وا راهێنـراوم تەنیا سەری رەزامەندی وەڵامم هـەبێ، تـەنیا لـە حـزوری پرسـیاردا بـۆم هەیـە ئامادەگی وەڵامم بە وشەیەك هەبێ، ئەویش ئا یان نا، دەنا لەوە بترازێ بۆم نییـە خولقێنەری پرسیار بم، بۆم نییە بپرسم، لە هەندێ وەڵامیشدا دەبێ رەچاوی حەز و ئارەزووی بەرامبەر بکەم.

سڵاو مامۆستا قسە خۆشەکان، گۆڕتان پڕ لە نوور بێت مامۆسـتایانی قسـە شەکر، ئێوەش ئەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی توڕەوتوند ناهەقتان ناگرم، چـونکە

ئێوه مامۆستا سەركەوتووەكانی قوتابخانەكەم بوون، ستایش تەنیا بۆ ئێوه بوو، تەنیا ئێوه لە نهێنی ئەو شتە دەگەیشتن كە ئێمەیان پێ بێدەنگ دەكرد، تۆش ئەی هاوڕێ دڵگیر و ئێسك سووكەكەی قوتابخانەم، ئەی ئەو كەسەی ئێستە نازانم لە چ كوچە و قوژبنێكدا كەوتوویت، نازانم ئارام و ئاسوودەی، یان تۆش وەكو من لە چاوەڕوانی مەرگا، دڵت مەستە بەخەم، پڕە لەو نائارامییەی لە ژیانتدا شتی وات بەخۆوە نەدیوە، یاخود دەمێكە چوویتە ئەو دنیا پڕ لە نهێنییەی لە چاوەڕوانی هەموومانداییە.. شیرین بوون شیرین ئەو ساتانەی لە فوڕسەیەكا قۆڵمان لە قۆڵی یەكتر هەڵدەكێشا و شۆڕ دەبووینەوە نێو ناخی یەكتر، قسەی دەكرد، بەكامی دڵ ناخی خۆی هەڵدەڕشتە بەردەمم و دەیگوت (برام - برات، باوكم - باوكت، دایكم - دایكت، خوشكم - خوشكت، نەكەی قسەی دڵی خۆتیان لا بكەیت، چونكە هەر یەكێك لەوانە راهاتوون بەزمانی پیاوانەوە قسە بكەن، هەر یەكێك لەمانە بە زمانی پیاوێك قسە دەكەن كە لە پشتییانەوەیە و سێبەریانە، راستە ئەوانە لە رەگەزی ئێمەن، بەڵام پەروەردە و راهاتوویان لەگەڵ چاوسووركردنەوەكان، رەنگی پیاوانیان گرتووە و رەفتاری پیاوانە دەكەن).

راستت گوت، من ئەو كات زۆر لەو قسانە تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئەمڕۆ بیر لەو قسانەی تۆ دەكەمەوە، راستی قسەكانتم بۆ دەردەكەوێ، ئەو رۆژەیش كە بەهۆی كارێكی قوتابخانەوە هات بۆ ماڵمان، باسی تەواوی پێوەندی خۆشەویستی خۆیی و ئەو كوڕەی بۆ كردم كە خۆشی دەوێ، ئەوەی لەم گێڕانەوەیە زۆر سەرنجی راكێشام ئەوە بوو گوتی (ئەگەر كوڕێك زۆر زۆری خۆشبووێی هەرگیز نەكەیت لە تۆقە بەولاوە لەشی بەر لەشت كەوێ) پاش قسەكردنێكی زۆر پرسیم بۆ؟ گوتی (بۆ ئەوەی هەمیشە تامەزرۆت بێ، چونكە دڵنیابە پیاو وەكو سەگی كەلاك خۆر وایە، هەر هێندەی تێر بوو، ئیتر دەست بەوەڕین دەكات) ئەو رۆژە زۆر قسەمان كرد، شت نەما باسی نەكەین، مامۆستا - قوتابخانە - كوڕ - كچەكانی

هاوڕێمان - دایك - باوك - خوشك و برا، تا بازاڕ و مۆدیلی قژ بڕین و جلوبەرگ و پێڵاو و بۆن و مکیاژ و زۆر شتی دیکە، پیاسەیەکی بەنێو ژوورەکەی مندا کرد و، سەرێکی لە پەنجەرەکەوە هەڵکێشا و گوتی (دەزانی دیمەنی ئەم گۆڕستانە لێرەوە زۆر جوانە) منیش تا ئەو کاتە بەم شێوەیە لە گۆڕستانەکەم نەڕوانی بوو، ئەو بەسەرسامییەکەوە گوتی (من هەردەم لە بێدەنگی ئەو دنیایەدا، نەشئەیەك وەردەگرم، وەکو خۆی پڕە لە نهێنی) سەیرم لێهات، منیش چوومە پێش پەنجەرەکەو لە لایەکی پەنجەرەکەوە چاوم خستە سەر پانتایی گۆڕستانەکە.. بەڵێ زۆر جوانە، من یەکەمجارە بەم شێوەیە لەو گۆڕستانە یڕوانم، بەڵام ئەڤین بزانە ماڵەکەی ئێمەش لەم گۆڕستانە بێدەنگترە، بۆ نازانی گەر شەڕ و گارە و تووڕەبوونەکانی باوکمی لێ دەربکەیت، ئەم ماڵە هەر بۆ خۆی وێرانەیەکە بایەقووشی لێ دەخوێنێ، لەم ماڵە گەورەیەدا بۆ کەس تاقەتی قسەکردنی هەیە، بۆ کەس بەیانی باش و چاك و چۆنی لە یەکتر دەکات، بۆ کەس ئارەزووی سەیر کردنی تەلەفزیۆنی هەیە، ئەم حەسارە پان وبەرین و گەورەیە، هەر گۆڕستانێکە بۆ خۆی، ئێمەش مردووە زیندووەکانین، لەو رۆژەوە بووە خولیام، کورسییەکم لە نێزیك پەنجەرەکەوە دادەنا و، دەمڕوانییە یەك بەیەکی ئەو کێلانەی ناسنامەیەك بوون بۆ کەسەکانیان، سەرتاپای گۆڕستانەکەم بەچاو دەکێڵا و تێر نەدەبووم تا شتێك دەنگێك ئەندێشەکەی دەپچڕاندم، ئەو وەختەش تەنیا بەجەستە دەهاتمەوە نێو ئەو چوار دیوارەی بەهەموو دەم تیایدا هەستم بەدڵتەنگی کردووە، ئەو دەمانە نەبێ کە نقوومی ئەندێشەکانم بووبم، ئەگینا بیرم نایێ منێك لەم ماڵەدا لە ئێوارە و بەیانیەکانیدا ئۆخژنی حەسرەتێکم هەڵنەکێشا بێ، دەکرێ ئەمە ئەو چارەنووسە بێ منی گەیاندبێتە ئاستی ئاشنابوون بەتراژیدیای مەرگ، ئەم گوڕزە ئەندێشانە بەتاو بەبیرما تێدەپەڕین و ئۆقرەم لەسەر هیچیان نەدەگرت، ئەوەندەم زانی چاوەکانم کەوتنە سەر یەك و خەو بردمیەوە.

# بەشی دووەم

دەنگێك ئێستەش نازانم چۆن بوو لە خەو رایچڵەکاندم، کە چاوم کردەوە پەنجەرەی ژوورەکەم لەسەر گازەرای پشت کرا بۆوە، تەواو ئەو ناوەم لێ دیاربوو کە پانتایی پەنجەرەکە دەیگرتە خۆ، چاوم خستە سەر یەك بەیەکی ئەو کێلانەی دەمێك بوو حەزم بەبینینیان نەدەکرد، دەمێك بوو نەمدەوێرا سەیری ئەو گۆڕستانە بکەم، کە وامدەزانی هەردەم لە چاوەڕوانی مندایە، ئەو گۆڕستانەی سەردەمێك ببووە خولیام و چاوم تێدەبڕین و لە ژماردن و سەیر کردنی ئەو هەزاران کێلە تێر نەدەبووم، هەندێ جاریش هەر بۆ کات بەسەر بردن و وردبوونەوە لە ناخی خۆم، هەموو ئێوارەی پێنج شەممەیەك لەگەڵ دایکم بۆ نێو گۆڕستانەکە شۆڕ دەبووینەوە، دایکم کردبوویە عادەتی خۆی، دەبوایە هەموو ئێوارەی پێنج شەممەیەك سەرێکی سەرگۆڕی ئەو پیاوچاکانە بدات و پەیمانی ئەمەك و وەفاداری خۆی دووبارە بکاتەوە، منیش پیاسەیەکی نێو گۆڕستانەکەم دەکردو، بەنێو تەنگەبەری گۆڕەکاندا هێدی هێدی بەئەسپایی هەنگاوم دەنا، پێم لە پێ لێنانی گۆڕەکان دەپاراست و، بەچاوی رێز و نەوازشەوە سەیری درێژی و کورتی و گەورەیی و بچووکی گۆڕەکانم دەکرد، ئایەت و نووسینەکانی سەر کێلەکانم

دەخوێندەوە و، زۆربەی نووسین و ئایەتەکان بەگوێچکەم ئاشنا ببوون، بەتایبەتی ئەو نووسینانەی لەسەر زۆربەی کێلەکان وەکویەك بوون، بەڵام هەندێکیان زۆر سەرنجیان رادەکێشام، بەتایبەتیش ئەو نووسینانەی سەر کێلی ئەو کەسانەی لای کەسوکاریان ئازیز بوون، زۆرجار ئەو نووسینانە ئەوەندە تووشی دامانیان دەکردم، چاوم فرمێسکی تێدا دەزاو، نوقمی ئەندێشەی قووڵی دنیای ئەودیویان دەکردم، دەنووشتامەوە سەر ئەژنۆیان و هێدی هێدی قورسایی لەشم بەسەر قاچەکانمەوە زیادی دەکرد و ئارەزووی دانیشتنم دەکرد، لەو دیو پەردە رەش و تەنکەکانی چاومەوە کەسە راکشاوەکەی نێو گۆڕەکە خۆی لە بەرگێکدا دەخستە بەرچاوم و دەکەوتە گێڕانەوەی سەربردەی رۆژگار و شەوگارەکانی خۆی، زۆرجاریش ئەو پیاسانە ماڵەوەمانی تووشی سەرگەردانی نەگەڕانەوە و دواکەوتنی من دەکرد، ئێستەش لە بیرم ناچێتەوە تازە لە پیاسەیەکی بازاڕ گەڕابوومەوە، لە ژوورەکەم، لەو ژوورەی ئێستە بەهەموو دەم چوار مێخەی داوم، خەریکی گۆڕینی جلەکانم بووم، بەدەم خۆگۆڕینەوە سەرێکم لە پەنجەرەکەوە کێشا، حەشاماتێکی گەورە لە هاووڵاتییان لایەکی گۆڕستانەکەی تەنیبوو، شەقامی تەنیشت گۆڕستانەکەش لەم سەر تا ئەوسەری یەکپارچە ئۆتۆمبیل بوو، زەنگی مردن رایچڵەکاندم، تەزوویەك سەرتاپای لەشی داگرتم و، خەندەو و نەغمەی ئەو گۆرانییەی لە گەرووی تاساندم کە لە ناخەوە ئاوێتەی بووبووم، هەر لێرەوە تارماییەك کەوتە سەر دەروونم و، هەموو ختۆکەی ئەو ئارەزووانەی کوشتم کە جاران دڵیان خۆش دەکردم، هاتمە خوارەوە، پاش خۆ خەریك کردن بەدەم نان خواردن و خوێندنەوەو ئامادەکردن و هەندێ ئەرکی ماڵەوەو بەدەم خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەو گۆڤارەی لە بازاڕ ئەمڕۆ کڕیبووم خەو بردمیەوە، کاتێ وەئاگاهاتم رۆژ گەیشتبووە عەسرێکی درەنگ، ئەو رۆژە بەرێکەوت رۆژی سەردانی هەمیشەیی دایکم بوو، بۆ سەر مەزاری پیاوچاکانی نێو گۆڕستانەکە، منیش هەمیشە بیرم لای ئەو مردووە بوو

کە ئەمڕۆ نیوەڕۆ ئەو حەشاماتە، لەم گۆڕستانەی لای ماڵی ئێمە ناشتیان، بۆ نێو گۆڕستانەکە شۆڕ بوومەوە، بۆ لای ئەو گۆڕە خزیم کە ئەمڕۆ نیوەڕۆ ناشتیان، هێزێك - هێزێکی شاراوەی بەهێز، وەکو کێشکردنێکی ئەو دیوی هەست و بیر، گۆڕە تازەکە کێشی کردم، خۆشم نەمدەزانی قاچەکانم بۆ وا هەنگاوەکانی سووك بووە و، بۆ وا بەهەشتاوی عەودالی ئەو گۆڕە تازەیەیە، کە چوومە سەر گۆڕەکە، درێژی و گەورەیی گۆڕەکە زۆر سەرنجی راکێشام، سەرم سووڕما بوو بۆچی وا بەستەی ئەو گۆڕە ببووم، چاوم فرمێسکی تێدا رانەدەوەستا، گریانێك ئەوکێی گرتبووم، هەناسەم بۆ هەڵنەدەکێشرا، بەڵام ئەو کاتە هەرگیز نەمتوانی وێنەی ئەو کەسە پاڵکەوتووەی نێو گۆڕەکە بهێنمە بەر چاوانم، کە منی خستبووە دنیای تەنگەتاوی و رامان و دۆشدامان بەدەم شتێکەوە، کە ئەوپەڕی بێدەنگی و ماتی و مەلولی پێوە دیاربوو، بەڵام ئەوەی دواجار سیحری ئەو کێشکردنەی لا زیاتر کردم، نووسین و وێنە رەنگینەکەی ئەو کەسە بوو کە پاش چەند رۆژێك لە ناشتنی خرایە سەر گۆڕەکە، هەر ئەو کاتەش تەواو رۆچووم لەو ئەندێشەیەی بووە سەرەتایەك لە یەکترناسینێکی قووڵ، یەکترناسینێك تا ئێستەشی لەگەڵدا بێ رۆچۆتە نێو سەرتاپای ژیانم و، بەهەموو دەم لەگەڵ ئەو بیر کردنەوانەی من دەئاخڤێ و، لە گفتوگۆ کردن ناکەوێ، نووسین و وێنە رەنگینەکەی سەر گۆڕەکە چاو و دڵیان پێکام و، منیان دەستەمۆی چوونە خوارەوەیەکی قووڵ کرد بەنێو ئەو دنیا ئەزەلییەی لە سەرەتایەکی بچووکەوە بۆ کۆتاییەکی نادیار رۆ دەچێ، نووشتامەوە بەسەر ئەو گۆڕە لە مەڕمەڕ داکێشراوەی هەفتەیەك دەبوو ناشتبوویان، یەکەمجار وێنە رەنگینەکە چەقیە نێو چاوم، دواتر نیگا ئەبڵەقبووەکانی کە لە روانین نەدەکەوتن، کەوتنە چاوبڕکێی چاوەکانم، خەندە قووڵ و پەنهانەکەی سەر لێوی، گریانێکی پڕ لە هەنسکی دووری نیشان دەدا، چاوەکانی کە قەت نەدەترووکان، تەلیسم و چیرۆکی ئەوینێکی برینداریان

دەگێڕایەوە، سەیرم کرد تەواو لە وێنەکە چوومە پێش، پێڵوەکانی من شەکەت بوون و چاوەکانی ئەو زەق، کەچی لە پشت پێڵوەکانی من وێنەکە هەر وەکو خۆی، وەکو ئەوەی رۆچووبێتە نێو ناخم، لەبەر دیدەم نەدەکەوت و لە بەرچاوم ون نەدەبوو، بەدەوری گۆڕەکەدا سووڕامەوە لە کێلی ژوورسەری نووسرا بوو (ئەوە گۆڕی خوالێخۆشبوویەکە لە سالێکی بێ بەهار لە دایك بووە، کە بەکارەساتی پایزانەی خەزانێك گوڵەکانی هەڵوەریوە) لە کێلەکەی ئەوبەر ئایەتێك نووسراوە یەکەمجارە گوێچکەم ئاشنای ئەو وشانە دەبێت، لەم تەنیشتەی لای چەپ دێرە شیعرێك نووسراوە (لە بەیانییەکی ئاسۆ تەڵخدا ئافرەتێك بەدەم ژانی منداڵێکەوە دەگریا، کەچی ئەوانەی دەوروبەری لە چاوەڕوانی مژدەیەکی خۆشدا بوون) لەم تەنیشتەش قسەی زانایەك نووسراوە: (مردن باشترین کۆتاییە بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لە رقلێبوونەوە نەکەینەوە.)

دووبارە بەرامبەر وێنەکە وەستامەوە، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ناو و مێژووی لە دایك بوون و شیعرەکە و قسەی زانایەکە خزیمە نێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی بیرکردنەوە، رۆچووم، ئەندێشەکان باڵیان پێ گرتم و سەفەرێکی قووڵیان بەنێو ئەو چیمەنە رەنگینەدا پێ کردم، تەنیا لە وێنە و فەنتازیای ئەندێشە بەربڵاوەکانی خۆمدا بینیووە، چاوم پانتایی بینینی ون کرد و، وێنەکە لە بەرچاوم نەما، کە روانینم تەواو قووڵ بۆوە، رێك کەسە مردووەکە لەنێو گۆڕەکەدا قیت بۆوە و، چاوی بڕیە نێو چاوم، من لەم کاتەدا ئەبڵەق بووم، نەك هەر وشەیەکم بۆ نەدەگوترا، بگرە قاچەکانیشم توانای هەنگاو هەڵهێنانیکیان نەما.

مەترسە خانم، مەترسە، وەرە پێشێ با تۆزێ لەم بناری گۆڕە غەریبەدا سەرخەوی پیاسەیەك بکەین، با تۆزێ بای غوباری ئەم کێوە، فێنکی ئەم هەوا شێدارە، با تۆزێ لە قورسایی ئەم هەموو تۆز و گەردەی ئەم تەمتومانەمان پاك بکاتەوە، وەرە خانم پەنجەکانت بخە نێو ئەو دەستە ماندووانەم، دەزانی چەند شەوە

نەنووستوم، خەریکە کەللەی سەرم دەتەقێ، دڵنیاشم بەتەقینی ئەم سەرەم جیهان مشت دەبێ لە زووخاو و، ئەوسا شوێنێك نامێنێ بۆ حەوانەوە، شوێنێك نامێنێ ئەو دوو چاوانەی تۆی شیرین، تۆی نەشمیل بەجوانی ببیینێ، دەزانی خانم سروشت بەجوانی خۆیەوە دەتوانێ نەشئەی ناخی ئێمەی مرۆڤ بجوڵێنێ، بەڵام دڵنیابە هەر دیدەیەك نەتوانێ هەست بەجوانی و ئەودیوی ئەو نەشئانەی لەودیوی سۆزی جوانییەوەیە بکا، هەر ناخێك بەشنانەوەی گەڵایەك، جووڵانەوەی کەڵەگیایەك یاخود کەروێشکەی دەغلی دوای باران، سووری کوڵێکەیەکی نیسان، زەردی حاجیلەیەك، بۆنی تەڵە نێرگزێك، خوڕەی چەمێك، ئاوی ساردی کانییەك نەیەتە خرۆشانی سروشتییەتی خۆی، دڵنیابە خانمەکەم بەختەوەری لە ژیانی ئەم مرۆڤەدا رەشماڵی خۆی نەختووە.

وەرە ئەو پەنجە تەزیوانەم گەرم کەوە، دەزانی لەوەتەی خوێن لە جەستەما وشکی کردووە، چەند هەست بەسەرما و تەزیوی ئەو دەست و پەنجانەم دەکەم، دەوەرە ئەم حەپەساویە تا کەی، دەچاوت داگرەو ئەم سۆمایەی دیەکانت بکەرە شوێنێکی تر، دەئەبڵەقیت کۆتایی پێ بێنە و، پەنجەیەکت بکەرە نێو دەستەکانم، دەوەرە من دەمێکە دەتناسم و ئاشنام بەم فرمێسکە قەتیس ماوانەی چاوانی تۆ، دەزانم ئەو رۆژەی بۆ دوا سەفەر بەڕێیان خستم، ئاگەدار بووم تۆ چەند شپرزە بووی، هەمیشە دڵتەنگی شتێك بووی نەتدەزانی چییە، تا دواجار لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە، ئەو پەردە ئەستوورەی سەر پەنجەرەکەت لادا و، دوا دەست هەڵبڕینی ماڵئاواییت کردە شاباشی ماڵئاوایی، زۆر بانگم کردی، بەڵام حەپەساوییت لەم حەشاماتی بەڕێکردنەم سەرسامی کردی، گوێت بەم هاوارەی من نەدا و، خۆت لەبەر شاشەی پەنجەرەکە لادا.

وەرە ئەم ترس و گومانەت بڕەوێنەوەو، با سەرخەوی پیاسەیەك بکەین، وەرە.. وەرە، پەنجەکانی خستە نێو دەستم و، ویستم پەنجە تەزیوەکانی گەرم

بکەمەوە، رامکوشی، هاوارێك تا ئێستە لە ژیانمدا قیژەی وام گوێ لێ نەبووە، هاواری کرد و گوتی پەنجەکانم هەڵوەری، دەزانی ئەم غوربەتی تەنیاییەی ئەم چەند رۆژە چەند پەرێشانی کردووم و، چەند تامەزرۆی ئەو کوشینانەی کردووم کە ئێستە ئەم دەست و پەنجانەی تۆ کرفەی وشکیەتی ئەو دەستانەی من بەتەڕیەتی خۆیان دەشکێنن، تەنیایی ئەم چەند رۆژەم لێ هەڵدەوەرێنن و سەرخەوێکی بەپێوەم پێ دەشکێنن، ئای گەر دەتزانی تەنیایی چەند کوشندەیە، بەڵام لەوی کوشندەتر ئەوەیە تەنیایی و هەست بەغەریبی بکەی، هەست بکەی لەنێو ئەو هەموو دار و بەرد و هەڵەتە عاسێیەدا شتێك نەییە ئاشنا بێ پێت، دەزانی ئەمانە هەر بۆ خۆی مردنێکە.

پەنجەکانیم خستە نێو مشتم، ئای کە سارد بوو، لە ژیانمدا دەست و پەنجەی وا تەزیووم نەدیوە، ئەو کاتە هەستم کرد لە بەفر ساردتر هەیە، نەمدەزانی چی بکەم بۆ گەرمبوونەوەی، دەمکوشی قیژە و هاواری ئەوپەڕی دنیای دەگرت، بەم حاڵەشەوە تەزیەکە بۆ نێو جەستەی منیش هەڵدەکشا، تا ئەو کاتە نوتەقم لێوە نەهاتبوو، تەنیا چەند جووڵاوەنەوەیەك ئەویش بەپێی پێویست و ویستی ئەو، بەتەواوی رووم تێکرد و، راستەوخۆ چاوەکانی بڕیە نێو چاوەکانی من، سەیری کردم و سەیرم کرد، سەیر بوو، نە بیلبیلەی چاوی نە برژانگەکانی جوڵەیەکیان نەدەکرد، تا سۆماکانیشی بە ئەبڵەقی لە رامان نەدەکەوتن، من هەردەم چاوم تەتەڵەی دەکرد، بگرە ئەمە خوایە خەون بێت و، ئەم سەرسامییە کۆتایی پێ بێت، بەڵام نەخێر لە هەر چاو داخستن و چاو کرانەوەیەکمدا زیاتر بۆم دەردەکەوت کە ئەمە خۆیەتی، سەیری دەکردم و قسەی دەکرد، تاو نا تاوێك دەیگوت نامناسی، چۆن دەجوان سەیرم کە، بزانم دەمناسیتەوە، دەنا من هەست بەغەریبی تۆ ناکەم، هەست ناکەم کەسێکم نەدیبێت لە تۆ نەچوو بێت، بەڵام لە ناوەکەت دڵنیا نیم، گرینگ ناو نییە، گرینگ ئاشنا بوونە بەرۆحی یەکتر،

ئاشـنا بوونـە بـەو رابـردووەی بوونـە تۆمـارێکی زێـڕین لـە شـکاندنی ئـەو بەستەڵەکەی قەفەسێکی ناگەهانبوو لە بەردەم فڕینی پەپوولـەکان، لـە بـەردەم ئەو باڵندانەی خوێندنی بەئازادییان لێ قەدەغە بوو، من چاك ئاشـناتم، قسـەی دوێنێشم لە یادە، ئەو کاتەی نووشتایتیەوە سەرم و گوتت (کە سـەفەر دەبێتـە میوانی ئێمەی هێشتا بەمرۆڤ نەبوو، رابردوو هێدی هێدی دەبێتە تارماییەك و، ئـیتر شـتێك نامێنێتـەوە لـە بـوون، غـەیری ناوێـك، یـان وێنەیـەك بـەتاقی دیوارێکەوە بۆ روانین) راست دەکەیت، پێم ناڵێیت کێ سیحری ئەم فەلسەفەیەی لا درکاندی، روانینی بەردەوامت لەم حەشاماتی مردووانە، یان گـەورەیی ئـەو خۆشەویسـتییەی لـە بچـووکیا توایـەوە، دەزانـی دەمێـك بـوو بـەهیوا بـووم سەردانێکی تۆ بکەم، بەڵام ئاشنایەتیت بەم دنیا جوان و بـێ خشـپەو هەسـتە، ئەو رێگەیەی بۆ کورت کردمەوە، نێوانی من ئەو تەنیا چەند پەنجەیەك بوو، بە ئەسپایی گوتی: تۆ ئەوەندە مەیە پێشـەوە بـا ئـەو دڵـەم هـەڵت نەلۆشـێ، بـا سیحری ئەو دڵەم بەر شەپۆلی خۆیت نەخا، من تیا چـووم بـەدەم سـیحری ئـەو دڵەی خۆمەوە، با تۆش نەبیتە قوربانی ئەو تەلیسمانەی شوێنێکیان لەم عەردە پانوبەرینەدا بۆ من نەهێشتەوە، ئەم تەلیسمانەی ئەو دڵەم زیـاد لـە پێویسـت خشتە بەرن، بۆیە تا لە ژیاندا بووم هـەرگیز نـەمتوانیوە پـڕ بەچـاوانم سـەیری نێوچاوی کەسی بەرامبەر بکەم، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە ئافرەت بـوو بـێ، رۆژێکیان لە باغێکدا لەسەر پەڕەی گوڵێك پەپوولەیەکم بینی و یەك بەسـۆمام سەیری پەپولەکەم کرد، یەکپارچە هاتە نێوچاوم و تا تەپانی دڵم گیر نەبوو، تـا ئێستە سەوداسەری ئەو پەپوولەیەم کە بۆ کوێ چوو، لەو رۆژەوە کە چاو دەبڕمە هەر شتێ چاوم دەفڕێ، ئەندێشەکانم وێنەی ئەو پەپولەیە لەو کەنارەوە بـۆ ئـەو کەنار، لەو جێگەیەوە بۆ ئەو جێگە نیشانەکانی خۆی گەورە و بچووك دەکاتەوە و، دەیگۆڕێ و لە شوێنێکی دیاریکراودا ناوەستێ، جـاران نەمـدەوێرا بەکـەس

بڵێم سەیری چاوانم مەکە، چونکە ترس و گومانێك ناخیان داگیر کرد بووم و، دوودڵ بووم لەوەی کە بەرامبەرەکەم وەڵامی چۆن دەبێ، بەڵام ئێستە تێگەیشتووم بۆ بەهەدەرنەچوونی تەمەنی کەسی بەرامبەرم، ئاخ بۆ ئەو رۆژەی تەلیسمی ئەو چاوانەی من، چارەنووسی منیان گەیاندە رۆژی کۆتایی، ئەو رۆژەی هەموو شتێك کۆتایی هات و، زەنگی ماڵئاوایی من لێدرا، ئێستە سەرسوڕماوم و نازانم ئەو رێکەوتە چۆن بوو، چۆن بۆ دواجار سیحری ئەو چاوانە منی کێش کردە ئەو کەلاوەیە و، بووم بەنێچیری ئەو جەنگەڵەی تەنیا بەخوێنی من دێراو دەبوو، هات بەدەست خۆم نەبوو، رێکەوت بوو، رێکەوت، دەزانی بۆ دەڵێم رێکەوت، ئەگەر پیرەباب ئەو زەوییەی لەم شوێنە نەکڕیبایە، بۆ دەگوترا من بچم شوێنەکەی بدۆزمەوە و، سەرپەرشتی ئەو خانووەش بکەم کە باوکم نەخشەی ئێستە و ئایندەی بۆ کێشا بوو.

ئا دەتەوێ تەواوی ئەو سەربردەیە تێبگەی چاکە، بۆت دەگێڕمەوە، بەڵام بزانە گوناهی منی تێدایە، نا نەخێر ئێستەشی لەگەڵدا بێ نازانم بۆ هەموو ئەو رووداوانە رژانە نێو ئەم جۆگەیە و، من بووم بەقوربانی ئەم هەموو خوێنەی لرفەکەی جەستەی من بوو، بزانە خاتوونی بەڕێز ئەوا تۆ حەپەساوی ناتوانی تەواوی مەبەستەکانی من تێبگەی، چۆن منیش نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم، چیت تێبگەیەنم، رەنگە ئەوەیان لەوەوە بێت کە من ئەوەندە بێ تاوانم، کە نەزانم چۆن بێ تاوانی خۆم بسەلمێنم، یاخود لێرەوە بێت کە یەکێك بێ تاوان بوو، نەتوانێ بەبێ شێوان و سەغڵەت بوون، تەواوی بێ تاوانی خۆی باس بکات، یان ئەو سەرە داوەی دەستکەوێ کە بنەڕەتی بێ تاوانییەکەی دەربخات، ئا دەق وایە زۆرجار بێ تاوان بەبێ تاوانی خۆیەوە دەبێتە تاوانبار.

با لێرەوە بۆت دەستپێبکەم، ئەو رۆژەی باوکم پارچە زەوییەکی لە یەکێ لە خواپێداوەکانی شار کڕی و، گوتی کوڕم لەگەڵ کاکی موهەندیس بڕۆن شوێنی

زەویەکە دیـاری بکـەن، کـە چـووینە وێ، بەرێکـەوت لەتـەك زەویەکـەی ئێمـە کەلاوەیەك کە هەستت نەدەکرد ژیانی تێدا بێت، کەچی خێزانێـك لـەم کەلاوەیـە دەژیان، بێنە بەرچاوت دەشێ کەلاوەش جوانییـەك ببەخشـێ، یـاخود کـەلاوەش بەشێك لە جوانی لە خۆ بگرێ و سەرنجی ئێمەی مرۆ بۆ خۆی کێش بکـات، رێـك بۆ من وا بوو، ئەو کەلاوەیە ئەوەندە بەجوانی خۆی نواند بـۆ قـومێ ئـاو کێشـی کردمە لای خۆی، لەو دەرگـە لـە تەنەکـە دروسـتکراوەمدا و، یـەکێك دەروازەی کەلاوەکەی ترازاند، لەگەڵ ترازاندنی ئەو دەروازەیە، یەك راست تیری چـاوانم کـە تەلیسمەکەی لە دڵەوە هەڵقولا بوو، هەموو جەستەی ئەو کچە شـۆخ و شـەنگەی گرتەوە، کە ئەویش سەری هەڵبڕی ئیتر کار لە کار ترازو نغرۆی نێو دیدەکانم بوو، ئیتر لێرەوە، بەڵێ لێرەوە هەموو شتەکان دەستی پێکرد و، ئەمە بـووە سـەرەتای تراژیدیاکان، رۆژ لە دوای رۆژ برینەکان گەورەتر و پڕ زووخـاویتر دەبـوون و، ئـەو گڕەی ناخیش سات لە دوای سات گەرمتر، ئا ئەو رۆژەی شـەپۆلی رووبـاری نێـو ناخم لەنگەری ئەو کەشتییەی تێکدا کە بەئارامی دەیویست بگاتە کـەنار، بـەڵام شەپۆلی هاجی ئەم بەهارەی دڵ، ئومێدەکانی سەرەونگون کرد و، مـنی گەیانـدە ئەو کۆتاییەی دۆزەخێکە بۆ خـۆی، ئـای حەسـرەتی گەیشـتن بەلووتکـەی چـیای گەشکە چۆن دنەی مرۆڤ دەدات و، چۆن بەشەوقەوە خۆ دەنوێنێ، بەڵام لە سەرەوە روانین بۆ خوارەوەی ئەو لووتکەیە چ شتێکی بێ لەزەتە ئەم سەرکەوتنە، ئەمـەش دادی مرۆڤ نادا و، گەستنی پەنجەی پەشیمانیش لەم کاتەدا تەنیا ئازارێکە نرخـی نییە، دەسەیری ئەو فرمێسکانە بکە پشکۆیەکن لە گڕ، دڵۆپێکن لە هـەڵم، ئـای کە نازانی ئازاری ئەو رۆژانە رۆژ لە دوای رۆژ ژیانیـان لام بـێ بایـەخ دەکـرد و، هیچم بۆ نەدەمایەوە لەو تەمەنەی شەو و رۆژەکانی مشت بـوون لـە خـەم، ئـەو ساتانەش کە تەنیایی لوولی دەدام، چاوم سـەغڵەتی دەکـردم بـەدەم ئـەم هـەموو وێناندنەی لەو دیوەوە نەشئەی بۆ دەکردن، ئەو دەمانەی تەنیایی لوولی دەدام زۆر

ماندووتر بووم لەو ساتانەی بەدەم رێوە دەوروبەری خۆم تەی دەکرد، چاوم پەپوولە ئاسا لەسەر شۆستەو دار و بەردی سەر شەقامەکان، کەسانی هاتووچۆکاری ئەم بەر و ئەوبەری شەقام، لە نیشتنەوە و هەڵبەزودابەز نەدەکەوت، ئەو دەمانە شادومانتر بووم لەو تەنیایی و ئەو غوربەتەی دنیای تژی کردووم لەو ئەندێشەیەی بە هەموو دەم بەری بینایی‌یم بەرنادا.

ئای خودایە من لە بەیانییان ماندووم بەدەم ئەندێشەکان و، لە ئێوارانیشدا شەکەت بەدەم ئەو خەونانەی هەموو جارێ لەسەر مەرگی دۆستێك، ئازیزێك، ناسیاوێك خزمێکی نێزیکم دەگێڕنەوە، هەردەم لەو خەونانەدا بەشەکەتییەکی گەورەوە لە خەو رادەبم و، کە خەبەرم دەبێتەوە، کە وەئاگا دێم سەرتاپای لەشم شەڵاڵی ئارەقەیە و، دڵم کوتە کوتی لێدان، خەتای باوکم بوو باوك، بەبەرچاوی منەوە گوڵەکانی دەژاکاند، پەڕە پەڕە هەڵیدەوەراندن، بەپێ، بەو پێیە زل و گەورانەوە چیمەنەکانی دەشێلا، بۆ گوڵێکی تازە پشکوتوو دەچەمایەوە، دوای چەند مژێکی بۆن کردن، دووبارە بەبەرچاومەوە هەمان تراژیدیای مەرگی گوڵێکیکەی جوانترو بۆنخۆشتری دووبارە دەکردەوە، فێری دەکردم زۆرتر خزمەتی ئەو تووتڕکانەی لێوار باخچەکەمان بکەم و، کەمتر بپرژێمە خزمەت چیمەن و گوڵەکان، هەمیشەش بەدیار درەختە بێ بەرەکانەوە دەیکردمە ئێشکگر، رایهێنام، هێدی هێدی بەم پەسنە ناشیرینانەوە رایهێنام، وای لێکردم بۆنی گوڵ نەناسمەوە، تووتڕك و چیمەن وەکویەك تەماشا بکەم، نەشئەی ئەوەی لا کوشتم بە قووڵی سەرنج بدەمە ئەو سەوزایەی دیدەپەرت دەکات بەسەر ئەو دنیایەی کۆتاییەکەی شینێکی تۆخە، ئەو دنیایەی لە لەزەت خاڵییەو، تەنیا رق و کینە دەکاتە سەرەتای بوغزاندنێکی گەورە.

ئەمە سەرەتای ئەو تێگەیاندنەی من بوو لە چریکەی ئەو مەلانەی لە هەموو بەیانییەکاندا شلوکووت دەبوون ئەوەندەی بخوێنن، من بەردم تێدەگرتن، من

هەلوەدای گرتن و دیلکردنیان بووم، هەڵوەدای ئەوە بووم چۆن من بەبێ زنجیر دەست و پێ زنجیر کراوم، ئاوەها ئەوانیش بخەمە تۆڕی دیلیەوە، چۆن من ناتوانم ئازادانە شەقاوێك بهاوێم، ئاوەهاش ئازادی ئەوان بکەمە دوو تۆی قەفەسێکەوە، لە سەیرکردنی باڵندەکانیش لەنێو ئەو قەفەسە گەورەیەی باوکمدا، کە دەمدی دوو باڵندە خەریکن بەسەریەکدا دەفسن، تەریق دەبوومەوە، دەستم دەنا بەهەردوو چاومەوە و، شەقم لە قەفەسەکە هەڵدەدا بۆ لێك جیابوونەوەیان، ئەم خووە سەیرە پەڕیبووە کەللەم و خۆشیم بەهیچ نەدەهات، بەڵام ئەوەی لە هەموو ژیانمدا سەرسامی کردبم ئەو باڵندە ئێسك سووکە بوو، دوای ئەوەی بەدەردێکەوە هەموو باڵندەکانی نێو قەفەسەکەی باوکم مردن، تەنیا ئەو باڵندەیە نەبێ کە دواجار دەستی بەخوێندن کرد و، کڕ نەبۆوە، هەر لەو رۆژەی کە خۆی بەتەنیا دیتەوە لەنێو ئەو قەفەسە گەورەیەدا، دەستی بەخوێندن کرد و، دوو شەو و دوو رۆژان لە چریکە نەکەوت، پێشمان پڕ کرد بوو لە دان و ئاو، بەڵام فایدەی نەبوو ئەو هەر دەیخوێند و چریکەی ئەوپەڕی ئاسمانی داگرت بوو، بۆ رۆژی سێیەم هیچ چریکەیەك نەما، من یەکەم کەس بووم گەیشتمە سەر قەفەسەکە و سەیرم کرد باڵندەکە خۆی بەتەلێکەوە هەڵواسیوە و گیانی دەرچووە، ئەم دیمەنە سەرسامی کردم و، تا ئەو رۆژەش کە من ئازادی خۆم لە خۆکوشتنی خۆمدا دیتەوە، هەستم نەکرد دیلیەتی بەدەم تەنیاییەوە چ دەردێکی کوشندەیە، ئەو کاتە نەبێ کە گیان هەڵوەدای فڕینە بۆ قووڵایی ئاسمان، ئەو کاتە مرۆ هەستدەکات چیان چ گەمەیەکی بێ تام و بێ لەزەتە، چ گەمژەییەکە هەڵوەدای رق کەوتن (کە تەمەن ئەوەندە کورتە بەشی خۆشەویستی ناکات*)

---

* وتەیەکی برنادشۆیە

## بەشی سێیەم

چاوم نوقاند و چاوم کردەوە، تەنیا ئەو دەنگە دەهاتە گوێم کە باسی لە تەنیایی و خەم و غوربەت و ئەندێشە بەربڵاوەکانەوە دەکرد، زرنگەی ئەو دەنگە ئەوەندە رۆچوو بووە نێو ناخم، لە دەنگی ئەو بترازێ، گوێ بیستی هیچ دەنگێکی تر نەدەبووم، تا یەکێ شانی راتەکاندم و چەند جارێك ناوی منی دووبارە کردەوە، ئەو کاتە گۆڕەکە و تەواوی گۆڕستانەکە و براکەم هاتەوە پێش چاو، وەکو ئەوەی لەمەوبەر چاوم هەڵفڕیبێ و، لە دنیایەکی دیکەوە روانیبم، وەکو ئەوەی من لەو دنیایەدا نەما بم و سەفەرێکی دوورم بۆ قووڵایی ئەو جیهانە کرد بێ و، ئێستە ماندوو و شەکەت گەڕابمەوە.

ئەوە چیتە ها، بۆ قسە ناکەی ها دەبڵێ، ئەوە کێ تۆی گەیاندە ئێرە، ئەو چییە بۆ حەپەساوی، ئەو گۆڕە هی کێیە، دەیناسی، دەقسە بکە چیت لێ قەوماوە، دەستی گرتم و بەهەڵەداوان بەبێ ئەوەی پێمان لەگۆڕەکان بپارێزین، بەنێو گۆڕستانەکە بەشڵەژاوی و شپرزەییەوە رامان دەکرد و چووینە دەرەوە و، بەرەو ماڵ بووینەوە، کە لە دەرگەی ماڵەوە چووینە ژوورەوە، هەر هەموو ماڵەوەمان بەهەشتاوی بەپیرمەوە هاتن و، هەریەکە بەشێوەیەك قسەی دەکرد و،

دەموچاوی نەوعێك نەخشەكەی هەڵكەوتبوو، باب مووە ماش و برنجیەكەی سمێڵی گرژ ببوون و، نێوچەوانی وێك هاتبۆوە، تووڕەییەك لە دەموچاوی دەباری لە ژیانمدا وام نەبینیوە، دایكم چاوەكانی پڕ ببوون لە فرمێسك و، لەبەر گریان قسەی بۆ نەدەكرا و، رووی یەكپارچە سۆز و بەزەیی و پاڕانەوەی لێ دەباری، خوشكە بچووكەكەم كە تازە هەڵدەهات و هەستی دەكرد ئەویش گەورە بووە و بۆی هەیە لە حاڵەتی وا، لەم كارانەدا قسەی خۆی بكات، لە هەموویان ئارامتر و هێمنتر دەهاتە بەرچاو، كە وەكو ئەوەی شتێكی ئەوتۆ رووی نەدابێت، لەسەرخۆ گوتی بۆ قسە ناكەی چی بووە دەبڵێ، ئەوەی زۆر خەریكم بوو و شانی بەرنەدەدام، براكەم بوو كە تا ئەو حەلە هەر دەیپرسی و، پرسیارەكانی تەواو نەدەبوون لە بەدەنگەوە هاتنی من، ئەبڵەق بوونی منیش تەواوی ماڵەوەی شڵەژاند بوو، هەریەكە لە لای خۆیەوە بەوپەڕی حەزینی و داماوییەوە دوا پەیامی ئاشتبوونەوەی خۆیان ئاراستەی من دەكرد، تەنیا بۆ دوانێكی من، تەنیا بۆ ورتەیەك گۆمی مەنگی ئەو بێدەنگییە بشكێنێ و، هەموو تێبگەن من چیم بەسەر هاتووە و، بۆ وا ئەبڵەق بووم؟ دواجار باوكم هاتە دوان و گوتی جێگەیەكی بۆ راخەن باتۆزێ بحەسێتەوە.

پاش تاوێك دەنگە دەنگ و تەقە تەقی كۆمەڵێك پێڵاو، دەرگەی ژوورەكەیان خستە سەر گازەرای پشت، پاش فەحس كردن و تەماشا كردنم لەوسەر تا ئەوسەر جەستەم، دكتۆرەكە كەوتە پێچانەوەی كەلوپەلەكانی، پاش گفتوگۆیەكی كورت لەگەڵ باوكم و براكەم، رێچێتەكەی دەرهێنا و یەك دوو نووكە قەڵەمی لێدا و رۆیشت، پاش ماوەیەك براكەم بەیەك دوو شیت حەبەوە هاتە ژوور سەرم و، بەئاماژە و بەقسە گوتی هەستەوە ئەم حەبانە بخۆ، راستیان كردمەوە و حەبەكانم خوارد، هەر ئەودەمە خەو چاوی گرتم و نەمزانی كات چ كاتە، ئەو كاتەی خەبەرم بۆوە دنیا رۆژ بوو، میلی كاتژمێرەكەی ژوورسەریشم كاتێكی نیشان دەدا، باوەڕم

نەدەکرد ئەمە خۆی بێ، جولاّن و چاوهەڵهێنانی من دایکمی هێنایە خرۆشـان و، هاتە ژوورسەرم، کچم چۆنی، باشتر بووی، دەقسە بکە کچـم، زۆر بـە زەحەمـەت گوتم دااااییییکککککە، دەرچوونی ئەو وشەیە بەئاسانی نەبوو، بگـرە پـاش تاوێـك هەوڵدان و زۆر لەخۆ کردن ئنجا بەکۆمەڵێك لغـە لـغ ئنجـا تـوانیم ئـەو وشـەیە بچرپێنمە گوێی دایکم، بەڵام دایکم هەر پرسیاری لێ دەکردم و تکای لێ دەکـردم بەهەر شێوەیەك بێت قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو ئامادە بوو لغـە لغـەکانی منـیش تەرجەمە بکا و گوێی لە تەنیا وشـەیەکی مـن بێـت، تـەنیا لـە پێنـاوی زمـان پژانەوەی من، دەی کچم تێنووت نییە، برسیت نییە، حـەزت لـە چـییە، ئەمانـە هەموو پرسیاری دایکم بوون کە لەو کاتەدا ئاراستەی منی دەکرد، منیش تاو نـا تاوێك، بۆ شکاندنی بەستەڵەکی ئەو مێردزمەیەی سەر دڵی گرتبووم، تەواو حەزم لەوە بوو چەند قسەیەك لەگەڵ دایکم بکەم، بەڵام لاڵ بوونم بەو شێوەیە، تەواو بێ تاقەتی کردم.

پاش چەند ڕۆژێك دووبارە دکتۆر هاتەوە لام و کەوتە پرسـیار کـردن، کوێـت دێشی بابە، بەزمانێك کە پێویستی بەئاماژە و تێگەیاندن دەکـرد، بەدکتۆرەکـەم گـوت هـیلاکم، مانـدووم، سـەرێکی لەقانـد و گـوتی هەنـدێ هەناسـەی قـووڵ هەڵکێشە، هەمدیسـان گـوتی دەتـوانی بـڕۆی سـەرێکی نـەتوانینم بـۆ لەقانـد، بەدایکمی گوت بەردەوام ئاگاداری بن و قسەی لەگەڵ بکـەن و، ئەگـەر توانیتـان بیڕوێنن باشە، بۆ ئـەوەی بێتـەوە سـەر خـۆی و، هێـدی هێـدی بتـوانی لەسـەر پێیەکانی خۆی بووەستێت، بەڵام با بەتەنیا نەبێت، هـەموو کـات بـا یـەکێ لـە ژوورسەری بێت، ئەگەر داوای هەر شتێکیشی کرد بۆی جێبەجێ کـەن، لـە هـەر مەترسییەکیش ئاگەدارم بکەنەوە، دکتۆرەکـە لەگـەڵ دایکـم لـە ژوورەوە چـوونە دەرێ.

سەرێکم بەرزکردەوە روانیمە ئەو ژوورەی کە سەیری هەر لا دیوارێکی دەکەم

نەخشی یادگارییەکە، نەخشی ئەو سەردەمانەیە کە منی منداڵ و دوایش هەرزە، ئنجا زانیم ئێمەی مرۆڤ زۆر سەیر خولقاوین، ئەو ژوورە بەهەموو دەم شتی سەیرم دێنێتەوە یاد و، پرسیاری جۆراوجۆرم لا دەوروژێنێ، ئەو پرسیارانەی ئێستەش وەڵامی هەندێکیان نازانم، هەموو ئەو وەڵامانەش دووبارە بوونەوە کە چەندین ئەگەریان خستبووە دوو تۆی خۆیانەوە، لە شاردنەوەی ئەو راستیانەی وەکو (مانگی چواردە کە حەوجە بەئەنگوست ناکات).

شەوانی درێژی زستان، ئەو شەوانەی مرۆڤ هەمیشە لە زیندە خەودایە، چرپە چرپەکانی دایك و باوکم خەویان لە چاوما دەتۆراند و، بەدەم وەنەوزی خەوەوە منیان دەخستە دنیای ئەندێشە و، گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی (بۆچی چرپە چرپەکان تەنیا لەنێو ژووری خەوتن و سەرینی دوو کەسیدا سۆز و خۆشەویستیان تێدایە، بۆچی ڕێز و حورمەتی مێ تەنیا لەو ساتانەدا دەبێتە چراخانی روونکردنەوەی دڵی پیاوان، بۆچی پیاو لەنێو تلانەوەی ئەو گەڵەسیحرئامێزەدا، ئەوەی رق و تووڕەیی و چاو سوورکردنەوەیە نایمێنێ و بەجارێ دەبێتە سۆز و بەزەیی) پرسیاری ئەوەی ئەو باوکەی من لە هەموو دەمەکان گرژە، مۆنە، تووڕەیە، تەنیا لەنێو ئەو پێخەفەدا نەبێ، چی گرژی و لۆچی دەموچاوی هەیە نایمێنێ و خەندە و پێکەنین شوێنی دەگرێتەوە، دەنا وەکی تر هەر دەڵێی سرکەی خواردووە، هەر دەڵێی تازە لە شکانی شەڕێکی گەورە گەڕاوەتەوە و، چی شەرەفە تێیدا جێی هێشتووە، ئەو پیاوەی لە بەرامبەر هەموومان رەقە، بەڵام لە بەرامبەر دایکم رەقتر، توندتر، زۆردارترە، بەر لە هەموومان بەسەر ئەودا دەیقیژاند و هاواری دەکرد، هاواری دەکرد وماڵەکەی یەکپارچە دەکردە دۆزەخ، بەهاوار کردنی باوکم چی کۆتر و کێشکە و تەیروتواری باخچەکەمان هەبوو لە شەققەی باڵیان دەدا و هەڵدەفڕین، پاشی دەمێکی زۆر ئنجا دەگەڕانەوە، دایکیشم بێدەنگی دایدەگرت و باوکیشم لە

شیرە شیری خۆی بەردەوام، ئێمەش هەر کەسە و لە لای خۆمانەوە چاوەڕێی کۆتایی ئەو حەربە بووین کە خۆشمان نەماندەزانی سەبەبی هەڵگیرسانەکەی چییە، کە بابم جار نا جارێ بێدەنگ دەبوو، وامانـدەزانی تەواو، بەڵام هەر ئەوەندەمان دەزانی دەستی پێ دەکردەوە و، ئەمجارەیان تیرتر - خەستتر، شیرەکانی جونەکان، قسە ناشیرین و بێ زەوەرەکان دایان دەباراند و تاوێکی خۆش دایدەکرد، تاکو خوا و راستان، دوعایەك، ئاهێك، نزایەکی پیاوچاکان کە بەدزی لە دەمی دایکم دەردەچوو، ئەو پیاوچاکانەی دایکم مرازی خۆی پێ گرتبوونەوە و، راست دەرچوو بوو، ئەو پیاوچاکانەی هەموو ئێوارەی پێنج شەممەیەك خۆی دەقەبەڵ کردن و پەیمانی بۆ نوێ دەکردنەوە، ئەو پیاوچاکانە بەدەم هاواری دایکمەوە دەهاتن و حەربەکان کۆتاییان پێ دەهات و دەکوژانەوە، هەر دوای ئەوەی باوکم ئەو ناوەی بەجێ دەهێشت، دایکم بەمەلوولی و کەساسی هەموو جارێ دوای ئەو حەربانە ئەو قسانەی دووبارە دەکردەوە (ئەی لە دەوێ بابت ریم، شەرت بێ جارێکی تر لەگەڵ تۆ نەنووم) بەڵام نەخێر، ئەو جێگە نەعلەتیە وەفای نەبوو، جوێن و قسە قۆڕەکانی باوکم لە هەموو ژوورەکان دەنگیان دەدایەوە، تەنیا لەم ژوورەی ئێستە منی تیا دۆشداماوم، سەدایان نەبوو، تەنیا وەکو ئێستە چۆن من تەنیا بێدەنگی ئەو قسانە دەبینم، تەنیا گوێی چاوم گوێبیستی ئەو قسانەیە، ئەو کاتیش کە دایك و باوکم دەهاتنە نێو چوار دیواری ئەو ژوورە، شەڕ و رق کۆتاییان پێ دەهات و، دەتگوت ئەو دایك و باوکەی من هەرگیز لە ژیانیاندا لە گوڵ گرانتریان بەیەکتر نەگوتووە، لە هەموو تەمەنی هاوسەریاندا تووڕەبوونێك رووینەداوە، هەر لەگەڵ چاو داخستن و دانەخستنی من و خوشکەکەم، دەئاڵانە یەکتر، چرپە چرپەکانی شەوان دەستی پێ دەکردو، خەویان لەم ژوورە، لە هەموو ئەو شتانەی بەشێك بوون لەم چوار دیوارە دەتۆراند و، تا درەنگانێکی شەو، تا ئەو کاتەی دنیا یەکپارچە دەبووە

بێ دەنگی، كپی و خامۆشی سەرتاپای دنیای دادەگرت، ئەو كاتە خەو دەزایە نێو چاوم و، بەیانیش كە لە خەو رادەبووم، بەلووت بەرزییەكەوە سەیری دایك و باوكمم دەكرد، وەكو ئەوەی من تەواوی ئەو تێكئالاّن و چرپە چرپەكانی شەوم زانیبێ، بەفەزلەوە قسەم لەگەڵ دەكردن و خۆم بەبراوە دەزانی، لە ناخەوەش رقم لە دایكم دەبۆوە لە بەرامبەر ئەو خیانەتانەی هەموو شەوێك دەرهەق بەو شەڕانە دەیكردن، دۆڕانی شەڕی شەوانەی دایكم رۆژ لە دوای رۆژ بەرامبەر بەمێ رقی ئەستوورتر دەكردم، بەرامبەر بەو مەخلوقەی لە هەموو كاتێكدا زەعیفەیە، بەتایبەتی لەنێو پێخەفی نووستندا، باوكم چەند عەیارانە دەوری دایكمی دەدا و، وەكو ئەوەی لە رۆژگارە دوور و درێژەكانی تەمەنیدا هیچ شتێك، هیچ ناخۆشییەك رووی نەدابێ، تەنیا دایكم نەبێ لە سەرەتادا بەیەك دوو نای بێ هێزەوە دەچوو نێو ئەو شەڕەی هەر لە سەرەتاوە دۆڕانەكەی مسۆگەر بوو، ئەو شەڕەی پێش هەڵگیرسانی براوەكەی دیاربوو، بەلاّم چی دەكەی داخیل بوونی دایكم بەو شەڕانە، یەكێك بوون لە خاڵە لاوازەكانی ئەو، هەر ئەوەش ئەو پێوەندییە دوو بوونەی نێوان ئەو و باوكمی هێشتبۆوە، تەنیا ئەو سەرینە ببووە بەردەوامی مانەوەی ئەو پێوەندییە، زۆر جارانیش لە دانیشتن و گفتوگۆكانی نێوان ئێمە و دایكم ئەوەمان گوێ لێ دەبوو كە باوكم نیازی ژنهێنانی هەیە، بەلاّم دوای كرانەوەی دەروازەكانی ئێرە و هەندەران، باوكیشم قاچەكانی كراوە لە كوشتنی ئەو شەهوەتەی دایكم بەم دواییە نەیدەتوانی بەو تەمەنەوە فریای كوژانەوەی بكەوێ، بۆیە سەفەرە درێژەكانی باوكم تەواوی ئەو قسە و باسانەی لە بیر بردینەوە، دایكیشم ئەوەی زۆر پێ خۆشتر بوو لەوەی چاوی هەوێكەی ببینێ، چونكە بینینی خۆی بەتەنیا لە ماڵەوە، بەجۆرە گەورەییەكی دەزانی، ئەگەرچی گفتوگۆی نێوان خۆیی و باوكم زۆر ساردیش بوو، بەلاّم جۆرێك لە ئاسوودەیی و دڵخۆشیان بەدایكم دەبەخشی، كە باوكم لەسەر

ئەو هەمموو دەوڵەمەندی و سەروەت و سامانەیەوە تا ئێستە نەیکردۆتە دوو ژن، ئەمەش بۆ دایکم سەر بڵندیەك بوو، کە هەمموو جارێ بەگوێیانی دادەچرپاند و دەیگوت باشی و وەفای خۆمە باوکتان ژنی بەسەر نەهێناوم، بەڵام لە کوێ؟ ئای دایکەی داماو و کلۆڵ نازانی دێوی دیوەخانی ئەو مێردەی تۆ چ دڕندەیەکە بۆ خۆی، نازانی ئەوەی تەنیایی تۆی لەو ماڵەدا هێشتۆتەوە شتێك نییە ناوی وەفا بێ، بگرە زنجیر کردنی ئەو دێوەیە بەزنجیرێکی ئەستوورتر، کوژانەوەی پشکۆکانە بەئاوێکی فێنکتر و ساردتر، نەك ئەمەك و وەفای تۆی دۆڕاو لە هەمموو شەوەکاندا، لەهەمموو شەڕەکاندا

# بەشی چوارەم

ئەگەرچی دکتۆری شاران نەما بۆ تیماری دەردەکەم چەند ڕێنماییەك و چەند دەرمانێکی نووسراوی سەر ڕێچێتەکانی بەکار نەیەنم، بەڵام چارە بۆ من ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوورتر دەکەوتەوەو، هێدی هێدی گەرمایی لە قاچەکانم بەرەو کزی دەڕۆیشت، لەشم دادەهێزراو، ئارامیم بەرەو شێواوی دەچوو، بەڵام ئەوەی هەرگیز لە یادم نەچێتەوە چرپەی ناگەهانی ئەو دکتۆرە سەر گەورەیە بوو، کە بەنیمچە ئاشکرا و نهێنییەکەیەوە بەباوکمی گوت (بیبەنەوە و بەتەمای خوا بن، چیتریش پارەی لێ خەرج مەکەن) ئەو بێ هیوا کردنەی من لەو ساتەدا ئاگرێکی گەورەی لە ناخی مندا هەڵگیرساند و، جەستەی کردمە کورەی دۆزەخ، ئاخر بێنە بەرچاوت، چەند ناخۆشە تروسکەی هیوای چاکبوونەوە لە کەسێکی نەخۆش بکوژێنیتەوە، چەند نیگەرانییە بۆ کەسێك کە بۆ سبەینێیەك دەژی بەکۆمەڵێك خەونی ڕەنگاوڕەنگەوە، کەچی تۆ خەونەکانی هەڵبزرکێنی، ناخۆشە ناخۆش بەکەسێك بڵێی بگەڕێوە ژیان تەواو، دەزانی ئازاری ئەم گوفتارە چەند کاریگەرە، تا لە شوێنی من خۆت نەبینییەوە، نازانی چاوەڕێی مەرگ بوون چەندە سەختە، چەند گرانە پێت بڵێن تەواو، هەتوانێك نییە بۆ ئەو زامانەی کەوتووەتە جەستەی

تۆ، ئاخر بە درۆش بێت خۆشە دکتۆرێك هیـواو ئومێـدت پـێ ببەخشـێتەوە لـە کاتێکدا تۆ بۆ بەدەستهێنانی هەتوانێك ئامادەی سەرکەوتنی قوللەی قافی، نازانم پیشەی دکتۆری وایە، یاخود ئـەو دکتـۆرە ئەوەنـدە ویـژدان مـردوو بـوو، کـاتێ ئەوەندە بێباکانە گوتی تەواو.

کەس نازانێ نەخشی دەمی ئەو دکتۆرە تیغی چ خەنجەر و چ چـەقۆیەك بـوو، چ زۆردارانەو بێ بەزییانە گوتی ژیانی تەواو، لەو رۆژەوە من هـەموو دەم بـەدەم بیرکردنەوەی ئەو قسەیە دەمرم و دەژییێمەوە.

ئەو رۆژەی لە سەفەری ئەو شارە گەڕامەوە، چەند ماندوو بووم، دە ئەوەندەی تر پەرێشانی ئەو دەردەی خۆم بووم، هـەواڵی چـاك نەبوونـەوەم بـووە برینێـك و، زووخـاوی زۆرتـر و ئـازاری کاریگـەرتر، هەمیشـەش ئـەو قسـەیەی دکتـۆر لـە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە (با چاوەڕێ کـات) چـاوەڕوانی زرنگـەی دەهـات لـەبن گوێمدا، نە جارێـك و نـە دووان و نـە دە، کاسـی دەکـردم، لـەو دەنگـە بـترازێ گوێبیستی هیچ شتێکی تر نەدەبووم، هەر لە دوای ئەو سـەفەرە، ئـیتر بەشـێکی زۆری ژیانم بووە بیرکردنەوە لە ساتی گیاندان و، ئەو دەمانەی چاو دەچێتە ژوانـی بینینێکـی ئەبـەدی، ئـەو کاتـەی هـەموو ئەندامـەکانی جەسـتە بـۆ یـەکجاری رادەوەستن و گیان دەچێتە دەرەوەی ئەو بوونەی لە بۆتـەی جەسـتەیەکدا گـوزەری کردووە، ئەم بیرکردنەوانەم بەدرێژایی شەو و رۆژەکـان هێـدی هێـدی خزاندمیانـە جۆرێك لە دروستکردنی سەفەری رۆح، سەفەرێك بەچاو نووقانێك هـەر شـوێنێکم بویستایە، بە خەیاڵێك و چاوداخستنێك دەگەیشتمە ئەو شوێنەی مەبەستم بـوو، وام لێ هاتبوو بەهەزاران میل لە ژوورەکەی خۆم دوور دەکەوتمەوە و، بەنێو گوڵ و چیمەن و هەموو ئەو سەوزاییەی ئەو پێدەشتانە گوزەرم دەکرد، وام دەزانـی ئـەوە خۆمم و لەنێو ئەو چیمەنەدا لەگـەڵ دۆسـت و ئـەحباب و هاوڕێکانمـدا پیاسـەی ئێوارانی ئەم باخە دەکەین، تاکو پوورە فاتم ئەو پیرەژنەی باوکم بۆ خزمـەتکردنی

من بەچەند قرۆشێکی کەم بەکرێی گرتبوو، بـۆ پێویسـتییەك یـان بـۆ نـانخواردن دەهات و چەند جارێك بانگی دەکـردم، کەچـی مـن هـەر لـە سـەفەرەکەی خـۆم نەدەکەوتم، تاکو پووره فاتم شانی راتەکاندم و چـەند جارێـك بەئەسـپایی بـانگی دەکردم، ئنجا لـەپڕ دەهاتمـەوە نێـو ئـەو چـوار دیـوارەی بەدەگمـەن نـەبێ جـێم نەهێشتووە، جـار جـارە نـەبێ، کـە پـووره فـاتم خـۆی خسـتووەتە ژێـر بـاڵم و پیاسەیەکی نێو ئەو باخچەیەم پێ دەکات، ئەو باخچەیەی هەموو تەمەنی منداڵی منی لە باوەش گرتووە، ئەو باخچەیەی چەندین جار بۆتە بزوانـدنی ئـەو هەسـتە پەنگ خواردووەی دەروونی من، ئەو هەستەی هەر لە منداڵیەوە زایە نێو چاوم و، تا ئێستەکەشی لەگەڵ دابێ، ناتوانم لەژێر سیحری ئەو روانینانەدا دەرباز بم، ئـەو چاو هەڵفڕینە زۆرجار بۆ من بۆتە بەڵا و، گۆبەندی بۆم ناوەتەوە، لـە قسـە کـردن لەگەڵ هاوڕێکانم، لە بازاڕ، لە قوتابخانە، تاکو لـە ماڵیشـدا تووشـی هەڵوێسـتی ئەوەندە سەیری کردووم هەر یەکێك بۆ خۆی چیرۆکێکە، ئێستە دەزانم مـن بۆچـی کڵۆڵ دەرچووم، چارەنووسم بەو رۆژە گەیشت کـە ئێسـتە وا تێیـدام، تـازە زانـیم بۆچی مامۆستای قوتابخانەکەمان هەر بەدوایدا دەنـاردم و پرسـیاری جۆراوجـۆری ئاراسـتە دەکـردم، دەیدوانـدم و دەیدامـە بـەر پرسـیاران تـا ئـەو سـاتەی لـە تاسـبردنانەوەکانیدا مەسـت دەبـوو، ئـەو کاتـە بەشـڵەژاوییەکەوە لـە بـەردەم خڕبوونەوەی قوتابیان و مامۆستایاندا دەیگوت دوایی باشە، منیش لـە سـیحری ئەو بانگکردن و راوەستان و پرسیارنە تێ نەدەگەیشتم، لە روانینە قووڵەکان، لەو سەرنجە پەنهانانەی ئـەو مامۆسـتایە و کەسـانی دیکـەیش ئەوانـەی رووبـەڕووم دەبوونەوە لە هەر کارێکی رۆژانە، ئەو بۆنفرۆشەی ببووە مەعمیلم لە کڕینی بـۆن و مکیاژ و هەموو ئەو داوودەرمانانـەی بـەکارم دەهێنـان، قومـاش فرۆشـەکەی مەعمیلی دایکم، ئامۆزاکانم، ئەو ئامۆزایەی دواجـارو لـە دوا یـەکتر دیتنـەوەدا گوتی: تا دەمرم سیحری ئەفسوونی ئەو چاوانەی تۆ لـە نـاخم ناسـڕێتەوە، لـەبیر

ناچنەوە، ناسك سیحری ئەو چاوانەی تۆ چییە، دەزانی تێربوون لەو هەستانە، لەو روانینە قووڵانە، مەحاڵە مەحاڵ، من سەیری هەر ئافرەتێکم کردبێ، سیحری ئەو چاوانەی تۆم لە کەسیاندا بەو شێوەیە نەدیتووە، پوورە فاتمیش هەموو جارێ کە بۆ شتێك بانگم دەکات و لە چاوهەڵێنانی مندا چاو دەبڕێتە چاوم و دەڵێ: (بسم الله) کچم ئەوەندە دوور مەڕوانە، تیری چاویشت ئەوەندە بەخەستی مەکە کەس، کە پوورە فاتم ئەو قسەیەی کرد، لە خۆم وردبوومەوە، تۆ بزانە پیرەکانیش هەست بەئەفسوونی چاوەکانی من دەکەن، پوورە فاتم ئەو ئافرەتەی سێ جار شووی کرد بوو، بەخت یاری نەبوو، لە هەرسێکیان تەنیا منداڵێکی بەقیسمەت نەببوو، تاکو لە ژیانیدا هاوجووت و هاوڕا بەیەکەوە بگوزەرێن، هەموو جارێ چیرۆکی یەکێکیانی دەگێڕایەوە و، بەکامی دڵ قسەی دەکرد، ئەو چیرۆکانە سەربردەی خۆشی تێدا بوو، بەڵام لە رێکەوتنی هەر یەکێکیاندا من هەستم دەکرد درزێك لە چێبوونی ئەو پێوەندیەدا هەبووە، هەر بۆیە لەگەڵ گەورەبوونی درزی پێوەندییەکان و بەسەرچوونی ئەو هەموو شەو و رۆژانە، تا لە کۆتایی ئەو کێشە و گرفتانەی کە پوورە فاتم باسی دەکرد، کار لە کار دەترازا و پێوەندییەکان کۆتاییان پێ دەهات.

دەیگێڕایەوە گوایە ئەو وەختەی ئەو تازە تۆغیانی بووە، چەندان کوڕگەڵ دەورەیان داوە، بەڵام ئەو زۆر لووت بەرزانە لای لە کەسیان نەکردۆتەوە، تەنیا عەولای مێردی یەکەمی نەبێ، کە تاکە پیاو بووە لەنێو ریزی جاحێڵاندا، هەمیشە دیار و بەرچاو بووە، پاش چەندین هەوڵ و تەقەلا ئینجا ژوانێکی لێ وەرگرتووەو، رازی دڵی خۆی بۆ درکاندووە، ئەو دەمەی دەستی بەگێڕانەوەی سەربردەکانی خۆی دەکرد، لە هەندێکیاندا هۆن هۆن فرمێسکی دادەباراند، لە هەندێکیشیاندا جوێنی دەدا و، دوعای سەیر سەیری لێ دەکردن (کچم پوورت ژن بوو نە گەمە، بەڵام چی بکەم بەخت و نێوچەوانم وای هێنا) ئنجا دەستی پێ دەکردەوە، ئەو شەوەی دەبوایە عەولا ببینم، شەوێك بوو لە ژیانمدا شەوی وا

تاریك و ئەنگوستەچاوم نەبینیوە، نازانم ئەو چۆن وێرابوو بێت، بەهەشـتاوی خـۆم گەیاندە ئەو پەنا دیوارەی ماڵی ئێمە و، دراوسێکەمانی لێك هاوێر دەکرد، تـاکو نەگەیشتمە ئەو پەنا دیوارە، نەمدەزانی ئەو لەوێ ئامادەیە، تەنیا دەستی گـرتم، لە دڵەوە پاڕایەوە و گوتی:(کچێ من سووتاوم لە بۆت، ئەوە بۆ ئاگایەکت لە مـن نییە، دەتۆزەك رەحمت بێت، بڕوا بکە لە تۆ زیاتر دڵم بەکەس ناکرێتەوە، تۆی لێ دەرچێ کچی گوندی دایك و خوشکمن) رۆڵە تەنیا ئەو دڵخوازی خۆم بـوو، تـەنیا ئەو دەیتوانی دڵەی مشت لە عەشق و ئەڤینم لە باوەش بگرێ، لە بەیانییـەوە تـا ئێوارە سەپانی دەکرد، ئێوارانیش کە لە ئـیش دەگەڕایـەوە، وەکـو ئـەوەی هـەر ئیشی نەکردبێ دەست لە ملانم دەبوو، بەس ئەوی لێ دەرچـێ، دەنـا ئـەوانی تـر تەنیا بۆ گوزەران و شوێنێکی حەوانەوە بوو، دەنا هیچیان نەیاندەتوانی رێچـکەی عەشقی ئەو کەڵەمێردەم ئاوەدان بکەنەوە، نەیانـدەتوانی بـە بـەردەوامی شـەوان ئاوی خۆیان بڕژێننە ئەو پاوانەی بە هەموو دەم کرفەی دەهات لـە تێنـوان، ئـەو جۆگەیەی ئاوی دەگەیاندە چیمەنەکانی ناخ و، هەمیشە عەودالی ئاوپرژێن بـوون، بەڵام لە بەختی من عەولا تەمەن کورت بوو، هێشتا تەواو ئـاوێزانی یـەك نـەبوو بووین، مەرگ بووە میوان و، ماڵی گەرم و ئاوەدانی لێ سارد کردمەوە، ئاگردانی پڕ لە پشکۆی لێ کوژاندمەوە.

بەڕامان و روویەکی پڕ لە ویقارەوە پرسیم: پوورە فـاتم نـەخۆش بـوو؟ (نـا کوڕم، نازانم، هیچ باسی نەدەکرد، بەڵام ئەو وەختی وەکی ئێستە دختۆر ئەوەندە زۆر نەبوو، گوتیان وەرەمیتی، ئەوجا نازانم،) بەڵام ئەو رۆژەی کە عەمری خوای بەجێ گەیاند هەتا هەفتەکی لەسەر سەر دەسووڕام، وەخت بوو شێت ببم شێت، (بەڵام رۆڵە بنیادەم قایمە قایم، بەهیچ شتێك دانایێ تەنیا مـردن نـەبێ)، دوای ئەویش چەند ساڵان لە ماڵێ دانیشتم، بەڵام کچەکەم ژیان بەتەنێ ناقەتێ، خـۆ ئەگەر منداڵێکیشم هەبوایە ئەوا لەسەری دادەنیشتم و شووم نەدەکردەوە، بەڵام

من لەوەشیان هەر بەخت رەش دەرچووم، (ئێ رۆڵە دەوی خەڵکیش کونە دیـوار نییە قوڕی دەی) ناچار بووم شوو بکەمەوە، کە شووشـم کـردەوە لـەزەتم بـەدی نەکرد لە تێکەڵ بوونی ئەو جەستانەی جاران لەزەت بەخش بوون، ئـیتر رۆژ لـە دوای رۆژ جەستەم دادەچۆڕا، ئەوەی ئومێد بوو لەو دنیایە بەدیم نـەدەکرد، تـا رۆژێکیان هەواڵیان بۆ هێنام کە بەقەزاوقەدەر لە ناوبژیوانی شـەڕێك کـوژراوە، ئیتر بەیەکجاری هیوا بڕاو بووم لەوەی کە جارێکی تر شوو نەکەمەوە، بەڵام خوا ئەو کەسە بگرێ کە شووی سێیەمی پێ کردمەوە، بەڵام رۆڵەکەم ئەوەی رازیشی کردم تەنیا گوزەران و پەنایەك بوو بۆ مانەوە، ئەگینا سۆزێکم لا نەما بـوو بـۆ راکشان و تێکەڵ بوون، ئەویشم بەنسیب نەبوو، ناچار سـەری خـۆم هـەڵگرت و لێرە خوا و راستان گیرسامەوە، ئێستە لێرە زۆر ئاسوودەترم لەو رۆژانەی بـەدەم شەوە درێژەکانی نێـو نوێنـە مردووەکـان دەتلامـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەهەموو دەم کەسەرێك لەسەر دڵمە و، توند ئەوکێی ئارەزووەکانمی گرتووە لـە هەست نەکردن بەهەموو ئەو لەزەتەی کە لەم ماڵەدا هەیە و، من هەسـتی پـێ ناکەم، هەر بۆیە بەهەموو دەم نا ئارامم، دوودڵـم لـەوەی کـە لـە چ بـەیانێکا بەیەکجاری چاو لێك دەنێم.

کە پوورە فاتم چاو لێکنـانی بـەبیر هێنامـەوە، سـەیرێکی پەنجەرەکـەم کـرد پەردەکانی دادرا بۆوە، بەڵام قسەی دکتۆرەکە دووبارە لە گوێم زرنگایـەوەو، بـیرم بۆ ئەوە چوو کە من دەبێ لە چ ساتێك و لە چ کاتێکدا چاو لێك بنێم، ئەو کاتـە بەیانیانی پڕ لە شەکەتیمە، یان ئێوارانی هەراسان بەدەم ئەو خەونە یەك لـە دوای یەکانەی نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی.

بەهـەموو دەم بـیرم لـەو ماڵـە دەکـردەوە کـە چـۆن مەخلۆقـەکانی بـەدەم مەشغولیو سەرقاڵی کاری رۆژانەیان چۆن کەس ئاگـەی لـە دەردی کـەس نییـە، کەس بەدەم ئازاری براکەی، خوشکەکەی، تا دایك و باوك و مام و ئامۆزاکـانیش

تاوێك نایەنە رامان و هەڵوەستەکردن، ئەوە نییە من بەدەم ئازاری تلانەوەم لەنێو چاڵی مردن و مێرگی چاکبوونەوەدا کەسێك نییــە چــاك و چــۆنییەك، هیوایــەکی مژدەبەخشم پیێ ببەخشیێ، هیچ نا خەمڕەوێنییەك بــۆ ســاتیێ دوورکەوتنــەوە لــەو ئەندێشەو بیرکردنەوانەی کەللەییان کردووم بــەدەم ئــەو هــەموو دەردانــەوە، ئــەو هەموو مەینەتیانەی دەردیان گرانتر کردووم، تا دەگاتە خەمی ئەو ئامۆزایەی لــە دوا ساتی سەفەریدا ژەهرێکی کردە زامەکانم، کە قــەت نــەدەتوانم لــەبیر خــۆمی بەرمەوە، نەدەتوان فەرامۆشی بکەم، ئای ئامۆزای شیرینم، لەو رۆژەوەی سەفەرت کردووە تەنیا سڵاوێکی تۆم پێگەیشتووە، دەنا وەکیتر نازانم ئێستە هــەوای ئێــرە زوقم و دەردە بۆ سیەکانت، یــان ئێســتە وڵاتــی غــەریبی، خۆشەویســتی وڵات و شوێنی لەدایکبوونتی لا خۆشەویستتر کردوویتیەوە.

# بەشی پێنجەم

ئەو ڕۆژەی بەداوەتێکی گەورە هەموویان هاتنە ماڵمان، ئەوەندە سەلیقەم نەبوو سەیری هەموویان بکەم، بەڵام خوشکەکەی کە تازە ئاشنای یەکتر ببووین هەندێ باسی خۆیی و ئنجا هاتە سەر براکەی کە حەزی لەوەیە سەفەر بکات، بەڵام باوکی هەمیشە پرۆژەی ژنهێنانی خستۆتە پێشی و، ئەویش تا ئێستە ڕازی نییە ئەو بڕیارە بدات، خۆیشی خەریکی خوێندنە و ئەوەندە ئارەزووی لە پیاو نییە، تاکو چارەنووسی خوێندنەکەی بەلایەکدا نەکەوێ و، دوا ڕۆژی دەرنەکەوێ، جارێ هەرگیز بیر لە شووکردن ناکاتەوە..! ئەمە سەرەتای ئاشتبوونەوەی ئێمە و ماڵی مامم بوو، کە دەمێك بوو لەسەر میراتی باپیرەم ناکۆکییەك کەوتبووە نێوانمانەوە، بەڵام ئەمڕۆ باری وڵات گۆڕاوە و، خزمیش لەم کاتانە لە یەکگرتنی نێوان خۆیانەوە، بەهێزی خۆیان دەبیننەوە، بەتایبەتی ئەگەر یەکێك دەوڵەمەند بێ و پاشخانێکی عەشایری هەبێت، بۆیە هەم باوکم ئەم پێکهاتنەوەی پێ خۆشبوو، هەم ماڵی مامیشم هەڵوێستیان باش بوو لە بەرامبەر ئەم ئاشتبوونەوەیە، چونکە کە میوانەکان ڕۆیشتن لەنێو باخچەکەمان باوکم لە بەردەم هەموومان گوتی (کوڕم، کچەکانم خۆتان دەزانن ڕۆیشتن لە ڕێگە بەتەنیا،

هەمیشە بیر ئاڵودەی خەتەرێك دەكات، بەڵام كە بوون بەدوو، بیر خاڵی دەبێ لەم جۆرە خەتەر و فكرانە، ئێستەش كە باری وڵات گۆڕاوە و چارەنووس دیار نییەو، رەنگە شتی واش بێتە ئارا لە عەقڵ بەدەر بێت، ئنجا خۆ خڕكردنەوەو خۆ قایمكردن و پشتوپەنا باشە بۆ ئێمەمانان، تاكو مانەوەی خۆمان و ئێوە و نەوەی ئێوەش مسۆگەر بكەین، بۆیە پێتان دەڵێم پێوەندییەكی باش و هاتووچۆیەكی گەرم لەگەڵ ماڵی مامتان دەست پێ بكەنەوە، كوڕەكانم من دنیا دیتەم، لە زروفی ئاوەهادا، تەنیا خزم دەتوانێ پشتت بگرێت، ئەگینا دەرگەی پۆڵایینی ماڵت تەنەكەیەكە خۆی لە بەردەم بچووكترین هێز ناگرێ)، ئەمە سەرەتای ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان ئێمە و ماڵی مامم بوو، كە ئەو كاتە تازە دەكەوتمە نێو تەمەنی بالق بوون و تێگەیشتن لە یەكترناسن و زانینی واتای هاوڕێیەتی، بۆیە زۆر بەوردی كەوتبوومە دوای ئەو خەونە سەوزانەی هەمیشە منیان دەخزاندە نێو دنیای رەنگاوڕەنگی ئەو شەبەنگانەی ناسنەوەیان زەحمەت بوو، ئەو دەمە من بەدەم خەونەكانی خۆم بەدوای مانایەكدا دەگەڕام، هاتووچۆی نێوان ئێمە و ماڵی مامم پێوەندی نێوانمانی گەرم كردەوە، ئاشنا بوونیشم بەو ئامۆزایەم رێك لە توانەوەی ئەو لەنێو ئەفسوونی چاوانی من و، سەرنج و تێڕوانینە سەیرەكانی ئەوەوە سەرچاوەی گرت، هاتووچۆی بەردەوامی ئەو بۆ ماڵی ئێمە پێوەندی ئەوینی نێوان من و ئەوی دامەزراند و، بووە بەشێك لە پڕكردنەوەی ئەو خەونانەی من دەمێك بوو نەخشەم بۆ دەكێشان، بەڵام ئەو لە سەرەتادا گوتی نیازم نییە بارگەی خۆم لە هەواری هیچ ئافرەتێكدا بخەم، چونكە من سەفەرییم، رەنگە سەفەرێك بێت تا ئەبەد بەتۆ و بەو شارەم نەگەینێتەوە، ئەگەرچی ئاشنابوونمان بەیەك دەیان ژوانی لێكەوتەوە، باخەكەمان دەیان ژوانی ئێمەی لە باوەش گرت، بەڵام بێ ئۆقرەیی ئەو، چارەنووسی ئەڤینی ئێمەی لە دووڕیانێكدا هێشتەوە.

ئەو دەمانەی ئێمە دەچووینە ژێر سێبەری دار پرتەقاڵە نارنجییەكان و

هەرمێیە زەردباوەکان، باڵندەکان دەکەوتنە هەلەکە سەما و جریوە جریوی سەیر، یەکپارچە خرۆشان دایدەگرتن و، ئەو ناوە ڕەش دەچۆوە لەبەر ریشۆڵە و کۆتر و کوکوختی و چۆلەکە، بەهەڵفڕینی ئەوانیش دەستمان لە یەکتر بەردەدا و، دەمانزانی خشپەیەك بەڕێوەیە، تا دواجار ڕۆژێکیان هات و دەستی خستە نێو دەستم و تاوێکی زۆر قسەی کرد و، ئنجا بۆ یەکجاری خوا حافیزی کرد.

ئەو ڕۆژەی دواجار بوو دیتمەوە، زۆر عەجایب دوا، دوانێك تا ئەو ساتەی ئاشنای بوو بووم، بەم شێوەیەم نەدیتبوو، بەزمانێك ئاخاوت ئێستەشی لەگەڵدا بێ قسەکانی لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوەو، نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ ئەمە قسەکانی ئەو ئامۆزایەم بێ، کە هەرگیز لە هەموو تەمەنی یەکترناسین و خۆشویستنمدا گوێبیستی ئەو جۆرە قسە و گفتوگۆیەی نەبوویم، چونکە ئەو هەمیشە دوودڵ بوو لەو بەیانیانەی لە ئێوارەکانیدا دەژیا، هەمیشە لە زەردایی ئەو ئێوارانەی بە خەمگینیەکەوە دەیڕوانییە ئەو ڕەنگە سوورە تەڵخەی یەکپارچە بەری ڕۆژئاوای تەنیبوو، رادەما و دەیگوت (من لە سووری تەڵخی ئەو ئێوارانەدا، زەردەپەڕی ئاسۆ نابینم) ئنجا بێ دەنگی دایدەگرت و، دوایی هەر خۆی سەیری منی دەکرد و دەیگوت (روونی ئاسۆ، لە ئێوارانەوە دەردەکەوێت، بەخت و نێوچەوانی منە هەرگیز ئێوارەیەکی ئەو وڵاتەم لە بەیانییەکی ئاسۆ روونیدا نەبینیوە) داجاریش کە ماڵئاوایی کرد گوتی (لە بەردەم ئەو چاوانەی تۆدا هەست بەئاسوودەیی دەکەم، هەست دەکەم حەسانەوەم لە پانتایی ئەو دوو چاوانەی تۆدا دەگاتە کەشکەڵانی ئۆقرە گرتن، بەڵام ئەوەی هەمیشە بارگەی کۆچی لە پشت ناووم، ساتی ئەو بەیانییانەیە کە لە ئێوارەکانیدا بێ ئۆقرەم، ئەو ئێوارانەی بەدەم نەخەوتنەوە پەرێشان و گرفتارم و خەو نازێتە چاومەوە).

تەنیا ئەو ڕۆژە جدیەتی ئەو ئامۆزایەم بۆ دەرکەوت، کە چەندە پەرێشانی ئەو ئێوارانەیە کە لە بەیانیەکانیدا مەلوولە، چونکە ئەو هەمیشە لە ژیانیدا شتێك

نەبوو ناوی جدیات بێت، بگرە گاڵتەی لەهەموو شتێك دەهات، هەر ئەوەش بوو پێوەندی ئەڤینی نێوان من و ئەوی زۆر دواخست، چونکە ئەو لە گفتوگۆ کردن و هەڵسوکەوتیدا ئەوەندە سەرەڕۆ دەهاتە بەرچاو، ئەوەند دنیای بەفشقیات گرتبوو، قەت باوەڕم نەدەکرد ئەو ئەوەندە بەقووڵی لە دنیای روانیبێ، ئەوەندە تامەزرۆی ئەو سۆزانە بێ کە سەرچاوەکەی لە هاوسەنگی نێوان ئێوارە نارنجیەکان و ئاسۆی بەیانیدا دەردەکەوێت، کاتێکیش ئەم هەستەی لای من ئاشکرا بوو، من لە دەست دەرچوو بووم و، ئەویش لە لێوار کەناری سەفەرێکی ناگەهاندا بوو.

دەربارەی سەفەرەکەشی گوتی چەند ساڵێك لە رامکردنی ئارەزووەکانم کەوتمە خۆشویستنی گوڵ و گوڵزار و دار و درەخت و دەوەنی وڵاتەکەم، چەند ساڵێك وەکو کێوییەك لە بۆنکردنی ئەو لەتە شاخانە نەشئەم وەردەگرت و، باز بازانێم بەسەر هەموو ئەو هەڵەت و کێو و بەندەنانەدا دەکرد، سەرم دەخستە نێو ئەو ئاوە سازگارەی کانی بنار کێوان و، خۆم دەخستە سەر ئەو بەفرە زیوینەی کوێستان، چەپڵەم بۆ کەنارییەکان و هوتافم بۆ قاسپە قاسپی کەوەکانی سەر لووتکە لێ دەدا، دەنگم تێکەڵ بەچریکەی ئەو مەلانە دەکرد، لە ساڵێکدا یەك وەرز میوانی وڵاتەکەم بوون، شەوان هاوڕێتی ئەو هەموو گیانەوەرانە بووم کە بەیەکەوە لەنێو یەك ئەشکەوتدا شەومان بەبەیانی دەسپارد، ئای چەند ئەودالّی ئەو چیمەنانە بووم لە راختنی سەرخەوێکدا، چەند ساتێکم دەکردە مەستی ناخ، ئەو ساڵانەی لەم کێوهەردانەدا گوزەراندم، تەواو ببووم بەبەشێك لەم خاکە، هەمیشەش لە خەیاڵی ئەوەدا بووم ئاخۆ جارێکی تر لە گۆڤەندی ئاشتبوونەوەمان بەشار، بتوانین بەبێ بۆنی ئەم شاخانە هەڵبکەین، یاخود تۆ بڵێی هەر ئاشنابینەوە بەشار، تۆ بڵێی هەوای پڕ لە گەردی شار سییەکانم نەگرێ و، جارێکی دیکە هەڵەتەی شاخانم نەکاتەوە، تۆ بڵێی گەرد و تۆزی شار بەرچاومان لێڵ نەکا و، گوڵاڵە سوورەکانی شار لەبەر پێما نەپلیشێتەوە.

ئەم گورزە ئەندێشانە بەتاو تێدەپەڕین و، ئەوەندە بەرهەوەستی ئەوەیان نەدەدام بیانکەمە قسەیەك بۆ گێڕانەوە، چونکە باسکردنمان لە گوڵچاندن و چۆنیەتی بەخێو کردنی ئاسك و دێراوی درەخت و، بەرز ڕاگرتنی شاخ یەکێك بوون لەو وانانەی بەبەردەوامی مامۆستاکان بۆیان دووبارە دەکردینەوە، خەفەریاتی دارهێنان و چێشت لێنان و قاپ شوشتن، هەمووومانی فێرە یەکسانی کردبوو، هەمووومان لەنێو سەرگەرمی گفتوگۆی بەیانی شاد بوون بەزەردایی ئاسۆ، لە چاوەڕوانی بەردەوام دابووین، سووڕانەوەمان لەنێو ئەو هەموو دۆڵ و کێو و لووتکە شاخانەدا، ئێمەش ببووینە بەشێك لەو ئارامیەی وەکو ڕۆحی ئەم کێوانە مەست ببوون لە سامناکی، هەر ئەمەش پێوەندییەکی گیانی بەگیانی لە نێوانماندا دروستکرد بوو، ئەو لە پاراستنی ئێمەو، ئێمەش لە خۆشویستنی ئەو، دواجار کە خواحافیزیمان لە یەکدیی کرد بەو مەرجەی کەسمان لە ژوان یەکدیی بێ بەش نەکەین، بەڵام داخەکەم جەنجاڵی شار و غوباری بەردەوامی بیابان و چرپە چرپی ئاغا و ڕەعیەت کەشی ئارامیان شڵەژاند و، سووری گەشی ئێوارانی ئەم شارەیان تەڵخ کرد، خۆشت دەزانی، تەڵخ بوونی هەر ئێوارەیەك، خەمباری ئەو بەیانیانە نیشان دەدات کە بوونی ئێمەی چارەنووس نادیار لە گێژەلووکەی خۆی دەئاڵێنێ، لەو ساتانەشدا کەس هەوایەکی فێنکت پێ نابەخشێ بۆ هەناسەدانێکی ئارام، دەپێم بڵێ من دوێنێ خاوەنی ئەو هەموو لەتە شاخ و لووتکە بەرزانە بووم، بۆ ئەمڕۆ بستە خاکێك نییە پەیوەستییەکم بەو خاکەوە بۆ دروست بکات، لووتکە بم بوورە خەتای من نییە، ڕەوەزە شاخ لە سۆمای چاوانم مەچۆرە دەرەوە، من بێ ئەمەك نیم، ئاسکە کێوییەکان ئەندێشەمان چۆڵ مەکەن، ماوەی ئەوەمان نەماوە بۆ یەکدیی دیتن، چیمەنەکان، کێڵگە و ڕەز و باخ و بێستانەکان، تەیروتوار و گیانەوەرەماڵی و دڕندەکان، کانی بناران، ڕووبار و چەم و ئاوە سازگارەکان لە هەموو ئەو منەتانەمان خۆشبن ئەوەندەی ئێمە بەسەر ئێوەماندا کرد.

ئای ئامۆزاکەم: ئەو دەمانەی مرۆ دەچێتەوە ناخی سروشت و سروشت وەکو خۆی دەبینیٚ، چی رق و توندوتیژییە نایمێنیٚ، ببووە نەریتمان کە دەمانبینی رەوەزە شاخ لە پشتمانەوەیە وەکو نەریتێك تفەنگەکانمان کلیل دەدا، هەر وەختێکیش دەگەیشتینەوە نێو هەلّەتی ئەم کێوانە، چی بالّندە هەبوو بەسەر چەکەکانمانەوە دەنیشتنەوە، چی گیانداری ئەم کێوانە هەبوو بەدڕندە و ئەوانی دیکەوە بەپیرمانەوە دەهاتن و، دەست لە ملانی یەکدیی دەبووین، هەم ئێمە و هەم ئەوان، راهاتبووین ببینە بەشێك لە سروشت، لە برسیەتیشدا پەنامان بۆ یەکدیی نەدەبرد، بگرە سەرچاوەی خواردن و خواردنەوەمان ئاو و ئەو رووەکانە بوو، کە دیمەنێکی جوانتریان بەناوچەکە بەخشیبوو، کە دەشماندی چۆلەکەیەك، یان گیاندارێك نەخۆشە یان بەبیٚ ئاگایی ئێمە مردووە، هەموومان تاس دەیبردینەوە، هەموومان لە ئاخ هەلّکێشانی ئەو کۆستەماندا زەمەنێك دەچووینەوە بەرقاپی ئەو قەدەرەی کە دەبیٚ هەر یەکێك لە ئێمە رۆژیٚ بیٚ و مالّئاوایی یەکجارەکی لەم سروشتە بکات، چەند ساتێك رێمان دەکردەوە، ئەو کاتانەش کە هەستمان دەکرد رەشەبایەك بەرێوەیە و، نیازی لە رەگ هەلّکێشانی رەز و کوێرکردنەوەی کانییێکە، هەموومان دەستمان تێك دەگرت و، لەبەری ئەو رەشەبایەدا دەبووینە پەرژین، کە ئاراستەی بایەکەشمان دەگۆڕی، سەربەرزانە و دەم بەخەندە دەگەڕاینەوە، ئەو ساتانەش کە بایەکە رەزێکی دەشێلا، یان درەختێکی لە رەگەوە دەردەکێشا، هەمووومان مات ومەلوول، ماندووانە دەکەوتینە شین و واوەیلای ئەو کۆستە، چونکە تەنیا خۆمان دەمانزانی ئازاری ئەو کۆستە چەندە و، رەگی ئەو درەختە رێیەکی ها لە ناخی ئێمە، کە درەختەکە گیانی دەدا، برینێکی گەورەشی لە جەستەی ئێمەدا جیٚ دەهێشت، ئای ئێستەش لە بیرم ناچێتەوە، ئەو شەوەی بەفر یەکپارچە ئەم

شاخانەی سپی کرد بوو، چی بولبول و کەناری ئەم کێوانـە هـەبوو کەوتنـە جیکە جیکی خەتەری رەشەبایەك کە رەنگە لەم نێزیکانە هـەڵبکات، هـەر بـەو شـەوە کەوتینـە خـۆ، گوێمـان بـەزریان و بـەفر نـەدا، لـە پێنـاوی مانەوەماندا، لە پێناوی بەرز مانەوەی ئەو شاخ و سروشتە جوانانە، شتێك نەبوو ناوی ترس و ماندوو بوون بێت، یەك دەست ریزمان بەست، هاوڕێکەی تەنیشتم بەچرپە لەبن گوێم گوتی: وریای مـن بـە دڵـم لای گوڵەنـدام جـێ هێشتووە، بەڵام توخوا لە هەڵوشینی ئەو رەشەبایە بەهێزەدا، دوا قسەم بـۆ ئەو ببەوە کە لە ماڵەوە دەرچووم بیرم چوو پێی بڵێم، یان راستتر بڵێم شەرم، شەرم چۆن سەر دڵی ئێمـەی گرتـووە و، نـاتوانین لـە بەرامبـەر دڵخـواز و خۆشەویستی خۆشماندا راز و نیازی دڵی خۆمان بەیانکـەین، لـەو قسـانەدا بووین لورەی بایەکە کاسی کـردین، هەریـەك لـە لای خۆمانـەوە کەوتینـە بەرگری کردن لەمانەوەی سروشت وەکو خۆی، لە پاراسـتنی ئـەو دەڤـەرەی ببووە بەشێك لە هەست و سۆزی ئێمە، دواجار کە لە پەنا بەردێك بینیمەوە خەریکی گرێدانەوەی مولولەکانی خوێنی قاچەکانی بوو، بەورە بەرزییەکەوە قسەی کرد و گوتی: (باوەڕ ناکەم بمـرم، بـەڵام ئـەوە دنیایـە ئەگـەر مـردم بەگوڵەندام بڵێ (هاوڕێ گـوتی مـن ئـەوم خۆشـتر دەوێ) هـەر بـەو شـەوە هاوڕێمان گواستەوە، هەڵگرتنی هاوڕێ بەنێو ئەو تاوێرە بەرد و هەڵـەت و شاخ و کێوانە و بەم بەفرە، کارێکی گەلێ سەخت بوو، دواجار کە گەیشتینە لای برینپێچـەکە، هـاوڕێ دوا هەناسـەی دا و ئیـدی کـەسمان گوێبیسـتی لەبزێکی دیکەی هـاوڕێ نـەبووین، هـەر بـەم شـەوە هـاوڕێی پێشـەوامان هەڵگرت و لە ریزی ئەوانەی هـەرگیز نـامرن بـە ئامـادەبوونی گوڵەنـدام و سەرجەم گیانلەبەرانی ئەو دەوەن و بەندەنە ناشت، ئینجا چـەند رۆژێـك لـە کۆڕی ماتەمینی هاوڕێ ئامادەبووین، لـە دواسـاتی ماتەمینییەکـە گـوتم

گوڵەندام هاوڕێ پێش گیاندانی گوتی بەگوڵە بڵێ (من ئەوم خۆشتر دەوێ) کە ئەوەم گوت کردی بەیەك شین و گریان ئەوسەری دیار نەبێت، شینێك لە گەرمەی ڕاگەیاندنی هەواڵی یەکجاری کۆچەکەیدا ئاوا نەبوو، دەگریا و دەیگوت توخوا وای گوت، منیش پەشۆکاو و خەمبارانە گوتم بەڵێ وای گوت، بەڵام من لە لوغزی ئەو ڕستەیە تێ ناگەم، پاش هێور بوونەوەی گوڵە، بەقوڕگێکی پڕ لە گریان و هەنسك گوتی (زۆر شەو من و هاوڕێ گفتوگۆمان لە بابەت سۆز و خۆشەویستییەوە بووە، بەڵام ئەو هەمیشە ڕای وابوو کە من و ئەو دەوەن و کێوانەی وەکویەك خۆشدەوێ) بەڵام نازانم چی وای لە هاوڕێ کردووە بڵێ (ئەوم خۆشتر دەوێ) ئەم ڕستەیە برینی بەیەکجاری هێنامەوە سوێ، ئێستە برینم گەورەتر بوو، چونکە ئەو کات باوەشم بۆ ئەو و هەموو ئەو چیمەنانە کرد بۆوە، ئەو کاتەش نەمدەتوانی پڕ بەهەناسەم بۆنی ئەو گوڵە نێرگزە بکەم، کە کەفوکوڵی سۆزەکانمی دەگرتە خۆ کە هاوڕێ بۆنەکەی بوو، بەڵام ئێستە ئەسەفی ئەوەمە لە هەموو تەمەنی خۆشەویستی نێوان من و هاوڕێ، جارێ نەمتوانی پڕ بەباوەشم باسکەکانمی تێوە بئالێنم و پڕ بەهەناسەم هەڵیمژم، چۆن نەگریم ها، دەپێم بڵێ هەقمە کڕ ببمەوە، ناهەقمە ئەگەر تا فرمێسك لە چاوەکانم وشك دەکات بگریم بۆ کەسێك لە دوا ساتی مردنی، پەشیمانی خۆی ڕادەگەیێنێ کە من ئێستە هیچم لە دەست نایە بۆی بکەم.

ئەو کاتە من بەسەرسووڕمانێکەوە گوتم چۆن دەکرێ خۆشەویستی وڵاتێك لەناو خۆشەویستی ئافرەتێك کۆ بکرێتەوە، بەڵام ئێستە دەزانم من پاش چەندین ساڵ لە هەڵگرتنی خۆشەویستی وڵاتەکەم لە کۆڵەپشتێکدا بۆچی نەمتوانیوە جێ نزرگەیەك بۆ نوێژی خۆشەویستی دیاری بکەم، بۆچی لە پانتایی ئەو خۆشەویستییە بەر فراوانەدا نەمتوانیوە پێوەندییەك لە نێوان سەرەتا و کۆتایی

ئەو سۆزە گریٚ بدەم.

ئێستە دەزانم تەواوی خۆشەویستی لێرەدا دەردەکەویٚ کە تۆ بتوانی ئەو پێوەندییە دووبوونەی خۆت بەکەسێکی دیکەوە ببەستیتەوە، گەر توانیت ئەمە بکەیت، ژیان خۆشەویست و، لەنێو بۆتەی ئەو خۆشەویستییەشدا گەردوون ئاوێتەی ناخ دەبێت و، هەموو ئەو دار و بەرد و دەوروبەرەی هەیە، یەکپارچە دەبێتە خۆشەویستی، هەر لێرەشەوە تێگەیشتم ئەوەی نەتوانیٚ تاکەکەسێکی خۆشبویٚ، ناتوانیٚ سەرتاپای وڵاتێك لەباوەش بگرێت و خۆشی بویٚ.

دەڕۆم.. سەفەرێك دەکەم تا بەرچاوی رامانم لەو رەنگە سوورتەڵخانە کاڵ نەبێتەوە، تا ئێوارە شووم و نەگبەتەکان رەنگی سروشتی خۆیان وەرنەگرنەوە، تا سپێدەکان نەبنەوە سەرەتای هەڵهاتنی خۆرێکی تر، تا ئێوارەکان نەبنەوە کۆتایی ئەو ناسۆرانەی لە هەموو بەیانییەکدا ژیان تاڵ دەکەن و سەرەتایەکن بۆ شوومیو نەگبەتی، من ناتوانم ئیتر بەنێو ئەو کۆڵان و شەقامانە گوزەر کردنم بکەمە دنیایەك بیٚ دەنگی، رۆچوونێك لەو هێمنییەی خەریکە دەمکوژیٚ، ئەو خۆ خواردنەوەیەی هەموو رۆژیٚ بەدەم ئەم بێدەنگییەوە ئاوێتەی ئەو دنیا سامناکەم دەکات، ناتوانم نا، دەزانم ئەم سەفەرە، سەفەری مەرگە، سەفەری تیاچوونی ئەبەدییە، سەفەرێکە هەنگاونانە بۆ تیاچوونێك لە نێوان مان و نەماندایە، بەڵام ئامۆزای شیرینم، هێزێك پاڵنەرێك لە هەموو سارد بوونەوەیەکدا، لە هەموو ئەو ساتانەی دڵ دەیەویٚ ئۆقرە بگریٚ و رەشماڵێك بکاتە شوێنێکی هەمیشەیی بۆ حەسانەوە، سەرلەنویٚ وەکو نێڵەدانی ئاگر، وەکو تەقینەوەی گڕکان، دێت و خانی چۆڵەی ئەو ئارەزووانەم تێکدەدات و، دووبارە بوخچەی کۆچم دەکاتەوە شان، دووبارە دەمهێنێتەوە سەر کەڵکەڵەی گەشتێك، بەنێو ئەو گوڵاڵە سوورانەی هەمیشە لە پێشوازین بۆ دوا ساتی ماڵئاواییەك، لە نێوان ئەگەری بەخت و چارەنووسدایە.

دەڕۆم بگرە ئەمە خوایە چرۆی ئەو ئەڤینەم لە دڵ چەکەرە بکات و، بتوانم لە

قوولایی ئەو ناخەی ئەمڕۆ هەموو شتێك بەڕەشی دەبینێ، تروسكاییەك خۆری سۆز بەدی بكات و، دووبارە سەرهەڵدانەوەم هەڵدانی رەشماڵێكی ئەبەدی بێت لەم خاكەی رەنگە تەنیا لە دوورەوە خۆشم بوویێت.

كە ئەو بەم شێوەیە دەدوا، من یەكپارچە رەق ببووم و چاوم هیچ شتێكی نەدەبینی، نەمدەزانی سەیری چی دەكەم، چونكە لەم ساتەدا هەموو جەستەم ببووە گوێ و، نەمدەتوانی لە تەواوی سیحری وشەكان بگەم، كە ئەو وەكو ئەوەی چوویێتە خەڵوەت و قسەی یەكێك بڵێتەوە، نەمدەزانی ورێنە دەكات یان باس لە راستییەك دەكات رۆژێ لە رۆژان بەشێك بووە لە ژیانی ئەو، هێندە نقوومیقسەكانی ببووم، دیمەنەكان هەموو دەهاتنە بەرچاوم، وام دەزانی منیش بەشێكم لەو تراژیدیایەی ئەو سەردەمانەی ئەو بەشێك بووە لەم سروشتە.

سەرسوورهێنەر بوو، كاتێ هاورێ بەدەم برینەكەیەوە هاواری لێ هەڵدەستا و دەیگوت، نامەوێ بمرم نا، ئاخر من گوڵەندامم خۆشتر دەوێ لەم دار و دەوەنە، گوڵەندامم خۆشتر دەوێ لە باڵندەكان، هاواری دەكرد و ناڵە ناڵی، شەوی هێنا بووە چرقەی نیوەڕۆیەكی گەرم، هێدی هێدی ئەو هاوارەی نزم دەبۆوە و، دەچووە حاڵەتی ژانێك بۆ ئەو دیوی هەست كردن بەزەمەنێك كە لە نێوان هەناسەیەك و چاو داخستنێكدایە، كە هیچ كەس و شتێك ناتوانێ وێناندنی ئەوە بكات ئەو هەنگاوە چۆنە، گەیشتن بەو ساتە چەند كاریگەرە، دواجار كپ بوونی هاواری هاورێ، هەموومانی وروژاند لە بەردەم ئەو وشانەی یەكەمجارمان بوو هاورێی مامۆستا، هاورێی پێشەوا فێری دەكردین لە چنینی گوڵ و رامكردنی ئاژەڵەكان و وانەی فێر بوونی زمانی باڵندەكان، ئەو هاورێیەی شەوان خەریكی گێڕانەوەی چیرۆكی درێژ و ئەو بەسەرهاتانە بوو، كە خۆیی و برادەرەكانی چەندین جار لەسەر لێواری مەرگ گەڕاونەتەوە، ئەو بەسەرهاتانەی چەندین برادەری تیا چوون و ئەو مایەوە،

لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەدا کە دەگەیشتە دوا ساتی چاو داخستنی ئەو ئازیزانەی چەندان ساڵ بوو بەیەکەوە لەم شاخانە ببوونە بەشێك لـە یـەکتر، چاوی پڕ دەبـوون لـە فرمێسـك و قـوڕگی پـڕ دەبـوون لـە گریـان، سـەری دادەخست، بۆ چەند ساتێك بێ دەنگ دەبوو، چەند جارێك سەری رادەوەشاند و دوایی دەیگوت تێ دەگەین، رۆژێ دێ و هەموومان تێ دەگـەین، رەنگـە ئەمڕۆ گونجاو نەبێ بۆ قسـە کـردن لـە کارێـك هێشـتا کـەسمان تروسـکەی سەرەداوی بەرئەنجامەکـەی نـازانین و، گومـانی ئـەوەش ناکـەین کـە بـەچ ئاقارێکدا دەکەوێتەوە، بەڵام دڵنیا بن رۆژێ هەر دێ ئەو راستییانەی ئێمە بەدوایدا ئەوداڵێن دەرکەوێ، ئەو کاتە کەسێك نییە ئەوە نەزانێ، کەسێکیش نامێنێتەوە تاکو ئەوە نەزانێ، ئەو کاتانە هەموومان هـزران لـە شـاڕێیەك دەکەینەوە، کە بمانگەیەنێ بە لووتکە و بمانکات بە لووتکە.

ئەو قسانەی هاوڕێ لە بیر کەسمان نەدەچـوونەوە، بـۆ چـەند رۆژێکـیش ببـووە سەرمەشـقی ئـەو گفتوگۆیانـەی کـە لـە نێوانمـان رووی دەدا، ئـەو کۆبوونەوانەی وەکو نەریتێك مانگانە سازمان دەکردن، هەر ئەمـەش مقـۆ مقۆیەکی زۆری دروست کرد و، رۆژانە هەر کەسـە و بـەجۆرێك باسـی لـەو قسانە دەکرد، کە هاوڕێ بەر لە چاو داخستنی کردوویەتی، هەبوو دەیگوت لە تاو برینەکانیەوە بووە، هەبوو دەیگوت وڕێنـەی کـردووە، هەشـبوو بـێ رەحمانە قسەی دەکرد و دەیگوت هاوڕێ دەستی لەگـەڵ ئـەو رەشـەبایانەوە هەبووە، کە جار جارە بەسەر ناوچەکەدا هەڵی کردووە، هەشبوو زیاتر لەوەی تێ دەپەڕاند و دەیگـوت: تـەنیا بـۆ هەڵخەڵەتانـدنی بـرادەران هـاوڕێ لـە ناوچەکەدا مابۆوە، ئەگینا هاوڕێ هیچ بڕوای بەم ژیانەی ئێرە نەبووە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان واقعیتر قسانی دەکرد سـەربازی ئاشـق بـوو، دەیگـوت هەرگیز بـاوەڕ ناکـەم هـاوڕێ ئەمانـەی هـەبوو بـێ، ئـەگینا هـەرگیز لـە

بەربەرستی ئەو رەشەبایە ئامادە نەدەبوو، رۆحی خۆی بخاتە بەر گێژەلوکەی لەناوچوون، هەر ئەمەش سەربازی ئاشقی زیاتر سەوداسەر کرد و چەند عەیامێك بێ سەر و سۆراغ مایەوە، کەس نەیدەزانی ئەم ئاشقە بۆ کوێ سەوداسەر بووە.

لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە مەست ببوو، بەشێوەیەك قسەی دەکرد زۆر جیاواز بوو لەو ساتانەی بەشێوەیەکی ئاسایی دەدوا، ئەو چەند ساڵەی ژیانی نێو ئەو شاخانە، شتی سەیریان فێر کرد بوو، ئەوەندە سادە و ساکار بوو، گەیشتبۆوە سەرەتای ئەو ئەلفەی سادەترین سادەییە.

من یەکەمجارم بوو ئاوای ببینم و، لە بابەت ئەو چەند ساڵەی ژیانی ئەوێ قسان بکات، ئەوەی زۆرتریش هانی دەدا بۆ سەفەر کردن لەم وڵاتە، نەمانی ئەو هەموو ئازیزانەی رۆژانێك لەگەڵ ئەو لەو شاخانە گوزەراندبوویان و، ئەوان چارەنوسیان پێش چارەنووسی ئەو گەیشتبووە کۆتایی، کە باسی رۆژ و ساتی کۆتایی هاوڕێیەکی دەکرد، وەکو ئەوەی ئەو لەو شوێنە و هەمان ساتی گیاندانی ئەوە، چاوی لەسەر شتێك نەدەگیرسایەوە و سەیری هیچیشی نەدەکرد، تەنیا زمانێك لە جووڵەدا بوو بۆ دەرخستنی تەواوی ئەو بەسەرهاتانەی سەرتاپای ژیانی ئەویان کرد بووە تراژیدیایەك بۆ خۆی، هەندێ جار هاواری لێ هەڵدەستا و دەیگوت سەختە سەخت دوا چاولێکنان و یەکدیی نەدیتنەوە، ئەمە چی بوو خودایە ئێمە دیتمان و بەسەرماندا هات، بەڵام کە باسی سەردەمی دوای کۆچی دوایی هاوڕێی هاوەڵ و پێشەوای دەکرد، حەجمانی نەدەما، منیش بەدەم گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەوە دۆشدا مابووم و ورتەم لێوە نەدەهات، هەر سەیری دەموچاویم دەکرد بزانم کەی دەگاتە خاڵی کۆتایی، قسەکانمان بەلایەکی دیکەدا بگۆڕین، بەڵام نەخێر ئەو لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی نەدەوەستا

و، دەیویست دوا بڕیاری خۆی لەم بەسەرهاتانەوە بسەلمێنێ و، من نەبمە ڕێگری سەفەرەکەی.

دواجار ئەو لەبەرچاوان ون بوو، ئەو بارە دەروونییەی ئەوی تێدا دەژیا ڕای پێچاو ئیدی جارێکی دیکە نەمدیتەوە، ئەو هەڵەوەدای خەیاڵێکی بەرزەفڕبوو، هەر بۆیە ئەو بارە دەروونییەی ئەوی هێنابووە سەر کەڵکەڵەی سەفەرێکی ناگەهان، سەفەرێك دواجار گەڕانەوەی بۆ نەبێت، هەر ئەوە بووە ئاسمانێك و مەلی ئەوی لەبەرچاوان قوتداو ببرای ببر جارێکی دیکە نەمدیتەوە.

من نەمدەزانی کە ئەو لە دەروونەوە جەخار جەخار بووە، ئەو لە دەروونەوە دەمێکە جێ نزرگەی بەسەر ئەم خاکەوە نەماوە، بەڵام دواجار کاتێ ئەمەم زانی، کە قسەکانی وەکو خەونێك ناوە ناوە تروسکاییان دەبەخشییەوە ئەو ناخە هەلا هەلا بووەم، ئەوسا تێگەیشتم گەر کەسێك لە ناخەوە شوێنێکی نەما بۆ هەست کردن بە جێگیربوون و ژیان، ئیتر هەموو کۆشکەکانی دیکە هەرەس دێنن و هەموو شتێك کۆتایی دێت.

## بەشی شەشەم

چەند مانگێك لە دوای کۆچی دوایی هاورێ، ماتی و مەلوولی سەرتاپای ناوچەکەی داپۆشیبوو، وەکو جاران چەم و رووبارەکان خورەیان نەدەهات و قەلبەزەکان لە هاژە کەوتبوون، مەلەکان چریکەیان نەدەهات و دار و بەرد و کێو و بەندەن لەسەر یەك لا لێی راکشابوون و ورتەیان لێوە نەدەهات، لووتکە سەری خۆی دانواندبوو بۆ ئەو چارەنووسەی کەس نەیدەزانی بەکوێ دەگات، رۆژ لە دوای رۆژیش هەواڵی سەیر سەیر بڵاو دەبۆوەو ناوچەکەی تەنگەتاوتر دەکرد، ئەوانەی لە دوورەوەش دەهاتن هەر یەکێك قسەیەکی دەکرد و، بەجۆرێك لەو وێرانەیە دەدوا کە هێدی هێدی خەریك بوو ناوچەکەی دەگرتەوە، رۆژێکیان یەکێك لەو کەسانەی کە لە زووێکەوە باخچەکەی بەهۆی دڵتەنگی دەڤەرەکەوە جێ هێشتبوو، بەسەردان هاتبووەوە ناوچەکە، قسەیەکی سەیری گێڕایەوە هەمووەمان لە رامانی قسەکە و، گێڕانەوەی بە سەلیقە و بەسەروبەری ئەو پیاوە ریش ماش و برنجییە، هاتینە سەر باوەڕ کردن بەوەی کە رێی تێدەچێ ئەمە سەربازی ئاشق بێت، چونکە

دەمێك بوو ئەو كوڕە سۆراخی بێ سەروشوێن مابۆوە، كەس نەیدەزانی چارەنووسی بەچی گەیشتووە، تا ئەم پیاوە بە ویقارە هات و، هەندێ قسەی گێڕایەوە لەبارەی بەسەرهاتی كوڕێك كە ویستوویەتی بەدوای ئەو هەواڵانەدا بگەڕێ، لە راستی و ناڕاستی پێوەندییەكانی هاوڕێ بەڕەشەباكانەوە، ئیتر دەسگیر دەكرێ و، بۆ ترساندنی بولبول و كەنارییەكان و ئاسك و كەڵەكێوییەكانی شار لە یەكێك لە گۆڕەپانە فراوانەكانی ناوەڕاستی شاردا گوللەباران دەكرێ، گوایە ئەو پیاوەش لە یەكێك لەو كەسانەی بیستووە، كە ئەو كەسەی گوللەباران كراوە، كوڕێكی قژ زەردی باڵا مام ناوەندی بووە، تا گیانی دەرچووە هەر هاواری كردووە، هاوڕێ منیش هاتم، خۆم بەپێی خۆم هاتووم تا لەو هەواڵە دڵنیا بم، كە تۆی هاوڕێ چەند ساڵێك ژیانی ئێمەت كردە شاباشی چەندان وەرزی پڕ لە سەرما و گەرما، وەرزێك لە خەنەبەندانی تەمەن بەولاوە شتێك نەبوو گیرۆدەی بكات.

ئەو هەواڵانەی لە شار دەگەیشتن هەندێكیان ترش و هەندێكیان تاڵ و هەندێكیان مزر، هەر ئەو هەواڵانەش كاری كردبووە سەر ناوچەكە، ناوە ناوە هاوڕێیەك، برادەرێك ئازیزێك گوم دەبوو، كەس نەیدەزانی چیان بەسەر دێت و بۆ كوێ دەچن، چارەنوسیان بەچ گەیشتووە، بەرەو كوێ رەوی كردووە، ئەوەی تاكو ئێستە تێكەڵ بەم غەڵبە غەڵب و هەرای ئەم هەواڵانە نەببوو، حەسەنی كەوەڕێ بوو، كە هەردەم لەم رێگەوبانانەدا، لەنێو بناری شاخ و لە قەد چیایان خەریكی دروستكردنی رێگە و ئاوەدانكردنەوەی كوێرە رێگان بوو، تا رۆژێكیان هەواڵ بڵاوبۆوە كە حەسەنی كەوەڕێ خۆیی و دەسگیرانەكەی لە شاخێكی بەرزەوە هەڵدێراون هەردووكیان مردوون، مەراسیمی بەخاك سپاردنی ئەم دوو ئەشقیایە هیچی لە مەراسیمی هاوڕێ كەمتر نەبوو، بشبووە خووخدەی هەواڵەكانی دوای هەر كارەساتێك كە لەم دەڤەرە روویدەدا، ناخۆشتر بوو لە هەواڵی راگەیاندنی كارەساتەكە، چونكە ئەوەندە مقۆ مقۆی چێ دەكرد، خەڵكی بەگومان بوون لە

چیدی ژیان لە تەك ئەم لەتە شاخانە، وای لێهاتبوو بەرۆژ کەس نەیدەوێرا لە کونی ئەشکەوت و ژووره تاریکەکانەوە بێتە دەرێ و، کە خۆریش دەچووە بناری کێوان و ئاوا دەبوو، تەنیا سەر لە ئێوارەکەی بۆ چەند ساتێك نەبێ دەنا شەویش بۆ خۆی ببووە دێوزمەیەك و کەس نەیدەوێرا بەنێو تاریکیدا بڕوات، وەکو جارانیش گیاندار و مەلەکانی ناوچەکە، چاوساغیان بۆ کەس نەدەکرد، ئەمەش نیشانەیەك بوو بۆ دوارۆژێکی ترسناك، بۆ کارەساتێك کە رەنگە هەموو ناوچەکە وێران بکات، پێش کارەساتی حەسەنی کەوەڕێ یەکێك گێڕایەوە گوایە خۆی گوێی لە مام حەسەن بووە و گوتویەتی (منیش ترسم لا پەیدا بووەو، وەکو جاران ناوێرم رێگە بۆ هەموو شوێنێك دروستبکەم، چونکە هەندێ دەنگم دێتە گوێ لە ناخەوە دەمهەژێنن و چۆکە لەرزەم پێ دەگرن، وا بڕوا منیش لووتکە جێ دێڵم و بەرەو بنار دەکشێم، منیش ئێستە وەکو جاران ناوێرم بەئاسوودەیی لەنێو ئەشکەوتەکان پاڵکەوم) بەڵام ئەوەی هەواڵی راستی و دروستی ئەو کارەساتەی ئاشکرا کرد، ئەو کاغەزە زەردباوە بوو، کە لە یەکێك لەم کوێرە رێگایانەوە دۆزرایەوە کە حەسەنی کەوەڕێ دەیویست بیباتەوە ئەشکەوتێکی عاسێ.

دەنگوباس بڵاو بۆوە کە چارەنووسی حەسەنی کەوەڕێ ئاشکرا بووە، هەر ئەو رۆژە لەنێو ئەو چیمەنەی کە هەموو کۆبوونەوە فراوانەکانی دەگرتە خۆ، ئەو نامەیەش لەوێ راگەیەنرا، داوایان کرد نامەکە بەئاشکرا و بەدەنگی بەرز بۆ هەموو لایەك بخوێنرێتەوە، لەم مەراسیمەدا کەس نەما بوو ئامادە نەبێ، تا مەل و کۆتر و گیانەوەرەکانیش لە دوورەوە گوێیان هەڵخستبوو، چی لووتکە شاخ و چیا هەیە گوێیان قولاغ کرد بوو (سەوداسەرانی بەندەن، خەتەرێك بەڕێوەیە لە هەموو ژیانماندا رەشەبای لەم شێوەیەمان نەبینیوە، تەنیا تاکە شت بۆ مانەوە و دووبارە بەردەوام بوون لەسەر گەڕانەوەی سروشتییەتی ژیان کۆچە، ئیتر ناتوانین لە دەرەوەی تاوێرەبەرد هەناسە بدەین، چونکە بەبێ دەست لە ملانێ لووتکە چاومان

ناچێتە خەو، بۆیە بڕیارماندا بۆ ئەوەی تا هەتایە لە باوەشی شاخدا بین، بۆ چەند ساتێك لە ئاسمانی ئەم شاخانەدا من و دەسگیرانەکەم ڕۆحی خۆمان ئاوێزانی ناخی شاخ کرد، نەمری بۆ هەمووان) کە نامەکە تەواو بوو، جیا لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە پێشتر بەڕێوە دەچوو، بەگفتوگۆ و هەرا و بەزم کۆتایی دەهات، بەڵام گردبوونەوەیە بەبێ دەنگییەکی سەیر کۆتایی هات، ئەم ناوە تەواو بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشا، خامۆشییەك ئەو ناوەی داپۆشی کەس نقەیەکی لێوە نەدەهات، هەریەکە و بۆ بن تاوێرەبەردێك غل بۆوە، بۆ کردنەوەی ئەو ناخەی مشت ببوو لە بێ دەنگی، هەر لەو ڕۆژەوە ئیتر ناوچەکە هێدی هێدی بێ دەنگی باڵی بەسەردا دەکێشاو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چۆڵتر دەبوو، وای لێ هاتبوو لەوسەر بۆ ئەوسەر ڕەوەزە شاخێکت دەبڕی تووشی کەسێك نەدەبوویت، گوێت لە چریکەی مەلێك نەدەبوو گیانەوەرێکت نەدەدی ڕۆحی سروشتییانەی سروشت بەناخت ئاشنا بکات، هەر ئەمەش ترسێکی گەورەی لە ناوچەکەدا دروست کرد بوو، وای لە سەرجەم بوونەوەری ئەو ناوچەیە کرد بوو هەست بەتەنگە تاوی قورسی هەناسەکان بکەن، هەست بکەن دڵتەنگییەك ناخیانی داپۆشیوە و، کەس ناتوانێ هەست بەئارامی بکات، ئیتر لێرەوە پەرتبوونێك ناوچەکەی گرتەوە و، لەو ڕۆژە بە دواوە ناوچەکە چۆڵتر، ئارامتر دەهاتە بەرچاو، ئارامییەك هەموومانی کاسدەکرد لە بێدەنگی، وای لێهاتبوو هەر ڕۆژەی کەسێك گوم دەبوو، هەر ڕۆژەی چریکەی مەلێك نەغمەی ئەو ئاوازەی تێکدەدا کە ببووە نەریتێکی چەسپاو لە گوێچکەی ئاشنایانی ناوچەکە، گیانەوەرەکان هەر لە خۆیانەوە ون دەبوون و کەس نەیدەدیتنەوە، تاوای لێ هاتبوو هەموومان هەستمان بەنامۆییەك دەکرد لە بزربوونی هەر شتێك لە ناوچەکە، تا دواجار ڕۆژێك ڕەشەباکە هەڵی کرد و، ئەوەی پێشبینی بۆ کرا بوو، گەیشتە جێ، بەڵام ئەمجارەیان کەس نەیتوانی بەرگری بکات و، لووتکە شاخێك، چیایەك، دارێك، بەردێك، نەبووە بەربەست لە بەردەم ئەو

ڕەشەبایەی هەڵی کرد، هەڵکردنی ئەمجارەیان زۆر جیاوازتر بوو لە هەموو ئەو جارانەی کە ناوە ناوە بەسەر ناوچەکەدا هەڵی دەکرد، لە هەڵکردنیدا ورشەیەکی لێوە دەهات، بەر لە گەیشتنی، ناوچەکەی کاسکرد، هات و بەگوڕ هەمو شتێکی ڕاپێچکرد، لورەکانی گلۆر دەبۆوە نێو ئەو کێو و چەمانەی مەست ببوو لە بێ دەنگی، بەبێ ئەوەی چیایەك سەری خۆی بەرز بکاتەوە، بەبێ ئەوەی لووتکەیەك لەو خەوە درێژە رابێت، چی دار و دەوەنی ئەو ناوەش هەبوو پەرت و بڵاو، هەر یەك لە لایەك بە مەلولی کەوتبووە دەمی ئەو ورشانەی تێنوی لە ڕەگ دەرکێشانیان بوون، ورشەکان لەم سەر بۆ ئەو سەر، لەم بەرزاییەوە بۆ ئەو لووتکەیە، دواجار لە داخان لە هێڵنجی ڕشانەوەیەکدا، ئەم ناوەی یەکپارچە کردە گۆمی زووخاو، رووبارێك لە کێم، دیمەنێك لە مەرگ، مەرگێك تا ئەبەد لە حزوری ڕۆح کێشاندا ئازار کۆتایی نەیەت، لەگەڵ گوتنی ئەم ڕستەیەی دواییدا کەوتە دنیای تاس بردنەوەیەك، ئەوسەری دیار نەبێت، بێ دەنگ بوو، دواجار بەحاڵێك گوتی زۆر هەست بەماندووبوون دەکەم دەمەوێ تۆزێك بحەسێمەوە.

دوایی.. دوایی هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم، مەرج بێت ئەم دڵەم خاڵیکەم لەو هەموو یادگارییە تاڵ و شیرینانەی لە زەمەنێکی سەیر ڕژانە نێو ئەو دەریای بیرەم، ئەوەی ئەمڕۆش سەوداسەری کردووم، هەر ئەو دیمەنە ناخ هەژێنانەیە کە ئارامی لە بیر بردومەتەوە، دوایی هەموو شتێك تێ دەگەی، بەس با بحەسێمەوە.

# بەشی حەوتەم

ئەو رۆژەی بەسەر پشتی ماسییەکەوە گەیشتمەوە شار، دەمێك بوو دڵتەنگی شار بەهۆی نادیاری چارەنووسەکانەوە رەویبۆوە، دەمێك بوو ئەو دێوزمەیە بەری بێنی هەناسەکانی شاری بەردابوو، ئەوانەی لە شاخە دوورەکانیشەوە بەشار ئاشنا دەبوونەوە، لە دوورەوە دەناسرانەوە، چونکە هەر لە جلوبەرگیانەوە، تا رەنگ و رووشیان یەك پارچە رەنگی ئەو سروشتەی گرتبوو کە دەمێك بوو هاوجووت و ئاوێزانی یەکتر ببوون، کە لێت نێزیك دەبوونەوە، بۆنی چیمەن و تاوێرەبەردیان لێ دەهات، دەنگیان چەشنی خوڕەی کانی دەڕژایە گوێ، هەر ئەمەش ئەوانی خستە بۆتەی لێکدانەوەیەکی وردو دوورو درێژ، بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی بەچ شێوەیەك ئەو رەنگ و روو و دەنگە بگۆڕن بەسازاندنی نەریتی شار، من یەکێك بووم لەوانەی هەڵهاتنی ئەو خۆرەم لە بەشارستانی بوونی خۆما بەدی نەکرد، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی من نامۆ بووم بەشار، نەخێر لەبەر جیاوازی ئەو هەناسە کورت و درێژ و پڕ لە جیاوازییانەی هەر یەکێکی بەدەردێکەوە گرفتار کرد بوو، مانەوەشم تاکو ئێستە گاڵتە کردنبووە بەو شەو و رۆژانەی ناتوانن خەونێك بن لە درێژایی تەمەنێك کە دێت و دەڕوات و نازانی بۆ دڵ ناتوانێ شکۆفەی گوڵێك

ئاوێتەی دەروونێك بكات؟ (كاتێك من دەتوانم جدی بم، ئەگەر لەچاو هەلێنانێكا سروشت لە ناخی خۆمدا نەبینم، كاتێكیش گێرەكردنم بەنێو وێرانەیەكدا، رەنگ و بۆنی گوڵم لە یادبباتەوە، چۆن دەتوانم گوزەر بكەم.. لە كاتێكا هەنگاوەكانم بەنێو ئەو شەوو رۆژانەدا مردنێكە بۆخۆی.. سەفەر دەكەم لەوێ دەچمە سەر ترۆپكی رامان لە گەڕانەوەم بۆ منداڵییەتی ئەو بەرد هاویشتنەم لە چۆلەكەیەك كە سەدی سەد دەزانم لێی نادەم، بەڵام هەر ئەو كارە دەكەم، ئێستە من هەمان ئەو مندالّەم، بەڵام لە جیاتی بەرد، سەفەرم لە مشتە و، لە جیاتی چۆلەكەش، خەونی دوور، دەزانم ئەو خەونەی شەو و رۆژ بەرۆكی گرتووم.. نایدۆزمەوە، بەڵام چارم نییە، ئۆقرەم لێرە دەحەسێتەوە كاتێ لە هەر ئێوارەیەكدا جانتاكەم دەپێچمەوە بۆ ئەو بەیانییەی كە نیازمە گەشتێك بكەم، كە ئەو روانینەم لا بژێنێتەوە لە بینینی شتەكان وەكو خۆی، ئەو خەونەم لا دروست بكاتەوە، كە هەموو بەیانییەك هیوایەكم لا دەرِوێنی، رەنگە ئەمەشیان بەقەد سەركەوتن بەسەر كێوی قاف زەحمەت بێ، بەڵام ئەمەشیان هەر بۆ خۆی خەونێكە و، هێنانەدی موجازەفەیەكی ئاوەهای گەرەكە، ئەو رۆژەش كە من خۆم خستە بەردەم ئەو شەپۆلە سەركێشە بۆ گەیاندنەوەم بەشار، چارم نەبوو، ئەگینا هەرگیز چارەنووسی خۆم نەدەخستە نێو ئەو تۆڕە جاڵجاڵۆكە ئاساییەی هەر یەكێكمانی بەدەردێكەوە گرفتار كرد، دەزانی هەستكردن بەنامۆیی لەنێو ماڵ و گەڕەك و شار و وڵاتی خۆت چ تراژیدیایەكە، دەزانی خۆ بە میوان زانین لەنێو كەسوكاری خۆت لەتەك خۆشەویست و ئازیزانی خۆت، چ ماڵوێرانییێكە، ئەمە ئەو گرێ كوێرە ئاڵۆز و پڕ لە گرێوگوارەیە دەروونی منی شێواندووە، كۆڵی خەمی لە پشت ناوم و نازانم تا كوێ بڕ دەكات، ئاخر ئەستەمە لە هەر هاتن و چوون و چوونە دەرەوەیەكدا، كارتێكت بدەنێ بۆ ناسینەوەی دەوروبەر و ماڵەكەی خۆت، دۆستەكانت، خزم و ناسیاو و هاوڕێكانت، لە هەر بەرێ رۆیشتنێكدا سنوورێكت بۆ بكێشن، بارتبكەن لە كۆمەڵێك

ناسنامەی سەیر کە رۆژگار بۆت بکاتە پردی پەڕینەوەی دنیایەك بۆ دنیایەکی تر، ئەستەمە هەڵکردن بەدەم ئەو شەماڵەی لە دەروازەیەکەوە دێت و لە کاتی ناکاتدا دەبردرێ، چاوکرانەوە بەدەم زەردەخەنەی خۆرێك لەپڕێکا دەکوژێتەوە، خەوبینین لە شەوێکی ئاراما، لەپڕ گرمەیەك -رێژنەی گوللەیەك دەتشڵەژێنێ، دەپێم بڵێ چ شتێك هەیە بارگەی ئەو سەفەرەت لە کۆڵ بکاتەوە و، ئۆقرەت پێ لە زەمینێکدا پێ بگرێ، کە هەر رۆژەی زامێکت دەکەنە جەستە، هەر رۆژەی زوخاوێکت نۆش دەکەن بەبۆنەیەکەوە، ئازیزم دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە وڵاتیش کرا، هەرچەند لە سەرەتادا درزی ئەو ئاسۆیەی بۆ کردمەوە کە بتوانم رووناکییەك بەدی بکەم، بەڵام دواجار ئەو رەشەبایە خەونەکانمی هەڵبزرکاند و، بۆ هەتا هەتایە منی گیرۆدەی سەفەرێك کرد، کە رەنگە وا زوو کۆتایی نەیەت و، بەئاسانیش ئاشنام نەکاتەوە بەم دەڤەرەی واتایەکی لا چێ کردووم، هەرگیز نەتوانم تا ئەبەد لەبیر خۆمی بەرمەوە، رەنگە ئەوەی بەپلە یەکیش وای لێ کردبم هەست بەئارامی نەکەم، ئەوە بێ کە من زەمەنێك لەتەك گوڵ و مەل و دار و درەخت و بەرد و چیا و رووبار و دەشت و دەر، ئاوێتەی یەکدیی بووین و، ببووین بەبەشێکی گەورەی ئارامی و دڵدانەوەی یەکدیی گەڕاندنەوەی ئەو زەمەنە لە هەر بیرکردنەوە و وێناندنێکی مندا، هەزار و یەك لێکدانەوە هەڵدەگرێ، لە کۆتایی هەر چوونە خوارەوەیەکی ئەو لێکدانەوانەدا، چیایەك دەبینم عەقڵ گومان دەکا کە کوێرە رێگەیەکی سەرکەوتنی تێدا هەبێ، ئەمە گەڕانەوەی ئەم زەمەنەم بۆ مەحاڵ دەکا، لەوەی من هەمیشە ئۆقرە نەگرم لەم مەفتەنەی یەکەم فرچکم پێوە گرتووە، یەکەم زیڕەی منداڵیم پێکەنینی هێناوەتە سەر لێوی دایك و باوك و خزم و کەسەکانم، بەڵام نەبوونی پێوەندییەك لە نێوان ئەو و ئەو رۆحە سەرکێشەی مندا، لە نێوان رۆژی لە دایکبوون و ئەمێستەی مندا، دنیایەك لە جیاوازی دەبینرێ، لەوەی من نەبووم رۆژێ لە رۆژان ناخم مشت بوو لە دیدەنی ئەو سروشتەی نەشئە بوو بۆ

رۆحم، رووناكی بوو بۆ چاوم، ئاوازێكی بەخورِ بوو دەرِژایە گوێم، خەندەیەكی شیرین بوو بۆ لێوم، هەناسەیەكی پاك بوو بۆ سیەكانم، ئارامییەك بوو ناخم هەردەم لە حەسانەوەی هێمنیەكدا بازبازنێی بەسەر تاوێرە بەردەكانەوە دەكرد، مەست بووم مەست ئەو سەردەمەی شتێك نەبوو لای من ناوی شەو و رۆژ بێت.

پێم دەڵێی مەرِۆ چیمەنت بۆ دەژێنمەوە، بەهارت بۆ دێنمەوە چۆكان، وا دەكەم وەكو جاران ئاسكە كێوی بێنمەوە بەر مالآن و چریكەی مەلان گوێچكە كاس بكەن لە خوێندنی ئەو بەیانیانەی كەللەمەستە لە خەونی رەنگاورِەنگ، بەس تۆ مەرِۆ پاییزی ئەو دڵەت دەكەمەوە بەهارێكی بیٚ كۆتایی، سەوزاییەك هەرگیز خەزان پەی پیٚ نەباو، رەشەبای شووم نەتوانیٚ زۆرانی لەگەڵدا بگریٚ.. گیانە مەحاڵە وێرانەی ئەم دڵەم ئاوەدانی تیابكەوێتەوە، مەحاڵە سەوداسەری ئەو دڵەم بجمێتەوە سەر ئەم دەڤەرە.

ئاخر ئامۆزای شیرینم دەسەیری چاوانم بكە بزانە حەیرانی ئەو كێوانە نابینیەوە كە جاران ئای ئاییت دەیهێنانە سەر هەلەكە سەما، دەبروانە قوولَی ئەفسوونی نێو ئەو سۆمایەم، بزانە خەرەندی ئەو سەفەرەت نیشان نادەن، كە رەنگە لە هەر ساتێكدا تێی بگلێی، دەجوان برِوانە، روانینێك لە چاوی رۆحەوە سەرچاوەی گرتبێت و، بەسەر ئەو پەیژانەوە رژا بێت كە تا خواری خوارەوەی ناخ ببینیٚ، ئینجا بزانە كۆڵی ئەو سەفەرەت لە شان دەكاتەوە یان نا، چونكە من دڵنیام ساتێكی هەڵقرچاوی ئەم دەڤەرە، سەر بەسەر نۆشی كوێستانەكان دێنیٚ، دڵنیابە بۆنی گوڵێكی ئێرە لە هەستەوەری بۆنكردنی ئێمەوە زۆر زۆر سروشتی ترە لە گوڵێكی ئەوان، من ئەوێم نەمدیوە، بەلآم دەڵێن لەویٚ سۆز و خۆشەویستی كۆتایی هاتووە، شتێك نییە دڵی ئەوان مەستی حەیرانێك بكات لە گەرِانەوەی نێو ماڵێكی ئاوەدان، لەویٚ وشەی باوكە كۆتایی هاتووە، كەسەكان بۆ ناساندنی خۆیان ناوی بنەماڵەیان هەڵدەگرن، لەویٚ خەندەی منداڵێك و سۆزی ئافرەتێك نابینیتەوە ماڵێك ئاوەدانتری كرد بێتەوە.

نا.. دەڕۆم، چونکە دڵنیانیم لێرە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەهار و هاژە و خوڕەی چەم و کانی و قەلبەز و چریکەی مەلان وەکو خۆی ئاوێتەی ناخم ببێتەوە، دەزانی من چەند کۆست کەوتووم لە ئەفسوونی چاوی تۆ بترازێ شتێك نییە بەرەشی نەیبینم، دەچاوت داخە، با لە چاوداخستنی تۆدا زنجیری دەست و قاچم بکرێتەوە و، سەفەر ئاشنا بێت بەناخم، با ڕۆیشتنم دەروازەکانی ئەو ئارامییەی جارانم بۆ بکاتەوە، تەواو بووم تەواو، پێم بڵێ ئەمە دۆزەخە یان ژیان، چەند تاوێك چاوەکانی کردنەوە و قووڵبووەوە نێو چاوەکانی من، دوور ڕوانی، دوایی دایخستن و فرمێسك بەگوڕ ڕژایە سەر ڕوومەتەکانی، ئیتر ئەمە دوا ماڵئاوایی بوو نەمدیتەوە.

کە فرمێسکەکانی ئەوم بینی، ئەو کاتە زانیم ئەم گریانە بێ هیوابوونێکە، ڕەنگە تەنیا سەفەر بتوانی ببێتە هۆی دووبارە ژیاندنەوەی ئومێدەکان، ئەو نیازانەی لە نەهاتنەدیاندا سەریان ناوەتەوە، بۆیە ئەوەندە زۆرم لێ نەکرد لە مانەوەی، چونکە هەر ئەو کاتە زانیم ئەو کوڕە ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە ڕەنگە خۆی بکوژێ، هەر ئەوەندەم پێ گوت لە نامەکانت بێ بەشم مەکە، پاش چەند ڕۆژێك دەفتەرێکی بچکۆلانەی یادگاری کە هەموو ئەو شتانەی باسم کرد و گێڕامەوە تیایدا نووسرا بوو لەگەڵ چەند لاپەڕەیەك کە لێرەدا وەکو خۆی تۆمارم کردوون، (ماوەیەکە ئارەزووی کار کردنم کزبووە و، زۆرتر دامانم هەڵدەفڕێ، هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە، بۆچی وەکو جاران چریکەی مەلەکان سۆزەکانمان نابزوێنن؟ بۆچی ناوچەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو تەسکبوونەوە دەچێت و، گیانەوەرەکان کۆچ دەکەن؟، بۆچی ئێستە وەکو جاران هەست ناکەین شاخەکان باوەشمان بۆ دەکەنەوە، نازانم من ترسی خەتەرێکی گەورە لە ناخمدا چەکەرەی کردووە و، ئومێدم بە بەیانییەکان نەماوە، بگرە ترسم لە ئێوارەکاندا لە چاوەڕوانی بەیانیدایە، کە ئاخۆ سەرەتایەکی دیکە لە ئاشتبوونەوەی نێوان ئێمە و چیاکان و گیانەوەرەکان دەست پێ دەکاتەوە یاخود ئەمە سەرەتای کۆتایی ئەو

پێوەندییە رۆحیانەی نێوان ئێمە و ئەو سروشتە خەمگینەیە، کە خەریکە سات لە دوای سات وێنەی راستەقینەی خۆی لەنێو دڵ و دەروونی ئێمەدا ون دەکات، دیسان کەوتەوە دنیای رامان، دووبارە وروژاندمەوە، مام حەسەن ئومێدی چاوەڕوانی وەرزێکی دیکەی خۆشەویستی دەکەیت؟ بەقوڕگێکی پڕ لە هەنسك و بەزەحمەتەوە گوتی: تەواو، تەواو، وەرزی راستەقینەی سروشتی سۆزەکان کۆتاییان هات و، ئیدی کەسمان ناتوانین سروشتیانە هەناسەیەك هەڵمژین، کەسمان ناتوانین باوەڕ بە یەکدیی بکەین، وەکو جاران لە شەوانی تۆف و رەهێڵە و زریاندا بەدەم رێگەکانەوە گوزەر بکەین، وەکو جاران لە شەوە ئەنگوستەچاوەکاندا، بەدڵنیاییەوە بە رێگە باریك و پڕ لە هەڵەتەکاندا رابووریین، فەرهادی چاوشین.. ئیدی تێپەڕی رۆژانی دەست لە مەلان و ئاسوودەیی، بەسەر چوون ساتەکانی حەسانەوە بەدەم سێبەری یەکتر، رەنگە ئەمڕۆمان خۆشتر بێ لە سبەی، هەروەکو چۆن دوێنێ کامەرانتر بووین لەو ساتەی ئێستە تیادا دەگوزەرێین، دوێنێ وامان دەزانی ئازادی لە لولەی تفەنگەکانمادایە، کەچی ئەمڕۆ داماوین بەدەست ئەو هەموو کارەساتانەی نازانین بەرەو کوێمان دەبات، رەنگە بەیانی ئەوەمان بۆ ئاشکرا بێت، کە دوێنێ درەنگ بوو بێت بۆ هەڵگرتنی ئەو تفەنگەی ئێمە رەونەقەکانی ئازادیمان تیادا دەدیت، من لە دوورەوە شتێك دەبینم پێم دەڵێ سەردەمی برایەتی و گیانفیدایی کۆتایی هات، سەردەمی نیشتمانپەروەری و خۆ کوشتن لە پێناوی نەتەوە و نیشتماندا بووە ئەفسانەیەك بەیانی دەزانی چ گاڵتەیەکە، خۆ هەڵواسین بەم شاخانەوە، رۆیشتن بەپێی پەتی و بەگیرفانی ڤالاوە، بەڵام ئاسوودە، سبەی تێ دەگەی چ گەمژەییەکە ئێمە تەمەنی خۆمانی تیادا خەرج دەکەین، من کە ئەو قسانە دەکەم، بە ویستەکانی من نییە، وەك چۆن بەدڵی تۆش نییە، بەڵام خۆزگە وا نەبێت، چونکە دڵنیام بەبینینی سبەینێکان، منداڵانمان لە تالاوی رۆژە رەشەکانی دوای ئێمە ئاخ بۆ قوربانییە زۆروزەوەندەکانی

ئەمێستەی ئێمە، هەنسـك و مخـابن بـۆ رۆژە دلێرایەتییـەكانی ئێمـەی بەچـیاوە نووساو هەڵدەكێشن، بە سەرساميیەوە لە رۆژانێك دەڕوانـن، بـاوەڕ ناكـەن ئێمـە زەمەنێك دەست لە ملانی شـاخ بـووین و نـەمانزانیوە ئـازادی هـا لـەودیو ئـەو كێوەی، كە كەسمان پەیمان پێ نەبردووە.

ئەوەی زۆرترین قسە و باسی حەسەنی كەوەڕێی لا بوو، فەرهادی چاوشین بوو، ئەویش بەر لە مردنی، بەرەو ئەودیوی مەرز سـەفەری كـرد بـوو، كـە گەڕایـەوە دەنگوباسی مردنەكەی حەسەنی كەوەڕێ تەواو دابووی لە كزییەوە، بـەڵام ئـەوەی هەندێ وردە یادگاری حەسەنی كـەوەڕێی ژیانـدەوە، ئـەو یادوەریانـەی فـەرهادی چاوشین بوو، كە بەچەند لاپەڕەیەك بەیادی كۆچی دواییەوە، كە دوای چەند ساڵێك لە كۆتایی هاتنی رووداوەكان بڵاوكرایەوە، ئەگەرچی من تەواوی ئەو شـتانەم لـە یاد نەماوە، بەڵام ئەوەی لە بیرم مابێ ئەوە بوو، ببووە هاوڕێی هەمیشەییم چ لەو رێگەوبانانەی بەو دەگەیشتم، یان كە ماوەم دەبـوو بـۆ سـەردانی ئـەو دەچـووم، هەموو جارێ تاوێكی خۆش دادەنیشتین و قسەمان دەكـرد، مـن درێـژەم نـەدەدا بەوەڵامەكان، بگرە زۆرتر پرسیارم دەكرد، مـام حەسـەنم دەخسـتە دنیـای قسـە، ئەگەرچی ئەو زۆر كەم لـەناو خـەڵك ژیـا بـوو، بـەڵام دەورانێكـی زۆر بـوو لـەم ناوچەیەدا جێنشین ببوو، بەهار و هاوین و زستان و پایزی لەم بابەتەی زۆر بـەڕێ كرد بوو، ئەوەندە رێبواری دیتبوو، هەر لە دوورەوە دەیزانی ئەم رێبوارە لە كوێوە دێ و بۆ كوێ گوزەر دەكات.

حەسەنی كەوەڕێ ئەگەرچی نەیدەزانی سەرەتای لـە دایكبـوونی چـۆن بـووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەزانی لە كوێ لە دایكبووە، بگرە هەر لە منداڵیەوە هەڵەتەی نێو ئەو شاخانە بووە و، ماوەیەكی زۆریشە خـدوی بەدروسـتكردنی ئـەو باریكـە رێگەیانەوە گرتووە، كە دەچێتەوە نێو ئەشكەوتەكان و، ئەو كانیانـەی لـە كـاتی تەنگەتاوی و تووشیدا دەكرێ بۆ ماوەیەكی درێژ پشتی پێ ببەسترێ و ژیانی پـێ

بگوزەرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناوچەکە ئەوەندە شارەزا بوو، دەیزانی ماوەی نێوان دووری دوو شاخ و ئەو دێ و ئەو دێ بۆ ئەو دێ چەندەو، کامە ڕێگە بۆ ئەو دیو چیا یان ئەو دێیە بەکەمترین ماوە دەبڕدرێ و، سەختی و ناخۆشی ڕێگەکان لە بەفر و سەرماوسۆڵەی زستانان و گرفتی ڕێگەکان لە هەموو ئان و زەمانێکدا چییە، ئەمانە کلیلەکەی لای حەسەنی کەوەڕێ بوو، کە ببووە شارەزایەکی ونی نێو بەرد و هەڵەتی نێو ئەو چیاو لووتکە شاخانە.

حەسەنی کەوەڕێ دەیگوت (نازانم لە کەیەکەوە لەنێو ئەو هەڵەتە شاخانە کار دەکەم، بەڵام ئەو ڕۆژەی ئەو کارەم پێ سپێردرا زۆر گەرموگوڕتر بووم لە ئەمێستای کار کردن، ئەو کاتی هەمیشە لە ڕۆژانی کارکردنم پڕ لە ئومێدترو بەخەونی گەورەوە دەچوومە بەر پەنجەرەی ئێواران و، بەهیوای چاوکرانەوەی ئاسۆی ڕوون بووم لە بەیانیاندا، ئەو کاتی ئومێدەکان هەمیشە لە نوێ بوونەوەدا بوون) ئاخێکی هەڵکێشا، بەحەسرەتێکەوە گوتی (دەق وایە ئێمە گوناهی سپی دەکەین بۆ داهاتوویەکی ڕەش، ڕەنگە ئەمە پێناسەیەکی شیاو بێ بۆ شۆڕش) دیسان بێ دەنگ بووەوە و، من بەپرسیارێك دنیای بێ دەنگیم وروژاند، هەست ناکەیت ئاسۆی بەیانییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەڵختر خۆ دەنوێنن؟ پاش تاوێك دامان و ڕامانێکی قووڵ لە پێدەشتی ئەو شاخانەوە گوتی: ئێمە بەدوای شتێکدا وێڵین مەرگی خۆمانە، فەرهادی چاوشین هەست ناکەیت سۆزەکانمان بۆ یەکدیی کەمبووەتەوە، وەك چۆن نە ئێمە و نە دار و درەخت و تا مەل و گیانەوەرەکانیش باوەڕمان بەوە نەماوە، کە وەرزێکی دیکەی دەست لە ملان و خۆشەویستی وەك دوێنێ کە ئێمە تیادا ژیاین و، شەو و ڕۆژمان تێدا کردەوە، دووبارە دەست پێ بکاتەوە، باوەڕ ناکەم، وەرزی خەنەبەندانی نێو شاخەکان کۆتایی هات، گوێ بگرە فەرهادی چاوشین ئێمە بۆ خۆ دەربازکردن لە مردنێك، لەنێو ئەو شاخانەوە باوەشمان بۆ کۆمەڵێك مەرگ گرتۆتەوە، سەیرە حەزی مردن لەنێو جلێکی خاکی

کوردانە چۆن سەوداسەری نێو ئەو شاخانەی کردووین، ڕەنگە ئەمەشیان فێڵێك بێت ببوورە، تۆ نا، ئەوان لە ئێمەیان کرد بێت، ئێمە غەریبین غەریب، من لەو ڕۆژەوە خووم بەو شاخانەوە گرتووە، هەمیشە وام هەست کردووە، کە ئەم باریکە ڕێگەیانە دەمگەیەننە ئاسۆ، کەچی ئەمڕۆ زانیم ئەمە گاڵتەیەکە ئێمە لەگەڵ خۆمانی دەکەین، کە چاك دەزانم تۆش بۆ سەلماندنی بۆچوونێکی بچووکی بیروباوەڕەکەت دێ بەدێ و هەموو ئەو شاخانە بەپێ تەی دەکەیت، بۆ گوێگرتنی یەك تاکە کەس با لە شاخە دوورەکانیشەوە بێت، بەڵام پێویستە تێ بگەیەنرێ، تۆش بەیانی تێ دەگەیت چ گەمژەییەکە ژیان، کاتێ دەکەوینە نێو تۆڕەکانیەوە، با لە یەکدیی حاڵی بین، دوێنێ کە لە مردن رامانەدەکرد بۆ ئەوە بوو لەنێو تەمتومانی مەرگ دەربچین و، گەوهەری ژیان لەو شاخانە بدۆزینەوە، کەچی هەموو ڕۆژێ دەچینە پێشوازی مەرگ بەنیازی زۆرترین ژیان، بەڵام هاوڕێی ئازیزم ئەوەی دڵتەنگی کردووم هەڵنەهاتنی خۆرە بەو شێوەیەی ئێمە دەمانویست، نەمانی مانگێکە بەسەر سەرمانەوە هەموو شەوێ دەبووە ڕێ نیشاندەرمان لەم هەردوو کێوانە، دەزانم بەیانی ژیان بەجۆرێکی تر دەست پێدەکاتەوە، بەڵام من گومانم هەیە لە سۆزەکانی لەمەودوای زیندەگی نێو ئەو شاخانە، ئەوەی ئێستەش زۆر نیگەرانم دەکات بەهەدەرچوونی خوێنی دەیانی وەکو هاوڕێیە لە ڕێگەیەکدا بەرزە، پیرۆزە، شانازییە.. بەڵام، بەڵام فەرهادی چاوشین.. ئەمڕۆ قسەکردن لە سبەینێ گرانە گران، دڵنیاشم من دەمرم و تۆ دەمێنی، ئەوسا لە یاداشتی پیرێکی نێو ئەو شاخانەدا بنووسە (ئەمڕۆ دوێنێ نییە لەتە شاخ هەموو پشتیوانییەك بێت، چونکە (بۆنەکان) کاریگەر بوونە و، دەچنە نێو هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو شاخانەوە، بۆنی سێوە، بەڵام قەڵپ، بۆنی خۆشی گوڵ و بەرامی ئەو کێوانەیە، بەڵام مەرگهێن.) سەرێکی بادا و تێ هەڵچۆوە و گوتی (مەرگم نێزیك بووەتەوە، ئەو دڵتەنگی و ماتەمینیە بەمن هەڵناگیرێ، ئەوەی هەموو دەم

ماخولانی ناخ و مێشکمە پێشبینیکردنی مەرگی خۆمە، زۆر هەست بـەئازاریش ناکەم کاتێ ئەم شاخ و کێوانە مەرگم لە ئامێز دەگرن، چونکە من راهاتووم گـەر بەجەستەش نەمێنم، رۆحم هەر بەسـەر ئـەو کێوانـەوە بسـوورێتەوە و لـە بیـنین نەکەون.

**مێژوو: سەرەتا و کۆتایی گەشتێك بۆ ئازادی/**

**گوندێك لە گوندەکانی کوردستان/**

**کات: ئەو رۆژەی دوا رۆژ بوو ئیدی یەکدیمان ونکرد.**

# بەشی هەشتەم

ببووە هاودەمی شەوانی درێژی تەنیاییم، کە شەو رادەشکا، کاتێ هەموو چاوەکان نوقمی خەوێکی قووڵ دەبوون، کاتێ هەموو دڵەکانی نێو ئەو ماڵە بەکەمالی ئیسراحەت دەکەوتنە دنیای ئارام و هێمن و بێدەنگی، ئەو دەهاتە ژوورەوە، یەکەو راست لە پەنجەرەکەوە، بەوێنەی گورزە تیشکێك دەهاتە ژوورەوە، پاش گەڕان و سووڕانێکی زۆر بەنێو ژوورەکەدا، پاش بۆنکردنی هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە لەسەر مێزتوالێتەکەدا دانرا بوون، ئینجا لە بەرامبەر ئاوێنەکە دەوەستا و، دەستێکی بەقژە خاوەکەیدا دەهێنا و یەك دوو پەمپ بۆنی لە لا ملی خۆی دەدا و، لێم دەهاتە پێشێ و لە بەرانبەرم هەڵدەکورما، پاش تاوێك رامان، دەستی بە قسان دەکرد و بەسەرهاتەکانی دەگێڕایەوە (ناسك ئێمە کوڕان و کچانی ئەم وڵاتە زۆر گوناهین، بەوە نییە تۆ ئافرەتی و مافت زەوتکرایە، بڕوا بکە ئێمەی پیاوانیش زۆرلێکراوین، ئەوە نییە منێك هێشتا نازانم لە کوێوە هاتووم، پەنجەم بەپەنجەی کەسێکەوە زنجیر دەکەن، ئەویش هێشتا ئەلف و بێی قسەکردن نازانێ)

قسەی دەکرد و ماندوو نەدەبوو، هەردوو لالێوی کەفی هەڵدەدا و هەر بەردەوام بوو لە قسەکردن، قەت نەیدەگوت تۆزێ ئاوم بدەرێ تێنوومە، قەت شەوێ لە شەوان نەیگوت برسیمە، ئەو دەمانەش کە بەسەرهاتەکانی دەگێڕایەوە بەزمانێك دەهاتە گۆ، نەغمەیەکی لە پەناوە بوو، قەستت دەکرد بەبەردەوامی گوێ بۆ ئەو ئاوازە شل بکەیت و قەت لێی تێر نەدەبووی، هەندێ جار بەدەم بەسەرهاتەکانیەوە بەم حاڵەی خۆمەوە دڵم بۆن کروزی لێ هەڵدەستا و، بۆی دەگریام، گریانێك لەگەڵ نزگرەکانی خەریك بوو سەرم هەڵقەنێ، قسەی دەکرد، هەندێ جار ئەوەندە پەرت قسەی دەکرد نەمدەتوانی تەواوی قسەکانی کۆبکەمەوە و تێی بگەم.. ئێمە کە لە دایك دەبین بەسەقەتی لە دایك دەبین، کە گەورەش دەبین، وەکو ئەو پیرەدارە وایـن قەدەکەمان خوار و، شوێنی روانیشمان نەشیاو، نە بەر دەگرین و نە سێبەرەکەشمان کەڵکی لە بەردانیشتنی هەیە.

منیش وا بووم، چی ئومێد و نیازم هەبوون دەرم نەخستن، کۆبوونەوەی هەمووئەو شتانەش بەم رۆژەیان گەیاندم، ئێستە من لە نێوان پەشیمان بوونەوە و پەشیمان نەبوونەوەی ئەنجامی کارەکەمدا، لە نێوان (چاران و مارانم)، بەهەرحاڵ دواجار بۆ رازیکردنی هەردوو بنەماڵە، بۆ ئاسوودە بوونی نەوەکانی ئەو دوو تیرەیە، بڕیارم دا ئەو پیاڵە ژەهرە نۆش بکەم، هەڵم قوڕاند، یەك بێن هەڵمدا و هێنامە خوارەوە، لە نیوە شەوێکدا وەئاگاهاتم چاوم مشت ببوون لە خوێن، دڵم یەکپارچە ببووە رق، دەروونم ئاگری لێ دەباری، هەر لەم نیوە شەوەدا، دوا گیانکێشانی خۆم کردە خەڵاتی ئەو دابونەریتەی نەك هەر تەوقە بەگەردنی ئێوەوە، تا سەر ئێستقانیش رۆچووە لە جەستەی ئێمە، ئەم دابونەریتە کوشتوومانی کوشتوو، ئەوە نییە هەر رۆژەی بەمەرگێکمان ئاشنا دەکات و، زووخاوی مردنێکمان پێ دەنۆشێ، ئەمە ژیان نەبوو نا، دۆزەخێك بوو بۆ خۆی، مرۆ یەك جار توانای نۆشکردنی زووخاو دەکات، نەك هەموو رۆژێ بەدەم

بیرکردنەوە لە تۆڵە و، چۆنیەتی دامرکاندنەوەی برسیەتی ئەو ئەژدیهایەی لە ناخدا هەمیشە چاوی زەقە، هەمیشە بەدەم قۆستنەوەی شتەکاریگەرەکان لە کەمیندایە، هەمیشە بە قسەکردن لە دابونەریتەکان ئەو ئەژدیهایە سەری خۆی قیتدەکاتەوەو، هەمیشە دنەی ئەوەت دەدات کە چاوت هیچ شتێك نەبینێت غەیری خوێن نەبێت، دڵت هیچ سۆزو بەزییەکی تێدا نەبێت غەیری تۆڵە نەبێت، تا خوێن کەف بکات و سوورایی خۆی بەدیار بخات ئەو ئارامترو، تابرینەکان زووخاوییتر خۆبنوێنن ئەو ئاسوودەترو بە بزەتر.

ئەوەندە هۆگری یەك ببووین بەهەڵفڕینی ئەندێشەیەك لە ماوەی چاو نوقان و چاو کردنەوەیەکدا دەهاتە بەردەمم، ئەو دەمانەش مەست دەبووین لە قسە، لە تریقەی پێکەنینەکانی من، پورە فاتم وەئاگا دەهات و چاوی خۆی هەڵدەگلۆفت و، بەدەوروبەری ئەو ناوەدا دەیڕوانی، وەکو ئەوەی بەچاوی خۆی باوەڕ نەکات و، کزی چاوەکانی بسەلمێنێ، رادەما، بەو ناوەدا چاوی لەسەر شتەکانی ژوورەکەدا یەك یەك دەگواستەوە، تاکو دەگەیشتە سەر من، ئینجا بەهێمنییەوە بانگی دەکردم، (ناسك خەونت دیوە، ناسك تێنووت نییە، دەتۆزێك ئاو بخۆ و، تفێك لە لای راست و تفێك لە لای چەپت بکە و شادەی ئیمانێکی بەهەق بهێنە و رابکشێ، هێشتا شەو درەنگە، هێشتا ئەستێرەی بەیانی نەهاتووە و، مەلاش بانگی نەداوە).

دووبارە بوونەوەی ئەو دەنگە دەنگە و تریقانەوەی من لەم نیوە شەوانەدا، ترسی لای پورە فاتم دروستکردبوو، هەر بۆیە بەدزییەوە بەگوێی دایکمی داچرپاندبوو،وا چاکە لە لای مامە شێخ نووشتەیەك بۆ ناسك بکەین، چونکە زۆربەی شەوان گوێم لێیەتی قسان لەبەر خۆی دەکات و پێدەکەنێ، وا بزانم شەوان نەمەچێترو ئەجندە دێنە لایی و قسەی لەگەڵ دەکەن، خوشکم با کچەکەمان شێت نەبێت و زوو چارەیەکی لێ بکەین، هیچ نەبێت با دوعایەکی لای مامە شێخ بۆ بکەین، هەر ئەوەندەم دەزانی دوعا و نوشتەیان دەخستە ژێر سەرینەکەم، وای لێ

هاتبوو سەرین و پشتەشان و دار و دیواری ژوورەکەشم بەدوعا و ئایەت و نووشتە رازابۆوە، پورە فاتم دەهاتە لام و دەیچرپاندە گوێم کە ئەو شێخە، ئەو سەیدە گوتوویەتی ئەو دوعایەی بۆ بکەنە نێو ئاو و، ئاوەکەش بخواتەوە، هەبوو گوتبووی بابەردەوام قورئانی بۆ بخوێنن، یان کاسێتی قورئانی بۆ لێبدەن، چونکە ئەوە جن چۆتە لەشیەوە و هێلانەیان لەنێو دڵیدا دروستکردووە، یان یەکێکی تر گوتبووی بەو قسانەی ئێوە بێ ئەو کچە هەر دەبێ شەیتان چووبێتە دڵیەوە، وا چاکە بیهێننە لام، چونکە هەندێ شەیتان هەن بەلێدان نەبێ لە لەشی مرۆڤ دەرناچن، کە پورە فاتم ئەو قسانەی بۆ دەکردم رۆحم دەهاتە سەر لێوم، بۆیە لەگەڵ دایکم هەر مشتومڕی ئەوەم بوو کە من ئەو جۆرە شتانەم نییە، خۆ من شێت نیم، رۆژ نییە نووشتەیەك، دوعای فاڵچیەکم بەشان وەنەکەن، ئاخر خەریکە خۆشم گومان لە خۆم بکەم کە من شێتم، کچم ئەستغفیرەللە مەڵێ فاڵچی، دەزانی ئەو پیاوچاکانە چەند نوورانینە، فاڵچی چی کچم، ئێمەش هەر وابووینە و بەدوعا و نووشتانیش لە زۆر کارەسات و موسیبەتان نەجاتمان بووە، کچی خۆم ئەوانە پیاوچاکن و، خواش دوعای پیاوچاکان قبووڵ دەکات.

دایکم و پورە فاتم ئەوەندە بەسۆز و پاڕانەوە ئەو قسانەیان بۆ دەکردم، وەکو بڵێی من لە کەناری کارەساتێکەوە بگێڕنەوە، زیاتریش قسەکانی خۆیان ئاوێتەی ئەو بەڵگە و دەلیلانە دەکرد کە لە کۆنی کۆنەوە بەسەر خەڵکی ناوچەکە هاتووە و، هەر ئەم پیاوچاکانەش بوونەتە پەنایەك بۆ داڵدەدان و گەڕانەوەی باری ئاسایی و، بەدوعای ئەوان چەندان کارەسات لەسەر خەڵکی رەویتەوە.

ئەو قسانە بۆ من دەبوونە دەروازەیەك لێوەی بچمە نێو ئەو ئەندێشە و خەیاڵانەی دواجار بیریان دەهێنامە سەر ئەوەی، کاتێ مرۆڤ تەرازووی باری لار دەبێت، پەنا دەباتە بەر ئەو هێزە نادیارەی لەو دیوی بیروئەندێشەکانەوە یاری دەکات و، بەئارەزووی خۆی دەستپاچەی دەکات و، دەیگەڕێنێتەوە لای خۆی، من

وا بووم ئەو دەمانە هەمیشە حەزم دەکرد لەسەر پارچە حەسیرێك، بەرماڵێك ئەودیوی داهاتووی خۆم ببینم، هەموو جارێ زۆرم لە پورە فاتم دەکرد کە بەهەر شێوەیەك بێت، بمخاتە سەر ئەو بەرماڵەی رووی لە خودایە، ئای ئەو ساتانە چەند تامەزرۆی رۆچوونێکی نێو ئەو دنیایە بووم لەوەی من بزانم بەگوناهە سپییەکانمەوە دەچمە بەهەشت، یان بەچاکە لە دەست نەهاتووەکانم دەمخەنە دۆزەخێك، ئاگرەکەی بەر لە حەوت ئاو شۆردنەوە گەرمترە.

دەنووشتامەوە.. تەواو تەواو دەنووشتامەوە، گۆشەیەکی تیژم بەقاچەکانم و لای سەرەوەی لەشم دروست دەکرد، کەچی وام هەست دەکرد ئەو نووشتانەوەیە هێشتا بەبەریەوە ماوە بۆ پاکبوونەوەیەکی تر، ئەو دەمانەش سەرم دەخستە سەر ئەرز، بەسۆزێك کە پڕ بوو لە قوڵپی گریان و پاڕانەوە، خۆم دەخستە باوەشی ئەو فریشتانەی لە دوعای خێر دەگەڕان، دەگریام و دەپاڕامەوە، چەندین کەڕەت ئەو وشانەم دووبارە دەکردەوە کە بەندایەتی و ملکەچ بوون دەسەلمێنن، چونکە من ئەوەندە بەدەست دەردەکەمەوە پەرێشان ببووم، هەرکە چاوم دەکردەوە، مەرگم لە پێش خۆما دەبینی، هەر ئەمەش زیاتر دەیترساندم لە بەرامبەر راستنەبوونەوەم لەم نووشتانەوە و پاڕانەوەیەدا، ئەمەشم پێخۆشبوو من لەسەر بەرماڵەوە بچمە بەرقاپی قەدەری خوداوەند، نەوەکو لە زیندەخەوێکدا کە دواجار ناخۆشە بە چاوی نوقاوەوە گیانبدەی، دەنوشتامەوە، بە گریانێکی پڕ لە سۆزو ویقارەوە وشەکانم تێکەڵ بە فرمێسك و هەنسك دەکردو، دەستم بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، هەزاران جار سوپاسگوزاری خۆم دووبارەدەکردەوە کە من بەو حاڵەوە دەبێ داخی چ گوناهێك چارەنووسی منیان بەم رۆژە گەیاندبێ، کە من ئێستە بەم دەردەوە دەتلێمەوە، دەپاڕامەوە و نزام دەکرد، خودایە پەشیمانم لە هەموو ئەو کردەوانەی تۆ پێت باش نییە، بگرە لە هەموو ئەو بیرکردنەوانەشم پەشیمانم، کە زیان بە یەکتاپەرستی تۆ دەگەینێ و لە شکۆداری تۆ کەم دەکەنەوە.

پاش تاوێك هەڵسانەوە، دووبارە دەنووشتامەوە و، سەرم تەواو دادەنواندە سەر ئەو ئەرزەی نێوچەوان و لووتیان مشت دەکردم لە زەوی، لەو کاتانەدا فرمێسکم بەگوڕ دادەباراندە سەر ئەو بەرماڵە و تا شوێنی هەردوو چاوم تەڕدەبوون، وام هەستدەکرد تا بەگوڕ تر فرمێسکەکانم ببارێنم، تا هەنسك و گریانم بەجۆشتر تێکەڵ بە وشە پڕ لە میهرو سۆزەکان بکەم، ئەوەندە زیاتر فریشتەکان قسەکانم بە ئەمانەتەوە دەگەیننە بارەگەی خودا، هەر پاش تاوێك تاس دەیبردمەوەو هەستم بە ئارامییەکی زۆر دەکرد، وامدەزانی بەم پاڕانەوەو دوعایانە خۆم پاككردووەتەوەو، ڕەزامەندی خواوەندیشم بەدەستهێناوە لە بواردنم لە هەموو ئەو کاروکردەوە خراپانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بەهۆی نەزانی خۆمەوە تێی کەوتووم، دواجار هەر خۆم بیرم لەوە دەکردەوە ئەی ئەو تلانەوەو ئێش و ئازارەی تەمەنێکە منیان گیرۆدەکردووە، ئەمە سزای ئەو کارە بەدانەم نییە، دووبارە بیرم بۆ لایەکی دیکە هەڵدەفڕی و دەکەوتمە نێو دنیای سەرەتاو کۆتایی ئەو بیرەی کە ئەم دنیایە چۆن هاتووەو، بۆچی وا هاتووە، ئەی ئێمە چین و بۆچی دەژین و ئەی بۆ کۆتاییمان هەیە، ئەی دەبێ ئەم کۆتاییە چۆن بێت و، دواجار چارەنووسمان بەچی بگات، ئایا کە ئێمە دەمرین ئیتر ژیان تەواو، یان جارێکی دیکەو لە بەرگێکی دیکە ژیان بە شێوازێکی دیکە دەسپێدەکاتەوە، دیسان گەڕامەوە سەر ئەو سەرەتایەی کە لە پاڕانەوە و دوعا و نزاکانەوە دەستپێدەکاتەوە.

# بەشی نۆیەم

ئەو رۆژەی دکتۆر کەریم لە ریگەی ناسیاویکی باوکمەوە هاتــە ســەرینم، زۆر سەیرم پیێ هات، کە هەرگیز نەی پرسی کویت دیشــێ، بگـرە هـەر بـەدوای ئـەو پرسیارانەوە بوو، کە من چەند لەم پەنجەرەوە دەڕوانم و کاتێ لە قوتابخانــە بوومــە هاوڕیکانم کێ بوونە و حەزم لە چییە و پیوەندیم لەگەڵ ماڵەوە چۆنە و دلم بــەکێ دەکریتەوە و دەیان پرسیاری لەم بابەتە، بەلام ئەوەی زۆر دلخۆش و شادمانیکردم ئەو قسە نەرم و نیان و سۆز و بەزەییە بوو کە دکتۆر بەرامبەر بەمن نواندی، ئەو شیوازە خۆش و بەچیژەی لە قسەکردن و گفتوگۆ کـردن و پرســیارەکانیدا هــەبوو، بەجاریێ وروژاندمیان، ئیتر لەو رۆژەوە ناوە نـاوە ســەردانی دەکـردم و گفتوگـۆی لەگەڵ دەکردم، هەر جارەی بەدنیایەکدا گوزەرمان دەکرد و باســیکی ســەیری بــۆ دەگیرامەوە، هەرچەندە دکتۆر بە باوکمی گوتبوو کە من لەو ژوورە بگواستەوە بۆ ژووریکی دیکە کە هەرگیز گۆڕستانی لیــوە دیارنــەبیت، بــەلام بـاوکم ئەوشــتەی بەکەس نەگوتبوو، تەنیا ئەوەنەبێ رۆژیك دکتــۆر بــە پـورە فـاتمی گوتبــوو ئــەی

نەمگوت لەم ژووره بیگوازنەوه.

ئەو ساتانەی دکتۆر قسەی بۆ دەکردم، هەستم دەکرد گرێیەکوێرەکانی دەروونم دەکرێنەوە و، هەست بەئاسوودەیی دەکەم، هێزێك لە ناخەوە ختۆكەی گیانم دەدا و دووبارە دەمهێنێتەوە دنیایەك، دەمێکە نەم بینیوە.. ئا ئەوە دەموچاوە راستەقینەکەی دایکمە، ئەوە بۆ وا کز و لاواز و لۆچاوی بووە، ئەمەش خوشکە بچووکەکەمە کە ئێستە تەواو گەورە بووە، بەڵام باوکم هەروەکو خۆیەتی، هیچ لە سەروسیمای نەگۆڕاوە.

ئەمە سەرەتای ئاشنا بوونەوەی من بوو، بەو دنیایەی دەمێك بوو لێی دابڕا بووم، ئەو دنیایەی چەپکێك خەونی ئەرخەوانی لێ هەڵبزرکاندم و چارەنووسی منی بەم تلانەوەیە بەخشی، ئێستەش کە ئەو ئاوێنە رەزا قورسەی وێنە تەڵخ و ناشیرین و دەموچاوە پڕ لە لۆچەکانی من نیشان دەدا، بەمن بێ ئاوێنەکە وردوخاش بکەم، هەر ئەمەش جاروبار زۆر نیگەرانم دەکا و، هەموو شتێکم لە بەرچاو رەش دەکات، کە دکتۆر کەریم قسەم بۆ دەکات و چەندان شێر و رێویم بۆ دێنێتەوە لە روون کردنەوەی ئەو راستیانەی بەشێك لە ناڕاستیان تێدایە و، ئەو هەڵانەی بەشێك لە راستیان تێدایە، تەواو قەناعەتم وایە کە دەبێ وا بێ، ئەمە سونەتی ژیانە و، هەر یەکێك لە ئێمە دەبێ بەدەردێکەوە گرفتار بێت، بەڵام کە دکتۆر پشتی لە پاش دەکات، وەکو خۆیم لێدێتەوە و، وا دەزانم هیچ شتێکی راست نەماوە لەم دنیایە باوەڕی پێبکەین؟ دواجار سەرم دەخەمە نێو هەردوو دەستەکانم و، لە پڕمەی گریان دەدەم، گریانێك بۆ ئەو رۆژانەی شەرم و ترس منیان چەقاندە بۆتەی چارەنووسێکی نادیار، چارەنووسێك لە دیتنی خەونەکان بەکزی و، دوارۆژێکی رۆشن بەدەم ژیانی هاوسەریەکەوە کە دڵ مەزندەی دەکرد، رۆیشت ئەو رۆژانەی چاوم لەسەر یەك بەیەکی ئەو کەسانە دەگواستەوە و، خۆم بۆ داهاتوویەکی دوور هەڵگرتبوو، کەچی نەمزانی هۆگریم بۆ ئەو چوونە خوارەوەیەی

ناخی خۆم، روانینم بۆ ئەو دنیا سامناکەی نێو ئەو کێلانــە، بــەم دەردەم دەبــەن، ئەوەندە بەقووڵ روانیمە یەك بەیەکی ئەو گۆڕانــەی هــەر یــەکی بــە دەردێکــەوە، بەکارەساتێکەوە، تیای چوون، هەیە بەنەخۆشی، هەیە کوژراوە، هەیە هەر لەخۆوە مردووە، هەیە سووتاوە، هەیە ئوتۆمبیل کوشتوویەتی، هەیەو هەیــە، هــەر ئــەم روانینانە، وردبوونەوە لە ساتی ئەو دەمانەی مرۆ چاو لێکدەنێ، رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو فەنا بوونێك منیان راپێچ دەکرد، تاکو گەیشتمە سەر ئەو لێــوارەی شــتێك نییە بمگێڕێتەوە، ئای چەند حەزمکرد شەوێك لە باوەشی ئەستێرەیەکا رۆژم بەخۆم ئاشنا بکردایە، چەند حەزم دەکرد تریقانەوەی منالێکم ئەو خەمە تەڵخانەی ســەر دەروونمی بڕەواندابایەوە، ئاخر دەزانــی ئەوانــەی منــاڵی خۆیــان بەســەر باوەشــی خۆیانەوە نابینن، هەمیشــە لــە بــێ ئۆقرەییــدا دەژیــن، هەمیشــە نائارامییــەك ئاســوودەیی ناخیــان گێــرە دەکــات و ماندوویــەتیان دووبــارە دەکاتــەوە و، لــە حەسانەوەشدا هەست دەکەن هیلاکن بــەدەم ئــەو گێژەنــەی ســەرتاپای بوونیــانی داگیرکردووە، رەنگە ئەو دەردەی من پێیەوە دەتلێمەوە کاریگەر بێ، بەڵام خەڵکی تریش هەن بەجەستە هیچ بەڵایەکیان نییە، بەڵام لە دەروونەوە نەخۆشی گــەورەن، هیلاکن بەم دەردانەی پێیەوە گرفتارن، ئەوە شەوینی دراوســێمان کــە جــار جــارە دێت و سەرم لێدەدات، دەست دەکات بەقسەکردن، باسی ئەو خەمانەم بۆ دەکــات کە ناخی ئەویان هەڵکۆڵیوەو شەقار شەقاریان کردووە، شەوین کچێکە ئەگەرچــی ناشیرینی لێــی بۆتــە بــەڵا، کەچــی تەمەنیشــی ســەری کــردووە، جارێکیــان زۆر بەحەماسەتەوە گوتی (ئاخر ناخۆشە ناخۆش بەم تەمەنە و بەم حاڵــەوە خــۆت لــە بەردەم هاوڕێ و هاوەڵان و دۆست و ئازیزانی سەردەمی منداڵی و گەنجی خۆتــەوە ببینیــەوە، دەزانــی چ نیگەرانییــەك دەروونــت دەکوشــێ، مــن ئەودەمانــەی لــە ئاهەنگی برادەرێکما ئامادە دەبم، هەمیشە خۆم بەخەجاڵەت دەبیــنم لــە بــەردەم ئەو هاوڕێیانەی، ئەگەر ئاسوودەش نەبن، بەڵام خۆ دیتنەوەیان لە بەردەم هاوســەر

و منداڵەکانیانەوە، ئۆخـژنی ئارامییەکـە، گیـانی ئامادەییـت لا دەڕوێـنێ بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو تەنگوچـەڵەمانەی دێنـە رێگـەت، بـەڵام مـن لـە هـەر لەحزەیەکی ئەو ئامادەبوونەدا دەیان جار دەمرم و دەژییێمەوە، هـەر بۆیـە ئێسـتە زۆر کەم هاموشۆی دۆست و هاوەڵانم دەکەم، ئەمەش زیاتر رۆچووی ئەو چاڵەی کردووم لەخۆخواردنەوە، کە هاوڕێیەکم دەبینم، بەدەست خۆم نییە یەکسەر سەیری پەنجەکانی دەکـەم، بـزانم ئەڵقـەی دەزگیرانـی لـە پەنجەیـە یـان نـا، کـە هـاوڕێ هاوتەمەنەکانی خۆشم دەبینم وەکو خۆمن، وەکو خۆم لە ژیانی تەنیاییدا خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕە زەرد و کۆنەکانی بەختی خۆیانن، ئاسوودە دەبم، هێور دەبمەوە لەو تەنگژە دەروونییەی بەهەموو دەم ئاڵۆزی کـردووم، نیگـەرانم و خۆشـم نـازانم چییە، نەك لەبەر ئەوەی خۆشیم بێ برادەرەکانیشم وان نەخێر، نـەخێر، بـەڵام لـە ناخی ناخەوەم شتێك هەیە و پێم دەڵێ (مرۆڤ لە هیچ شـتێ تـەنیا نـەبێ باشـە) هەموو جارێکیش بیر دەکەمەوە، باشە ئەگەر ئەو بارە وا بڕوا چـەند سـاڵێکیتر و سەرتاپای شارەکەم، وڵاتەکەم ئەو پەتایە دەیگرێتەوە، ئەو کاتـە گوڵـەکان بـەبێ ئەوەی کەس بۆنیان بکات، دەوەرن، بەهار پێش ئەوەی نەشئەکانی خـۆی پـەخش بکات، خەزان دەبێتە میوانی دڵەکان.. خودایە ئەم دەرگایە دابخە کە بای خەزانی لێوە دێت، ئەو دەروازەیە قەپات کە کە تەمەن تیادا سەر دەکـات و، بوخچـەکان بەنـەکراوەیی دەهێڵێتـەوە، چ ئەسـەفە مـرۆڤ لـە هـەموو تەمەنیـدا نـەتوانێ خەونەکانی بهێنێتە دی، بـەدوای ئاواتەکانیـەوە تروسـکایەك بـەدی نـەکات لـە گەیشتن بەو شتانەی هەیەتی لە ژیـان، ئەمەیـە دۆزەخ، ئەمەیـە سـووتان لـەنێو ئاگرێکی بەکاوەخۆ، ئەو ئاگرەی وەکـو پشـکۆی گەشـی نێـو کـا هێـدی هێـدی جەستەمان دەکا بەئاو.

هەر شەوینی هاوڕێم گێڕایەوە، پاش چەندین ساڵ لە مامۆستایەتی، دووبـارە چوومەوە کۆلیژ، هیچ نەبێ چوار ساڵی خوێندن دەستم لە شتێ گیر دەکات، بۆیـە

بۆ وەرگرتنم لە کۆلیژ پێویستم بە هەندێ بەڵگەنامە هەبوو، لەوانە بڕوانامەکەم، بۆیە دووبارە چوومەوە ئەو قوتابخانەیەی چەندین ساڵ بوو جێم هێشتبوو، کە چوومە ژووری بەڕێوەبەر، هەمان ئافرەت ئەو ئافرەتە چاو ئەفسووناویەی ئێستەش شۆخ و شەنگی بەدەم و چاو و بەژن و باڵایەوە دیارە، پاش زەمەنێکی دوور لە مامۆستایەتی و بەڕێوەبەریەتی قوتابخانە، بەداخێکی زۆر و ئاهێکی قووڵەوە گوتی (کچێ ئێمە خۆمان لەبیر کرد، خۆمان کردە قوربانی سۆزی هەوەسێکی گەورە، دەزانی ئێمە چەند لوت بەرز بووین، چەند دوورمان دەڕوانی، تا چارەنووس بەو رۆژەی گەیاندین) ئەو مامۆستا بەڕێزە پاش ساڵانێکی زۆر لە مامۆستایەتی و ڤێجا بەڕێوەبەریەتیی قوتابخانە، هەمیشە بەو شێوەیە رێنوێنی کچە قوتابییەکانی دەکرد (کچم بۆ شوو ناکەن، چیتان داوایە لەوەی دووبارە بچنەوە بەر خوێندن لە یەکێك لەو کۆلیژە سەقەتانەی هیچ شتێك ناخاتە سەر خەرمانەی داهاتووتان، بۆ خۆتان شوویێ بکەن چاتر نییە، ئەوە نییە منیش بەدەم وڕێنەی ئەو خەونانەوە، هەموو ژیانم بووە خەونێکی درێژ، دەمن ببینن، منیش ئەو وێناندنە ئەفسووناویانە درزێکیان کردە شانس و بەخت و نێوچەوانم و، چارەنووسم بەو رۆژە گەیشت) کە مامۆستا بەو شێوەیە قسەی دەکرد، رۆژانی قوتابییەتیم بەبیر دەهاتەوە کاتی رێزی دەکردین و قسەی بۆمان دەکرد، بەزمانێك دەدوا و هاواری دەکرد، هەموومانی دەخستە دنیای سەرسوڕمانی، لە قسە و هاوارەکانیدا، کزەی ئاخێك سەدای لە گوێچکەی هەموومان‌دا دەنگی دەدایەوە، کە لە قسەکانی دەبۆوە، هەستی بەئارامیەکی زۆر دەکرد، وای دەزانی نهێنییەکی زۆر گەورەی ئاشکرا کردووە، بەخەندەیەکی درۆزنانەوە کۆتایی بەقسەکانی دەهێنا، کەچی لە ناوەوەش وەکو مەنجەڵی هەڵمپەست دەکوڵا، دەجۆشا و بۆشاییەك نەبوو پاڵەپەستۆی ئەو هەناسە پەنگ خواردووانەی بۆ ڤاڵا کات، کە زۆر دەمێك بوو هەراسانی کرد بوو، ئەو مامۆستا بەڕێزە کە شارەزاییەکی زۆری

لە بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانەیە هەبوو، هەموو قوتابییەکان وەکو باوکێك سەیریان دەکرد، هەموو رۆژێ وەکو شوانێك بۆ دڵنیا بوون لە ژمارەی پەزەکانی بەنێوماندا دەسووڕایەوە، یەك یەك سەیری دەکردین، ئەگەر شتێکی بەدی کردبایە، کۆی دەکردینەوە و هەموومانی ریز دەکرد، وەکو پیاوێك بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی خۆی، دەنگی خۆی گڕ دەکرد و، بە توندی قسانی دەکرد، چاوی دەبڕییە یەك بەیەکی ئێمەی قوتابی، هێندە عەیارانە سەیری دەکردین، نەك نهێنییەکانی نێو چاومان، بگرە پانتایی دڵیشی دەخوێندەوە، راهاتبوو، بەگۆڕانێکی زۆر بچووك، هەستی بەشتێکی زۆر گەورە دەکرد، سەوداسەر دەبوو، دەگەڕا و دەسووڕا، تا نهێنییەکەی ئاشکرا دەکرد، دەحەسایەوە، وای لێهاتبوو بەبۆن هەموومانی دەناسییەوە، هەموو جارێش دەیگوت (پێنج ساڵ بەسە بۆ ئەوەی بزانم هەر یەکێك لە ئێوە بایی چەندە، هەر یەکێك لە ئێوە چی دەکات و نیازی چییە، کچم من نەك هەر دایکی ئێوەم، بگرە باوکی ئێوەشم، بەقسەم بکەن قازانج دەکەن) هەندێ جاریش کە دەهاتە پۆلەکەمان بەبۆنەی شتێکەوە دەیگوت (کچەکانم مەهێڵن کوڕ باغی سینەتان بشێلێ، بەڵام ئەگەر دەستی درێژ کرد بۆ دەستان، دەستی بدەنە دەست، نەکەن دەستی خۆتان بکێشننەوە، کچێ دوایی لەوانەیە گوریسەکە بپسێ و ئیدی کەسێك نەمێنێ، ئەو گلۆڵەیە هەڵبکاتەوە، غەیری خۆت نەبێ، ئەو کاتە گوزەر کردن بەدەم شەوە درێژەکانی زستان و، کات بەڕێکردن لە رۆژە گەرمەکانی هاوین، تەمەنێکی درێژ و زۆرت وەبەر بای خەزان دەدا و شتێك نامێنێتەوە ناوی ئاسوودەیی بێت.

هێدی هێدی دەنگی دەگۆڕا و بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت، دواجار بەدەنگێکی نیوە نووساوەوە دەیگوت (بۆ ئێوەمە کچەکانم، مەیلی هیچ شتێکی خراپم نییە لەگەڵتان، بەڵام سەیری ئەو حەشاماتەی ئێوەی کچگەل دەکەم، ئاسۆیەك بۆ خۆم بەدی ناکەم لەو هەزار بەهەزارەی ئێوەی تازەهەڵاتوو لە تەمەن

لە جوانی، لەو عیشوەییەی ئێوە هەتانە.)
ناسك ئێستە کە بیر لە قسەکانی مامۆستاکەم دەکەمەوە، دەزانم ئەو لەژێر بارێکی قورسدا بووە، هەرچەند ئەوێ ڕۆژێ ئێمە هەستمان بەهیچ نەکرد، بەڵام لەوڕۆدا ڕوانین بۆ ئەوی کچ لەو کاتدا، ئەستەمە مرۆڤێك بەبێ خەون بژێت.
ڕاست دەکەن، شەوین تۆ ڕاست دەکەیت، مامۆستاکەشت ڕاست دەکات، ژیانی ئێمە تراژیدیایەکە بۆ خۆی، کومیدیاکانی ساختەن.

## بەشی دەیەم

هەموو شتێ گۆڕاوە، هیچ شتێك وەكو خۆی نەماوەتەوە، تا سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتیش، ئێستە وەكو جاران گرینگی پێ نادرێ و، بەو شێوەیە نییە كە ئێمەی گەنج جاران تێی گەیشتبووین، ئێستە شیرینەكان لای فەرهادەكانیان هەنگوین نین، مەجنونەكانیش ئێستە مەجنونیان تا ئەو ئاستە نییە، كە جاران مەجنون بۆ لەیلا هەمیشە لە چۆڵ و بیابانان شەو و ڕۆژی دەكردەوە، ئێستە هەموو شتێ گۆڕاوە گۆڕا، تا ئێمەش لەماڵەوە پێوەندییەكانمان كز بووە، ئەوە نییە لەم ماڵە گەورە و چۆڵوهۆڵەدا، كەس تاقەتی قسانی نەماوە، هەر كەسە و بەدەردێكەوە گرفتارە، باوكم لەبەر حیساباتەكانی و دایكیشم بەدەم خەمی كوڕەكەیەوە كە لە وڵاتێكی دوورە دەستدایە، منیش بەدەم ئازاری خۆمەوە، بەدەم تەنیایی و ئەو شتانەی بەهەموو دەم هەناویان كۆڵیوم دەتلێمەوە، هەر هەموومان تلاوینەتە نێو خەمێك.. دەردێك، كەسمان ئاگەمان لەكەس نەماوە.

ئێستە ماوەیەكە شەو و ڕۆژ كاتەكانیان زیادی كردووە و تەواو نابن، ئەو دەمانەی لە ڕۆژ دام، شتێك نامێنێ خۆی پێوە خەریك نەكەم و بیری لێ نەكەمەوە، لە ژوورەكەی خۆمەوە دەست پێ دەكەم، ئنجا دێمە خوارەوە، دوایی

دەچمە نێو باخچەکەمان، ئنجا بیر لەو مەلانە دەکەمـەوە کـە هـەر بـۆ هـەوەس رامگرتوون، هەر بەدەم ئەندێشەکانەوە لە زیندە خەوێکی نیمچە ئاگاییەوە، چەند تاوێك بەدەم هەڵفڕینی خەوی ئاسوودەییەوە باڵ دەگرم، ئای چەند حەزم لە خەونە، ئەگەرچی ئێستە خەونەکانی ترسناك و ناخ هەژێنن، بـەڵام هـەر خۆشـە، ئێسـتە ماوەیەکە خەونی خۆش نابینم، هەمیشە ئەو خەونانەی ئێستە دەیانبینم ترسناك، مەرگ ئامێزن، هەمیشە لەو خەونانـە ئازیزەکـانم، هاوڕێکـانم، خۆشەویسـتەکانم دەکوژرێن، یاخود ون دەبن و نایان بینمەوە، یـان هەنـدێ جـار لـە چـۆڵەوانیەکا دەعبایەك - گیانەوەرێکی ترسناك دێت و قەپاڵم لێ دەگرێ، ئـای ئـەو کاتانـەی گازم لێ دەگرێ، یەك بەخۆم رادەکەم، کەچی قاچەکانم لەدووم نایەن، بـۆم نـاکرێ هەنگاوێ هەڵگرم، هەر ئەو سـاتانە خەبـەرم دەبێتـەوە، کـاتێ رادەمێـنم لەشـم یەکپارچە شەڵاڵی ئارەقە بووە، دڵم لێدانی زیـادی کـردووە و، تـەواو پەرێشـان و پەشۆکاوم، بەڵام ئەو خەونانەش هـەر خۆشـە، چـونکە منێـك کـە تـازە خـەزان سەرتاپای تەمەنی گرتۆتەوە، کە تازە بەهار جارێکی تر ئاشنا نابێتەوە بەم دڵەم، کە تازە منێك چرۆی هیوا بەدەم رۆژەکانی چاوەڕوانییەوە نابینم، چی بکەم بەدەم ئەو رۆژگارانەی لە خەم زیاتر شتێك نین بۆ من، شەوەکانیشم هەر مەپرسە، جاران دڵم خۆش بوو بەمیوانە ناوەختەکەم، ئێستە ئەویش لەم هەموو شـەوە دووبارانـە بێزار بووە و نایەتە ماڵەکەم، تەنیا خۆم و چوار دیواری ماڵێکی گەورە، ژوورێك و چوار دیواری هەمیشە وەستا و بەرامبەر ئەو چاوە ئەبڵەقبووانەی مـن، ئـای کـە تەنیام و، خەریکە تەنیایی دەمکوژێ، زۆرجاریش بیر لەوە دەکەمـەوە کـە دەبـێ ئێمەی مرۆڤ کاتێ دەکەوینە دنیای بێ واتاییەك لە ژیان، بەدەم چ خەونێکەوە رۆژ دەسپێرین بەشەو و، شەویش بەڕۆژ، ئایا چ شتێك ئەندێشـەکانی مـەرگمان لـەلا لادەبات و حەزی ژیانمان پێ دەبەخشێ، من ئێسـتەش سەرسـوڕماوم و نـازانم بـۆ بەدەم نۆشینی ئەم هەموو ئازارەشەوە، بۆ رقـم لـە مردنـە، بـەمن بـێ پـەردەی

پەنجەرەی ژوورەکەم نەکەمەوە، چونکە بینینی ئەو گۆڕستانە، ئەو هەموو کێلانەی ئەو حەشاماتە، ترسێکی گەورەم لا دەڕوێنن و، بیرم بۆ شتی سەیر دەبات، هەر بۆیە ماوەیەکە پورە فاتم تێگەیاندووە کە پەردەی پەنجەرەکان هەڵنەداتەوە، یان ئەو وەختانە هەڵیداتەوە کە من نووستووم و سەفەرم کردووە، زۆر دەمێکە حەزی سەیرکردنی ئەو گۆڕانەم نەماوە، دەمێکیشە ئەوەم بە باوکم کە ئەم خانووە بفرۆشێ و ئەم شوێنە بەجێ بهێڵین، من نازانم لە کەیەکەوە لێرەین، بەڵام دەزانم هەر لەو رۆژەوەی من چاوم کردۆتەوەو چاکەو خراپەی خۆم دەزانم، ئێمە ماڵمان هەر لێرە بووە، باوکیشم دەڵێ (کچم بەرەکەتی ماڵی باوکت لەو خانووەوە بووە، باسی فرۆشتن و بارکردن لێرانە مەکە، منیش گەر لێرە بڕۆم دەمرم).

ئاخر باوکە باش بزانە مانەوەشمان لێرە من دەکوژێ، تۆ نازانی ئەو شوێنە چەند ئازاری من دەدات، شەو و رۆژم بەدەم ئەم ئازارانەوە لێ ناڕوات و بەهەموو دەم لەخۆخواردنەوەم، هەندێ جار ئەم دامان و خۆخواردنەوەیە تووشی ئەندێشەی قووڵم دەکەن، خۆم لەبیر دەچێ و خۆم لە دنیای دیکەدا دەبینمەوە.

شەوێکی تاریك ونوتەك، چاو چاوی نەدەبینی، بارانیش بەشەستە دەباری و، هەندەی تر شەوەکەی لێڵتر و پڕ لە ترس و گومان کردبوو، لەگەڵ بارانەکە شتی سەیر سەیر دەهاتە خوارێ، ئەوەی زۆر پەرێشان و شپرزەی کردبووم، بەربوونەوەی ئەو چۆلەکانە بوو کە بەمردوویی لەسەر زەوی دەکەوتنەوە، هەندێکیان هەر ساقەتە سۆرە بوون، لەگەڵ بەزەوی کەوتنا ئەم دەمە زەردەیان لێکدەدا و رۆحیان دەردەچوو، ئەم دیمەنە زیاتر تەنگەتاوی کردم بۆ ژێر دیوار و پەنا پەسێوان رابکەم، بەهەشتاوی رامدەکرد، هیچ نەبێ بگەمە شوێنێکی ئارامتر، لەپڕ لەم کۆڵانەوە وەرسووڕامەوە، دەنگە دەنگێك دەهات، کە ئەو دەنگە غەریب نەبوو، زیاتر هەنگاوەکانم گەورە کرد و، دەمویست زوو بکەومە ئەو ئاوەدانییە، کە زیاتر چوومە پێش، ئامۆزاکەم لەگەڵ چەند کەسێك لە تریقانەوەی خۆیان بوون،

سەرێکی بڵند کرد و بەحەپەساوی گوتی (خێرە گەیشتوویتە ئێرە) هەر خۆشم نەمزانی چیم گوت، پاش تاوێك بێ دەنگی گوتی (خۆت رێکنەخستووە) خەریکم، دەهاتم و دەچووم، دەستم بۆ هەر شتێ دەبرد، وەدەستم نەدەهات، بۆ هەر شتێ رام دەکرد، زیاتر لێم وەدوور دەکەوتەوە، پەنجەم بەر هەر شتێ دەکەوت، لایەکی لێ دەبۆوە، زۆر سەیر بوو، دایکم لەولاوە بەهەشتاوی هەر راکە راکەی بوو، ئەوەندەی لێشم دەپرسی هیچ وەڵامی نەدەدامەوە، لەولاوە پورە فاتم لێی کەوتبوو، بەخوشکەکەم گوت ئەوە پورە فاتم چییەتی؟ گوتی غەریبەی ئیفلیج بووە، لە پەلوپۆ کەوتووە و ناتوانێ بڕوات، منیش لە دڵی خۆمدا گوتم چەند بەستەزمانە، لە هەموو دنیا شانسێکی نەبوو، منیش دەڕۆم جا کێ خزمەتێکی دەکات، سەیری ئەو جلوبەرگە سپییەی بەر خۆمم کرد، خۆشیم پێ نەدەهات، هەمیشەش بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئاوێزانم دەبێت و، چۆن دوو جەستە ئاوێتەی یەکتر دەبن، سەیری کاتژمێرەکەی سەر دیوارەکەم کرد، میلەکانی لەسەر هیچ ژمارەیەك نەدەگیرسایەوە، دەمژمێرەکە هیچ شتێکی دیار نەبوو، هێندەی چاوم هەڵدەگلۆفت نەمدەزانی کات چەندی نیشان دەدا، دواجار چاوم لەسەر کاتژمێرەکە گواستەوە و، بۆ دەوروبەری خۆم روانی، چاوم دەخستە سەر هەر شتێ، شتێکی تر دەردەکەوت، ئای خودایە ئەمە بۆ وایە، دیسان لە خۆم روانی، ئەم جلە سپییانە ئاوی چاو ناهێڵن، ئای کە خۆشە، من چەندین ساڵە ئومێدی ئەوەم بوو بگەم بەو فریادرەسەی خۆم دەمەوێ، ئەوە منم بەئاواتی خۆم گەیشتووم، سوپاس خودایە، دەنووم، تێر دەنووم، خۆم دەخەمە نێو باوەشی و هەردوو دەستم توند دەئاڵێنمە قەدی، ئەوەندە بەخۆمیەوە دەکوشم، تا جەستەی هەردوکمان دەبێت بەیەك، ئنجا من دەبم بەئەو و، ئەو دەبێت بەمن، ئەو کاتە دەزانم ئەو چەند منی خۆشویستووە، ئەو کاتە لەو نهێنییە گەورەیە دەگەم کە بۆچی تا زەمەنێکی دوور لێکتر نەگەیشتین، چاو دەبڕمە چاوی، سۆماکانی خۆم تێکەڵ بەسۆماکانی دەکەم،

سیحری ئەو ئەفسوونە ئاشکرا دەکەم کە بۆچی بریسکانەوەی جاران نابینم، بریسکەی ئەو هیوا و ئارەزووانەی جاران لە یەك تێڕوانینەوە سەرچاوەی دەگرت، نەماون ئەو روانینە پڕ لە عیشوە و نازانە، ئەو چاو هەڵێنان و داخستنانەی دڵیان دەبووراندەوە، مشتیان دەکرد لە کوتەی یەك لە دوای یەك و بەهێز.

ئەوە هاتە ژوورەوە، ئەی بۆ یەکپارچە رەشی پۆشیوە، ئەی بۆ ئەوەندە ماتومەلولە، ئەی بۆ خەندە لە لێوانی بڕاوە، دەبێ شتێك رووی نەدابێ، ئەوەندەی چاوم روون دەکردەوە و لە جوانتر دتینی ئەو، بەڵام نەمدەتوانی بیناسمەوە، لێم هاتە پێش، بۆنێکی کردم و چوو لەوسەر ژوورەکە لە کونجێکا هەڵکورما، دەموچاوی خستە نێو هەردوو دەستەکانی و، هەردوو دەستیشی خستە نێو ئەژنۆکانی، لە پڕمەی گریانیدا، ئەم گریانە چییە کۆڵی تا سەر ئێسقان چووە، دەگریا و خوڕەی فرمێسکەکانی ئاوازێکی خەمگینیان دەئاخنیە گوێ، ئەم دیمەنە زۆر سەرسامی کردم، ویستم لێی نێزیك ببمەوە و هەندێ پرسیاری لێ بکەم، لەو گریانەش بگەم کە ئەوەی سۆزی هەستبزواندن هەبوو لە منیدا کوشت، چوومە پێش و بۆی نووشتامەوە سەر ئەژنۆیان، ویستم دەست بدەمە سەری لێم دوورکەوتەوە، دووبارە لێی نێزیك کەوتمەوە و دەستم بۆ دەستی درێژ کرد، دیسان چەند هەنگاوێك لێم دوورکەوتەوە، چاوم گێڕا بۆ دیتنەوەی، ون بوو لەبەر چاوم، بەهەر چوار لای خۆم دەمڕوانی و نەمدۆزیەوە، ئەوەندە پەشۆکاو و تەنگەتاو ببووم لە پشوو و تەنگی هەناسەم خەبەرم بۆوە، کە چاوم کردەوە، زۆر بەزەحمەت دەمتوانی تەواوی ژوورەکەم ببینم، ویستم بانگی پورە فاتم بکەم، توانای گوتنی وشەیەکیشم نەبوو، خوایە ئەم قورساییە گەورەیە چییە کەوتۆتە سەر سینگم، ئەی پێڵوەکانم بۆ وا قورس بووە، ئەی دەستم بۆ ناجووڵێ، قەیناکە قاچەکانم توانای جووڵانیان نییە، ئەی بۆ جەستەم وا سڕ بووە و، ناتوانم شوێنێکم بجووڵێنم، خوایە ساتی مردنم نەبێ، لەوانەیە وابێ، بۆ نا، ئەی ئەوە نییە من بەم هەمو تەنیایی و

خەم و ئازارانەوە، رۆژ لە دوای رۆژ و هەنگاو بەهەنگاو لە مردن نێزیك دەبمەوە، ئای ئەو ساتەی کە من دەمرم، دەبێ چی رووبدات، دەبێ دۆست و برادەرەکانم چۆن لە سەرینم بووەستن و بگرین، دەبێ دایکم چی بکات، ئەی پورە فاتم کە تەمەنێکە بەیەکەوە دەگوزەرێین، ئەی باوکم.. تۆ بڵێی تەنیا دوو دڵۆپ فرمێسکی بەزەیی باوکانەی بە چاواندا بێتە خوارەوە، ئەی دەبێ ئەو ئامۆزایەم کە ئێستەش هەواڵێکی نازانم، دواجار هەواڵی مردنەکەم بزانێ و چی بکات، تۆ بڵێی بەیەکجاری نەیەتەوە و بڕیاری بەیەکجاری مانەوە نەدات و دەست لە ملانێ گۆڕەکەم نەبێت، دەبێ لە گریان و فرمێسك هەڵڕشتنیدا بەچ سۆزێکەوە بلاوێتەوە و، لە دڵی خۆیدا چی بڵێ، تۆ بڵێی بڵێ خۆشەویستەکەم دەمویست بتکەم بەهاوسەری خۆم و، هەردوو لە باوەشی یەکدیدا ئاسوودە بژین، یان تەنیا چەند فرمێسکێکی وەفایی بۆ ئەو تەمەنە کورتەی خۆشەویستیمان هەڵڕێژێ و تەواو، یان هەر وەکو پیاوە بێ وەفاکان تەنیا چەند ساتێکی ماتەم لە ئاست مردن و ناشتن و پرسەکەمدا بوەستێ و، ئیتر هەوای دنیاکەی خۆی دایبگرێتەوە و، هەر بیریش لەو رۆژانە نەکاتەوە، کە من و ئەو زۆر سەیر یەکدیمان خۆشویست.

ئای خوایە گیان ئەو ئازارە چییە بەرەو سینگم هەڵدەکشێ، ئەمە یەکەم جارمە ئازاری وا گیانم دادەگرێ، نەخێر دەمرم، بەڵێ ئەمە ساتی مردنی منە، من ئەو رۆژەی لە دایك بووم، هەموو ئەو ماڵە دەتگوت ئاشی ئاو لێ بڕاوە، دەتگوت سەهۆڵبەندانە و کەسی تێدا ناژی، ئەم ماڵە، چەند کشومات و بێ دەنگە، بەلەدایکبوونی من دە ئەوەندەی تر بێ دەنگ، ئێستەش کە دەمرم هەر لەو بێ دەنگییە و ئەو دنیا کشوماتەدا، دوا گیاندانی من دەبێتە شاباشی ئەو ماڵەی مەستە بەخەنەبەندانی بێ دەنگی، چارەنووس بوو چارەنووس، من لەو ماڵەدا لە دایك بم و، لەو ماڵەش بێ دەنگی بمکاتە بەشێك لە خۆیی و، هەر بێ دەنگیش حەزی بەبەردەوام سەیر کردنی ئەو گۆڕستانەم لا بکاتە خوویەك و،

قەدەری روانینی پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە ئێستە رۆحی منی تیادا دەفڕێ، بەسەر ئەو گۆڕستانەوە بڕوانێ، هەموو ئەمانە چارەنووسی منیان گەیاندە ئێرە، شەرمنی و خۆخواردنەوەی من لەم بێ دەنگییەوە سەرچاوەی گرت و، هەر ئەم بێ دەنگییەش ماوەی ئەوەی نەدام بەکامی دڵ دوا پەیامی خۆم، دواماڵئاوایی و دوا سۆزی خۆم بۆ دایکم و پورە فاتم دەربڕم، دوا گلەییش لە باوکم بکەم کە ئەم حەسارە گەورەیەی نەگواستەوە شوێنێکی ئاوەدان، کە گۆڕستانی بەتەکەوە نەبێت، ئای خودایە ئەم ئازارە چییە، زۆر پێ دەچێ ئەمە ئازاری مردن بێت، خودایە دەبێ مردن چۆن بێ، دەبێ ئەو کاتەی رۆح لە جەستە دەردەچێ، چی رووبدات، چ چارەنووسێك چاوەڕێم بکات، ئای، ئای خودایە،!!!.

# بەشی یازدەیەم

کە گەڕامەوە.. کۆچی ناوادەو تژی لە ئازاری ناسك دەمێك بوو رەویبوّوە، دەمێك بوو ئەو قسەیەی ناسك لە دوا یادگاری خۆیی و لەو پەڕاوەی هەموو ئازارەکانی خۆی تیادا نووسیوەتەوە راست دەرچووبوو، هەرچەند ئەو کاتەی کۆچی دواییکردبوو، لە دوورەوە هەوالێکم بیستبوو، بەلاّم کە گەڕامەوە تەواوی ئەو هەوالّەم لە دەمی دایکیەوە بیست کە چۆن ئەو بەیانییەی لەخەو رابوونە، بینیویانە ناسك لەناو جێگە بەبێ ئەوەی کەس ئاگەداری بێت کۆچی دوایی کردووە، هەر ئەم کۆچەی ئەو و کروزانەوەی دایکی دەیان یادگاری و، هەوالّی ناخۆشی ناسك و هاورێکانمی هێنایەوە یادم.

کە لەمالّیان دەرچووم بڕیارمدا سەردانێکی ئەو گۆڕستانە بکەم کە دواجار سیحری لە ناسك کردو، هەر ئەو گۆڕستانەش بووە دوا وێستگەو مەنزلی هەمیشەیی ئەو، خوشکەکەی کە چەند سالّێك لە ناسك بچووکتر بوو گێڕایەوە، ئەمڕۆ چەند سالّێك بەسەر کۆچی ناوادەی ناسکدا تێدەپەڕێ، سێ چوار سالّ بەر

لە ئەمڕۆ لە سپێدەیەکی زوو هاواری ئەوە بڵاو بۆوە کە ناسك لەناو جێگەدا تەواو بووە و کۆچی دوایی کردووە، هەموو خەڵکی گەڕەك روویان لەو ژوورە کرد، کە ناسك دوا ساتی چاولێکنانی تێدا بەسەر بردبوو، پوورە فاتم کە چەند ساڵێك دەبوو لەو ماڵە دەیگوزەراند لە هەموو خەڵکی زیاتر، تا لە دایك و کەسوکاری ناسك پتر دەیدا بەسەری خۆیدا و شینی دەکرد، دایکەکەی سەروپۆتەڵاکی خۆی کردبۆوە و روومەتەکانی خۆی هەڵدەگلۆفت، باوکیشی هەر پەکو پەکوی بوو.

پاش ئەوەی بەبەتانییەکەوە ناسکیان هەڵگرت بۆ خوارەوە، چاوێکم بە ژوورەکەدا گێڕا، تەنیا ئەوەی سەرنجی راکێشام لەو ژوورەدا ئەو پەڕاوە بەرگ رەنگینە بوو، کە لە پشت سەری ئەو چوارپایە دانرا بوو، کە ناسك لەسەری دەخەوت، پەڕاوەکەم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، هەمووی نووسرا بوو، هەندێ لاپەڕەیشی وێنەی رەنگینی لەسەر کێشرا بوو، بەرگە رەنگینەکەی ئەم پەڕاوە، وێنە جوانەکانی نێو پەڕاوەکە زۆر سەرنجیان راکێشام، چەند جارێك بەدەم تەماشا کردنیەوە، خولیای ئەوە هاتە کەللەم کە پەڕاوەکە دانەنێمەوە شوێن خۆی، نازانم بۆ ئەو کارەم کرد و، بڕیاری ئەوەم دا پەڕاوەکە لای خۆم هەڵگرم، ئەو کات هیچ لە نووسینەکانی نێو پەڕاوەکە حاڵی نەبووم، بەڵام رۆژان هاتن و شەوان چوون، لاپەڕە زەردەکانی ئەم پەڕاوە شتی سەیریان گێڕایەوە، ئەو رۆژە سەختانە چۆن بەڕێ کراون، تلانەوە بەدەم ئەو هەموو خەمی تەنیاییەوە چۆن واتایەکیان بۆ ژیان نەهێشتۆتەوە، ناهەقیش نییە مرۆڤێك لەنێو ئەم هەموو دەردە کوشندە و ئەو هەموو ئازارانەوە گوزەری کردبێ بەم شێوەیە نەمرێ.

پەڕاوەکەم لە خوشکە بچووکەکەی وەرگرت و چەند جارێك هەڵگێڕو وەرگێڕم کرد، بڕیارمدا ئەو پەڕاوە لەگەڵ خۆم بەرم، کە چوومە ماڵەوە چەند لاپەڕەیەکم لێ خوێندەوە، پاش چەند رۆژێك دووبارە پەڕاوەکەم هێنایەوە دەرەوە، ئەمڕۆ ئەمە سێیەمین جارە ئەو پەڕاوە دەخوێنمەوە، هەر جارەی دەیخوێنمەوە چەند نهێنییەك

خۆیان ئاشکرا دەکەن و، چەند شتێکی تازەم بۆ دەردەکەوێ، ئەمڕۆ کە لە خوێندنەوەی جاری سێیەمینی ئەو پەڕاوە بوومەوە، بڕیارمدا پیاسەیەکی هەمان گەڕەك و هەمان کۆڵانی ماڵی ناسك بکەم، بۆ تێگەیشتن لە تەواوی ئەو نهێنییەی کە ناسك گیرۆدەی بووەو، دواجار هەر بەو دەردەشەوە سەری نایەوە.

بەو شەقامەدا چوومە خوارەوە، گەیشتمە سەری کۆڵانی ماڵی ناسك کە لایەکی ماڵ و لایەکی گۆڕستان بوو، ئێستە تەواوی ئەو ماڵانە گۆڕاون، دەستکاری کراون، خانووەکان وەکو جاران نەماون و، بەدیکۆر و بۆیەی جۆراوجۆر سەروبیچمێکی نوێ نیشان دەدەن، کە هەر هەست ناکەیت ئەمانە کۆنە خانوو بوو بن، بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێ، ئەوەی هەر وەکو خۆی مابێتەوە، چۆلی و بێ دەنگییەکەیەتی، ئەو هێمنیە قووڵ و سامناکەیە کە خەڵك تیایدا هەست بەترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکات، هەست دەکات هێزێك لە پەنای ئەو بێ دەنگییەدا خۆی حەشار داوە و، مرۆڤ لە راستە رێگە دەترازێنێ.

چەند ساڵێك ئێمەش لەم گەڕەکە گوزەراندمان، ئێمەش لێرە سەروەختێك نوقمی بێدەنگی بووین و، توانیەوە لەنێو ئەو دنیا سامناکەی کە نازانین لە چ چاوەڕوانیەکداین، ئێمەش لەوەتەی لەم گەڕەکە بارمان کردووە، چوار هەوارمان گۆڕیوە، هەر لەم گەڕەکە، بەڵێ هەر لێرە ئێمەش نوقمی ئەو بێدەنگییە بووین و، ئێستەش لەنێو ئەو گەڕەکە جەنجاڵ و پڕ لە ژاوە ژاوانەدا ئۆقرە ناگرین و ناحەوێینەوە، ناسك راست دەکات ئەم گەڕەکە ئەگەرچی گۆڕستانێکی لە ناوەڕاستدایە، بەڵام هەر خۆیشی لە چەشنی گۆڕستانێکە، ئەوەندە هێمنە، ئەوەندە بێدەنگ و ئارامە، هەست ناکەیت لەنێو ئەو خانووانەدا ژیان هەیە، هێدی هێدی لە شەقامەکە چوومە خوارەوە، گەیشتمە راستی ماڵی ناسك، هەڵوەستەیەکم کردو، سەیری ئەو ناوەم کرد، لە شوێنی ماڵی ناسك ئاپارتمانێکی مەزن چێ کراوە، کە هێشتە تەواو نەبووە، بەپاسەوانی ئاپارتمانەکەم گوت حەز

دەکەم لەسەر ئەم ئاپارتمانەوە سەیرێکی ئەم گۆڕستانە بکەم، ئەویش سەری ڕەزامەندی نیشاندا، لەوێوە ڕوانیمە گۆڕستانەکە، ڕوانیم و گەمەی بیلبیلەی چاوم کەم کردەوە، ئەگەرچی مرۆڤ لە سەیرکردنی گۆڕستانەکە و لە ڕوانینێکی بە سەلیقەدا هەست بەئێستێتیکایەك دەکات، بەڵام ئەو ئێستێتیکایە نییە ناخ بەلای نەشئەکانی ڕۆحەوە ببزوێنێ، بگرە بە پێچەوانەوە ئێستێتیکایەکە ناخ نووقمی دنیایەك بێ دەنگی دەکات، دنیایەك لەودیو واتاکانی ژیان، هەموو لەزەتەکانی ئێرە دەسڕێتەوە و، واتایەك بەبەر ئەو سروشتە ڕەنگینەدا ناهێڵێتەوە، کە مرۆڤ لە بەیانی ئەو چاو نوقانەدا ئەگەر تەواویش ڕۆچوو بێتە نێو ئەو یەقینەی لە ژیاندنەوەیەکی دیکەدا، دووبارە دەستپێکردنەوەی سەرەتایەك هەیە، کە بەشێوەو شێوازی دیکەیە، بەڵام دیسان هەر چاوەڕوانی دەبێتە تەمی سەر ئەو شتە ڕاست و ناڕاستەی مرۆڤ لە بەردەم ئایندەو چاوەڕوانییەکی گەورەدا، دەخاتە گومان و، لە سەرێکی دیکەوە حەزکردن بە ژیان، دواجار گەیشتن بەو چاوەڕوانییە، حەزێکە بەردەوامی بەو خودە دەبەخشێت و عەوداڵی گەیشتنە بەو مەرامانەی کە هەموو مرۆڤێك، زاناودانا، نەزان و نەخوێندەوار هەیانە.

ناسك ناهەقی نەبوو لەم گەڕەکە مات و بێ دەنگەو، لەم ڕووانینە قووڵانەی بۆ ئەم گۆڕستانە، وای بەسەر نەیەت، ناسك ئەو کچەی بەدەم دەرمان و قسەی پزیشکان، هەر ڕۆژەی بەهیوایەکەوە دەژیا، دواجار قەڵەوی و دەرمان، لە پەلوپۆیان خست و تووشی ئیفلیجی هات و، زەمەنێك لەنێو جێگەو بالینگان، بەدەم ئەندێشەو خەیاڵە بەربڵاوەکانییەوە گوزەراندی، تا ڕۆژێکیان لە ئێوارەیەکی پڕ لە بێ دەنگی و چاوەڕوانیدا کۆچی ناوادەی بووە هەواڵێکی دڵتەزێن، هەواڵێك کە دواجار هەموو کەسێك دەخاتە بەردەم ئەو چاوەڕوانییەی لە چاوەڕوانی هەمووماندایە، بۆیە مردنەکەی ناسکە لەو بەرەبەیانەدا بووە هەواڵێکی پڕ لە خەم و کۆڤان و لە بەرەبەیانێکی ئاسۆ تەڵخدا ڕاگەێنرا.

هەنگاوەکانم خاوکردەوە و شۆڕبوومەوە نێو گۆڕستانەکە، لە هەر روانین و چاو هەڵێنانێکمدا لەو کێلانەی بەسەر گۆڕی مردووەکانەوە بوو، بیرم لەوەدەکردەوە کە ئێمەش رۆژێ دێ و لـە شـوێنێك، لـە گۆڕسـتانێك دوا یادگارییـەکانمان دەبێتـە هەواڵێك و تەنیا ئەو ساتانەی ئازیزانمان لـە سـەردانی گۆڕسـتاندا وەبیرخۆییمـان بهێننەوە، ئەگینا شتێك نییە مانی تاهەتایەمان بخاتەوە سەر وێردی زمان..

ئای کە سەیرە ئەم دنیایە، لە هـەموو شـوێنی ژاوە ژاو و، هـەراو هەندامـە هەبێت، لەنێو گۆڕستاندا نییە، هەموو کەسێك لە حزووری مردندا سەری دادەنوێ و، بێ دەنگی دایدەگرێ، چجای سەیرکردنی بەردەوامی گۆڕستان کە نازانرێ مرۆڤ بەرەو کوێ راپێچ دەکات!!.

## پاشەکی

ڕەنگە تا ئێستە ئەوە نەزانرا بێ کە ئێوارە لەپێش بەیانییەوەیە، یاخود بەیانی لەپێش ئێوارەدایە، بەڵام هەست کردن بەئێوارەیەك و دەرکەوتنی چاوەڕانیەکە لە بەیانییەکەیدا، ڕێك ئێوارەمان دەخاتە پێش بەیانی، هەر لێرەوە ئەو ئێوارەیەی ڕامانەکان قووڵ دەبنەوەو ئەندێشەکان باڵ دەگرن و گیان لە جەستە جیا دەبێتەوە، بەیانییەکەی لە ئاسۆیەکی تەڵخدا، هەواڵی کۆستێك ڕادەگەیەنێ، کە هەموو مرۆڤێك دەخاتە دنیای ڕامان و بێ دەنگی لەو ڕۆژەی کە هەر هەموومان چاو نووقانی ئەبەدیمانە.

ئەم نۆڤلێتە وەکو (فکر) دەمێك بوو کەوتبووە خولیام، لە نووسینیشدا بەچەند ڕۆژێك ئەم دەقەی لێکەوتەوە، بەڵام مانەوەی بەم شێوەیەو بێ ئەوەی هیوای چاپکردن و بڵاوکردنەوەی هەبێت، تا ڕۆژی ئەمڕۆ وا مایەوە، بەڵام بە هەوڵی چەند برادەرێك پاش هەشت ساڵ تۆزی سەر ئەم تێکستە لادراو کەوتە بەردیدی ئێوەی خوێنەر.

ئـــەم نۆڤلێتـــە لـــە مـــاوەی چـــەند رۆژێكـــدا نووســـراوە، كـــە ئەوەنـــدەی بەپاكنووسینیەوە خەریك بووم، ئەوەندە بەنووسینی ماندوو نەبووم، لـە كۆتاییـدا دەمەوێ بڵێم نووسـینی نۆڤلێـت دنیایـەكی هـێمنی پێویسـتە، ئەمـە سـەرەڕای توانستێكی بێ پایان لە زمان، چونكە ئەم تەرزە نووسینە وەكو ژانرێكی وێـژەیی كەرەسـتەكانی لـە دنیـای شـیعر و چـیرۆك و پەخشـان چـێدەكات و، دواجـار بەزمانێكی زۆر تایبەتی بەخشی دەكاتەوە.

لە كۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم سوپاس بۆ هەموو ئەو دڵسـۆزانەی یارمـەتیان دام و پشتگیریان كردم، چونكە بواری رۆشنبیری ئەگەر هاندان و پاڵپشتی كەسانی لەم جۆرەی نەبێت دڵنیام زۆر خەونی رەنگین ناكام دەبن، بەهیوای سـەركەوتن بـۆ هەموو لایەك.

**شوكر سلێمان**

**هەولێر- ٢٠٠٥**